# ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەری

نیهاد جامي

کەرکووک
2008

ناوی کتێب: ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەری
بابەت: لێکۆڵینەوە
نووسەر: نیهاد جامی
لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووک ژمارە (٩٩)
دەرهێنانی هونەری و بەرگ: ئەنجام سەعید
سەرپەرشتی چاپ: محەمەد سەعید زەنگنە
چاپخانە: ئارابخا
چاپی یەکەم– ٢٠٠٨

# ئةنتؤلؤذياى شانؤى ئةزموونطةرى

# دةستثيك

هەمیشە لەپشت هەر تویژینەوەیەکەوە کۆمەڵێك نووسین و سەرچاوە و تێگەیشتن وەستاوە، بەڵام ئەوەی لەپشت ئەو پڕۆژەیە کاردەکات زیاتر پەیوەستە بەو ڕووبەرە پراکتیکیەی کاری شانۆیمان، ئەوە پەڕینەوەیە لە مەعریفەی شانۆیی لە ئاستی نووسین و تیۆرەوە بۆ خوێندنەوەی ڕووبەری نمایشی شانۆیی، هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی گوتاری ئەزموونگەریمان، قسەکردنە لەسەر ساتەوەختێکی بەردەوام و هەستیاری قۆناغە جیاوازەکانی ئەزموونی شانۆیمان، ئەوە کتێبێکی بیبلۆگرافی نیە، بۆیە فەرامۆش کردنی هەر هەوڵێك و ئەزموونێك پەیوەست نیە بە



ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەری............................ نیهاد جامی

نەخوێندنەوەی ئەو ئەزموونە، بەڵکو ئەو پڕۆژەیە ویستویەتی لە بەشێکی ئەو ئەزموونە شانۆییە نزیك بێتەوە، یا بەواتایەکیتر هەر تەنیا ئەوەندەی لە ئەستۆدا بووە و نەمانتوانیوە زیاتر لەسەر ڕەهەند و ئاسۆکانی تری نزیك بینەوە، دەشێ کەسانی تر لەداهاتوودا ئەو کارە بگرنە ئەستۆی خۆیان، ئەوەی ئێمە لێرەدا ئەنجامان داوە هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ خوێندنەوەی ئەنتۆلۆژی بزووتنەوەی شانۆی ئەزموونگەریمان،

گەڕان و گومان کردن لە مەعریفەی باو هێنانە پێشەوەی پرسیاری جدی شانۆکارە، پرسیارێك توانای ڕزگارکردنی ڕابردووی هەبێت لە ستایش کردن و خوێندنەوەی ڕابردوو لەناو گوتارێکی ڕەخنەیی، مەبەستیش قسەکردنەوەیە لەسەر ئەو ساتەوەختەی کارکردن، تاوەکو بزانین چۆن لەسەر ئایندەی شانۆمان دەدوێین و تێڕوانینمان بۆ ئەزموونەکانی داهاتوومان چیە؟ ئەو پرسیارە پڕۆژەیەکی ڕەخنەیی تیۆریە بۆ نووسینی ئەو کتێبە، بەهۆی ئەوەی نەیویستووە پڕۆژەیەك بێت لەسەر چۆنیەتی لەدایك بوونی شانۆی ئەزموونگەری، بەڵکو خوێندنەوەیەکی ڕەخنەییە بۆ بوونی شانۆکاری کورد لە پڕۆژەی شانۆی ئەزموونگەری و ئامادەبوونی گوتارێکی ئەنتۆلۆژی لە شانۆی ئەزموونگەری، تاچەند سەلەفیەت توانای ئەوەی هەیە لەڕێگەی حیکایەتەوە بەربەست لەبەردەم شانۆی ئەزموونگەری بخولقێنێت؟ ئەوانە ئەو پرسیارانەن دەمانەوێ لەو کتێبەدا بەدوای وەڵامی پرسیارەکانی بگەڕێین، هەر بۆیە هەوڵمانداوە لەچەند

تەوەرێکی جیاواز لەو باسە قووڵ بینەوە، سەرەتا گەڕانەوەیەکی خێرا ئەنجام دەدەین بۆ چەمکی شانۆی ئەزموونگەری، بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت ئەم باسە لەچ تێگەیشتنێکەوە سەیری شانۆی ئەزموونگەری دەکات، ئەوسا دێینە سەر بوونی ئەو شانۆیە لە شانۆی عەرەبی و عیراقی، بەدوای ئەو لەسەر ئامادە بوونی شانۆکاری کورد لە پرۆژەی شانۆی ئەزموونگەریدا بوونی ئەو شانۆکارە لەگەڵ کۆتایی سەدەی بیستەم و ئامادەبوونی لەناو سەدەی بیست و یەك چۆن سەیری گوتاری شانۆ و ڕەسەنایەتی دەکات، لەکاتێکدا جیهان دەرگا لە فرە کولتووری دەکاتەوە و شانۆکاری کورد لەڕێگەی کەلەپوورەوە دەیەوێت دەرگا لەسەر کولتورە جیاوازەکان دابخات، تەوەری دووەمی توێژینەوەکە بەناوی (ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەری کوردی) ە تیایدا لەسەر سەرەتاکانی ئەزموونگەری لە ڕەوتی شانۆ لای کورد و ئەزموونەکان چین، ئەوە بەدوای پۆلین کردنی شانۆی ئەزموونگەری کوردی بۆ سێ قۆناغی جیاواز، دواتر لەتەوەرێکیتردا لەسەر کاریگەری شانۆی بێهودەیی لەسەر شانۆی ئەزموونگەری کوردی دەوەستین، ئەو تەوەرەیان کە بەناوی (ئامادەبوونی شانۆی بێهوودەیی لە پرۆژەی شانۆی ئەزموونگەری کوردیدا) یە، بابەتێکە پێویستی بە کتێبی سەربەخۆ هەیە، بەڵام ویستومانە لەو ئاماژەکردنەدا دەرگا لە پڕۆژەیەکی تر بکاتەوە کە ئەویش پەیوەندی نێوان شانۆی بێهوودەیی و شانۆی ئەزموونگەریە، دەکرێ لەداهاتوودا پڕۆژەی توێژینەوە و کتێبی سەربەخۆی بۆ تەرخان





بکەین، دوا تەوەری ئەو بەشەش دەرگاکردنەوەیەکە لە سینۆگرافیای شانۆ، چونکە سینۆگرافیا شانۆی ئەزموونگەری هێنایە بوون، ئەگەرچی ئێمە ویستومانە بڵێین شانۆی ئەزموونگەری کوردی سینۆگرافیای هێنایە بوون، دواتر لەسەر یەکێك لە ئەزموونەکانی دوای ڕاپەڕین وەستاوین کە نمایشی (وێرانە) یە، بەهۆی ئەوەی ئەم ئەزموونە سینۆگرافیای لە مانای زەخرەفەییەوە گۆڕیوە بۆ ڕووبەرێکی سیمیۆلۆژی.

ئەزموون بەمانای تاقیکردنەوە دێت، تاقیکردنەوەش هەوڵدانە بۆ گۆڕانی شێوەی باو بە دەرەنجامی تازە، ئەوەش ڕازی نەبوونی هونەرمەندی ئەزموونکارە بەهێلی کارکردنی کەسانیتر بۆ ئەوەی نهێنی تازە بدۆزێتەوە، بۆیە ئەزموونگەری لە شانۆدا بونیادەکانی پێشوو دەخاتە نێو سیستمی گۆڕان، کەوابێت ئەو زاراوەیە لە تیۆری (گۆڕان) ی داروینەوە هاتووە.(١) سەبارەت بە گۆڕان و ئەزموون مارتن ئەسلن پێی وایە "شانۆی ئەزموونگەری داینەمۆی گۆڕانی شانۆیە، گۆڕانیش سرووشتی هەموو شتێکە، لەهەموو بوارێکی هونەریشدا تازەگەری بەتوخمێکی گرنگ و زیندوو ناو دەبرێت" (٢) بەڵام نابێ ئەو ووتەیە بمانخاتە خۆشباوەڕی ئاسانکاریی ئەزموون، چونکە ئەوەتە (جیمس ڕۆس ئیفانز) لەو ڕاستیەمان دەگەیەنێت کە ئەزموونگەری شەڕی نادیارە، شەڕێکە ئەنجامەکانی ناڕۆشنن، تەنیا دوای ئەزموونەکە دەتوانین لەدەرەنجامەکانی بدوێین.(٣)

مێژووی ئەزموونگەری لە شانۆدا بەدوو قۆناغی سەرەکی و هاودژ تێپەڕیووە، قۆناغی یەکەم لە سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆوە دەست پێدەکات، کە ئەزموونێکە لەبواری دەقی شانۆییەوە وەدەست دێت، هەرچی قۆناغی دووەمە بەهاتنی توانی ئەزموونی هاودژ بەرهەم بێنێت، لەڕێگەی پرۆسەی خەیاڵ و داڕشتنەوەی بونیادەکانی شانۆوە، بۆ ئەوەی وەزیفەی شانۆ لە کاری ئەدەبی جیا بکرێتەوە، ئەو دوو ئەزموونە چەند هاودژی یەکتریش بن، بەڵام ناکرێ بەیەك مانا ئەویتر بسڕینەوە، هێندەی هەیە قۆناغی یەکەم دەبێت بە ژێرخان بۆ قۆناغی دووەم، واتە دەق وەك پرۆسەی نووسین لەکاری ئەدەبیەوە بێتە خزمەت کردەی دەرهێنان، بۆیە کاتێ ئارتۆ هات بانگەشەی بۆ مردنی دەق نەکرد، بەڵکو ویستی شیعریەتی دەق لە شانۆدا دەربخات، ئەو پێودانگە جوانکاریەی کەبەر لەو فەرامۆش کرابوو، هات دەق بخاتە سیستمێکی تازەی خوێندنەوە، بەوەش ئەزموونی هاودژی بۆ شانۆ هێنا، سەرتاپای شانۆی جیهانی تووشی ڕاچەنینێکی لەناکاو کرد، بەوەش ئەو ڕاستیەی دەرخست کە هەموو ئەزموونەکانی پێشوو درێژکراوەی یەکتری بوون و توانای خولْقاندنی دابڕانیان نیە لەپێش خۆیان، بۆیە ئەمڕۆ شانۆی ئارتۆ بە شانۆی پرسیار دەناسین، چونکە ئەو گومانی لا درووست کردین، گومان پرسیاری ئەوەی لاخولْقاندووین کە شانۆکەی درێژکراوەی هەوڵەکانی پێش خۆی نیە، ئەوەش وایکرد ئەزموونی ئەو نەبێت بە ئەزموونی نووسین، بەڵکو ئەزموونی دەرهێنان بێت، ئەوەش





وەستاندنی مێژووی ئەزموونکاریەتە. بەڕووخاندنی دەسەڵاتی دەق لە شانۆدا، دەسەڵاتی ڕاستەقینەی شانۆ خۆی کەوتە کارکردن، کە ماهیەتی بە جەستەی ئەکتەر بەخشی، ووشەی بە کردەیەکی ناوەکی جەستە گۆڕی، بەوەش هەوڵیدا گۆڕان بەسەر تەواوی پەیوەندیەکانی شانۆدا بێنێ، لەڕووی چێژ و مانا و دەلالەتەوە، تەنانەت شێوەی وەرگرتنی بینەریش لەنێو ئەو زەمەنەی (دیواری چوارەمی) ستانسلافسکی و (تیۆری نامۆبوون) ی برێخت، کە هەردووکیان یەك شێوە بینین گریمان دەکەن، ئارتۆ هات ئەوەشی گۆڕی کە بینین بوو بە پانتاییەکی فراوان کە لە گۆشە و تەختەیەکی دیاریکراو بەند نەکرێتەوە، ئەوەش بووە گۆڕینی چەمکی میتافیزیکی شانۆ، چونکە ئەو چەمکە بەدرێژایی مێژوو پێی وابوو شانۆ لاسایکردنەوەی ژیانە، کەچی ئەو ئەزموونە ئەوەی ڕاگەیاند کە ژیان بۆخۆی لاسایکردنەوەیە. ئارتۆ بەو کارەی شانۆی بردە نێو تێگەیشتنی فەلسەفی، هەموو ئەوانەی بە کێشە و ململانێی فکری لە شانۆدا ناو دەبران و پێش ئەو خۆیان پێیەوە خەریك کردبوو، ئەو هات فڕێیان داتە دەرەوە، بەواتایەکیتر دەبێ ململانێیە فکریەکان لەنێو فکردا کاری خۆیان بکەن، ئەوەش وایکرد کاریگەریەکی مەزن لەسەر شانۆی هاوچەرخ بەجێ بێلێت، لەلایەك پیتەر بروك بۆماوەی ١٠ ساڵ لابۆرێکی بۆ تیۆرەکانی کردەوە، لەلایەکیتریش کەسانێك خۆیان نوقمی نێو تیۆرەکانی کرد، تا هەر لەو ڕێگایەش ئەزموونی سەربەخۆیان دامەزراند، دیارترین ئەو

ئەزمونانەش (شانۆی زیندووی ئەمریکی) بوو، بۆیە شانۆی ئارتۆ بوو بە ڕێگە خۆشکەرێك تا لەدەرەوەی شانۆ بیرنەکەینەوە، بەڵکو لەناو شانۆ خۆی بیرکردنەوە ئامادەبوونی هەبێت، ئەوەش زانستی نوێی بۆ شانۆ بەرهەم هێنا کە تا ئەمڕۆ ئەو زانستە بە شێوە و تێڕوانینی جیاواز ئامادەبوونی هەیە"ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ زانستێکی شانۆییە بەرەنجامی کارکردنی ئارتۆ بوو کە چەمکی سرووت بنەمایەکی سەرەکی ئەو زانستە پێك دێنێت، پەیوەندی نێوان کولتور و جەستە بابەتێکی کەشف کراوی ئەو زانستەیە".





## ئةزموونطةرى لة شانؤى عةرةبيدا (٤)

ئەگەرچی سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆ لای عەرەبەکان لەڕێگەی خۆرئاوا بوو، بەلاّم بۆخۆیان پێیان وایە سەرەتای مۆرکی ئەزموونکاری ئەوان لای (ئەلفرید فەرەج) ەوە دەست پێدەکات، لەڕووی مامەلەکردن لەگەڵ کەلەپوور، ئەوە بووە دەروازەیەك تا نووسەرانیتریش هەوڵی خوێندنەوەی مێژوو بدەن، ئەوانیش "سەعدوڵلا وەنوس، عادل کازم، مەحمود دیاب، ئەلتەییب ئەلسدیقی، یوسف ئەلعانی" بەلاّم بەدەگمەن ڕێك کەوتووە ئەو خوێندنەوەیە بۆ ڕابردوو توانای ئاشکراکردنی نهێنی شاراوەی نێو جەستە و فکری مرۆڤی عەرەبی دابێت، جوانترین نمونە بۆ ئەو ڕابردووە ئەوە بەدوای شکستی حوزەیرانی ١٩٦٨ کە دۆڕاندنی خەونی کۆمەڵگای عەرەبی بوو، تێکستی (بەسەر شۆستەی نەویستنەوە) ی خانمی بەحرەینی حەمدە

خەمیس، بەلاّم هەرچۆنێك بێت ئەو نووسینانە لە قۆناغی داهاتوودا توانرا گەشەی پێبدرێت لە ڕووی دەرهێنانی شانۆییەوە، دیارترین شێوازەکانی دەرهێنان لەلای ئەو دەرهێنەرانە دەرکەوتووە (سەعد ئەردەش، کەرەم موتاوع، جەلال ئەلشەرقاوی، نەجیب سرور، مونسف ئەلسوێسی، جەلال خوری، عەبدولکەریم برشید) بەلاّم ئەگەر بپرسین ئایا شانۆی عەرەبی خاوەنی مۆرکێکی ئەزموونگەری سەربەخۆ و خاوەنی ئەزموونی هاودژە؟ ئەوە دەبێ دلّنیابین کە ئەزموونگەری عەرەبی نەیتوانیووە لە سنوری عەرەبی بوونەوە بپەڕێتەوە بۆ دەرەوەی نەخشەی وولاّتانی عەرەبی، بۆیە نوێگەری عەرەبی خاوەن شوناسێکی سەربەخۆ نیە، چونکە بەیەکداچوونێکی ڕوون لەگەڵ شانۆی خۆرئاوا دەبینین.

شانۆکارانی عەرەب ڕاستەوخۆ هەست بە نەبوونی شوناس لەشانۆکەیان دەکەن، لەدیدارێکدا دەرهێنەری تونسی (مونسف ئەلسوەیسی) زۆر ڕاستگۆیانە دانی پیاناوە (٥) هەربۆیە چەمکی ئەزموونگەری لای ئەوان سنورێکی دیاریکراوی هەیە لەڕوویماناوە، ئەوەتە هەردوو شانۆکار (مەمدوح عدوان) ی نووسەری سوری و (قاسم محەمەد) ی دەرهێنەری عیراقی لەسەر ئەو پێناسە هاوڕان کە "ئەزموونگەری لەشانۆی عەرەبی هەوڵدانێکە بۆ ڕەسەنایەتی دیاردەی شانۆ لەویژدانی بینەر" (٦) ئەگەرچی ئەو بۆچوونە لەگەڵ تێڕوانینەکانی نووسەری سوری (فەرحان بولبول) یەك ناگرێتەوە کە پێی وایە نائومێدبوون لەو "واقیعە





کۆمەلاّیەتی و سیاسیەی عەرەب درامای عەرەبی بەسەریدا سەپاوە کە پێویستیەکە لەسەری تاشێواز و ئامانجە کۆنەکانی بگۆڕێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گۆڕانکاریە نوێیەکان" (٧) بەوەش دەیانەوێ لەو سنورە داخراوە دەرچن بۆ چەمکێکی گشتگیری فراوان، ئەوەش داننانە بەگەمەیەکی بێهودەیی ساتەوەختی کەناونراوە هەوڵی نوێ.

# ئةزموونطةری لة شانؤی عیراقیدا

شانۆی عیراقی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە سەریهەڵداوە، درەنگ بە مۆرکی ئەزموونکاری ئاشنا بووە، بۆیە ئەزموونەکانی شانۆکاری عیراقی لەگەڵ کۆتایی سەدەی بیستەمیشدا نەیتوانی ببێ بە خاوەنی گوتارێکی تایبەتمەند، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ قۆناغەکانی ئەو ڕەوتە بۆ سێ قۆناغ پۆلین بکەین (٨) قۆناغی یەکەم لە (حەقی ئەلشیبلی) یەوە دەست پێدەکات کە بە (نەوەی دامەزراندنی شانۆی عیراقی) ناو دەبرێت، لەو قۆناغەدا هەوڵ دراوە شانۆ بەپێی چەمکە ئەکادیمیەکەی نمایش بکرێت، ئەوەش پەیوەندی بە چەمکی مەعریفی ئەزموونگەریەوە نیە، بەڵکو پیادەکردنی سیستمێکە بۆ شانۆ، نمایشەکانی ئەو قۆناغە توانیان ژێرخانێك بچەسپێنن لەڕێگەی کۆمەڵێك هەوڵی دیکە لەوانە ئەزموونی (ئیبراهیم جەلال) ئەو کارانەش ئەزموونکردن بوو لە چوارچێوەی ئەزموونەکانی ستانسلافسکی، ئەگەرچی تا (جاسم ئەلعبودی) نەگەڕایەوە عیراق ستانسلافسکی وەك تیۆر و پراکتیك نەناسرا. (٩)





ئەوەش زیاتر دڵنیامان دەکات کە قۆناغی نەوەی دامەزراندن بریتی بوو لە کارکردن لەنێو پڕۆژە ئەزموونەکانی ستانسلافسکی، چونکە بە هاتنی (بەدری حەسوون فەرید) یش ئەو شێوازە تەواو ڕەگی داکوتاو، بەوەش یەکەم بەردی بناغە بۆ نەوەی دامەزراندن لە شانۆی عیراقی دانرا، کە بووە هۆی لەدایکبوونی قۆناغێکی نوێ کە قۆناغی (بنیاتی دامەزراندن) ە، دیارترین دەرهێنەرەکانی ئەو قۆناغە بریتین لە (قاسم محەمەد، سەلاح ئەلقەسەب، عەونی کەرومی، عەقیل مەهدی، سامی عەبدولحەمید، فازل ئەلسودانی، سەلیم ئەلجەزائری، جەواد ئەلئەسەدی) هەندێ لە دەرهێنەران هەوڵیاندا بۆ نووسینی دەقی شانۆیی، بۆئەوەی خۆیان نووسەری شانۆگەریەکانیشیان بن لەوانە (سەعدون ئەلعوبەیدی، عادل کازم) دیارە لەو نێوەندە نابێت ناوی یوسف ئەلعانی لە نووسینی دەقی شانۆیی فەرامۆش بکرێت.

ئەم قۆناغە ویستی شانۆ لەنێو سیستمی نمایشەوە بەرەو کەشفکردن کار بکات، بەڵام جگە لە ئەزموونی (سەلاح ئەلقەسەب) ئەزموونەکان تیۆریزە نەکراون، هێندەی گیانی سەرکێشی پاڵنەریان بووە، لەو قۆناغەدا (قاسم محەمەد) ویستی لەسەر کەلەپوور کاربکات، بەوەش خوازیاری ئەوەیە ناسنامەی نەتەوەیی بخاتە نێو نمایشەوە، کە پێش ئەو شانۆکاری مەغریبی ئەلتەییب ئەلسدیقی ئەو ئەزموونەی ئەنجام دابوو، ئەو شێوەیە هەرچەندە مۆرکی ئەزموونکاری پێوەیە، بەڵام ڕەخنەگری شانۆیی (یاسین

ئەلنەسیر) پێی وایە قاسم محەمەد نەیتوانیووە لەسەرجەم ئەو هەوڵانەی سەرکەوتوو بێت بەتایبەت لە (هەبوو.. نەبوو) (١٠) دیارترین ئەزموونی ئەو قۆناغەش ئەزموونی شانۆی وێنەیی (د.سەلاح ئەلقەسەب) ە، کە دەیەوێ لەنێو بونیادی سایکۆلۆژی لای ستانسلافسکی و بونیادی سرووتئامێز و فەلسەفی ئارتۆ وێنەی شانۆیی بنیات بنێت، سەرلەنوێ ماناکان لەنێو چەمکی فەلسەفی ئاڵۆز دابڕێژێتەوە، ئەوەش داڕشتنەوەی پانتایی شانۆیە لەڕێگەی کۆمەڵە موفرەدەیەکی لە چەشنی (چەتر و قوماش و جانتا و ئامێری مۆسیقی و تەلەفۆنی تەلپچڕاو) بۆ ئەوەش دەیەوێ شانۆ لەهەموو ئەو پەیوەندیانە داماڵێت کە پێشتر چێژێکی دیاریکراو پەیوەندیەکانی دەست نیشان دەکرد.

هەریەك لەو شانۆکارانەی ئاماژەمان بۆ کرد ڕۆڵێکی دیاریان لەو مۆرکە ئەزمونکاریەی شانۆی عیراقی بینیووە، لەگەڵ ئەوەی ئەزمونکارانی ئەو قۆناغە بەردەوامن، بەڵام دوا نەوەی ئەزمونکاری کە قۆناغی سێیەمن ئەوانیش (ئەزموونکارە نوێیەکانن) کە دەرکەوتنیان بۆ چارەگە سەدەیەك دەگەڕێتەوە، نەوەیەکن لەنێوان هەردوو جەنگی (عیراق و ئێران) و (عیراق و کوێت) کاریان کردووە، هەربۆیە چەمکی جەنگ لەنمایشەکانیاندا بەڕوونی دەردەکەوێ، یا لەو دەقانە نزیك دەبنەوە کە گیانی بێزاری و تووڕەبوونیان لەخۆ گرتووە، دیارترین ئەزموونی ئەو قۆناغە لەلای (عەزیز خەیوون) لە ئەزمونەکانی (گوڵەکان بۆکێ، ئەگەر، بەخێرهاتنی ئەی





دڵنیایی) کە نائومێدیەکانی مرۆڤی عیراقی تیا دەرخستووە، لەپچڕانی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان و تەسککردنەوەی بوارەکە بۆ هەناسەدان، نمایشی (چیرۆکی خۆشەویستی هاوچەرخ) ی هانی وێنەیەکی ڕاستگۆی ئەو کۆمەڵگاییە، ئەوە لەپاڵ هەوڵەکانی (ناجی عەبدولئەمیر، شەفیق ئەلمەهدی، حەیدەر مونعەسر، حەکیم جاسم، کازم ئەلنەسار) و کۆمەڵێك نووسەری شانۆیی دیار کە وێنەیەکی گەشاوەتریان بەو قۆناغە بەخشیووە ئەوانیش (فەلاح شاکر، عەلی حوسێن، یوسف ئەلسائیغ، خەزعەل ئەلماجیدی، عەبدولستار ناسر)

# شانۆكاری كورد لەهەزارەی سێیەمدا

بەكۆتایی هاتنی سەدەی بیستەم شانۆكاری كورد نەیتوانی گوتارێكی تایبەت بە كاركردنی خۆی دابمەزرێنێ، بۆیە پرۆژەی شانۆی ئەزموونگەری كوردی و شانۆی ئاهەنگسازی و ڕەسەنی كوردی بە پرۆژەی ناكامل مانەوە و توانای گۆڕینیان نەبوو، گۆڕین بەو مانایەی خاسیەتە تایبەت و سەربەخۆكانی ئەو ئەزموونە نەیتوانی بەتەواوی دەربكەوێت، ئەوەش بۆ تەمەنی قۆناغی ئەزموونگەری و هاتنی سەدەیەكی نوێ دەگەڕێتەوە، ئەوەش ئەو پرسیارەی هێنایە پێشەوە كە: ئایا لەكۆتایی هاتنی سەدەیەك و چوونە نێو سەدەیەكی ترەوە، شانۆكاری كورد بەهەمان ڕێڕەو خەریكی هەوڵەكانی بێت، لەكاتێكدا ئەوە بۆهەموومان ڕوون بۆوە كە پرۆژەی ڕەسەنایەتی لەنێو وون بوونی خوێندنەوە تووشی شكست هات، هەر





هەوڵێكیش بدرێ هەمان فاكتەر نمایش دەكەنەوە، چونكە ئەزموونی ئاهەنگسازی باشترین دەرفەت بوو كە بەفۆڕمێكی تازەوە گۆڕان بخولقێنن، بەڵام چونكە ژێرخانێكی ڕۆشنبیری نەبوو، بۆیە فاكتەرەكان خۆیان نمایش كردەوە. لەبەر ئەوەی وەهمی ڕەسەنایەتی (١١) چوارچێوەی كاركردنی ئەوانی داگیر كردبوو، ئەوەش بۆ پرسیاری ئەزموونێكی تازە نەبوو، بەڵكو پرۆژەیەك بوو بۆ زیندوو كردنەوەی وەهمی گوتاری مانەوەی ئەو شانۆكارانە، ئەوەش سەرەتایەك بوو بۆ ئامادە نەبوونی پرۆژەی بنیاتنان، بەڵكو زەمەنی ئامادەبووی مەرگ شوێنێكی لەنێو گۆڕستانەكانی مێژوو بۆخۆی داگیر كردبوو، بۆیە ڕەسەنایەتی ئەو وەهمە هەڵخەڵەتێنەرە بوو كە دەرگای هەموو پرسیارەكانی داخست، بیركردنەوەی خستە ئەو دیو دیوارەكانی تاریكیەوە، ئەوەش ئاراستەی گوتارێك بوو بەدرێژایی سەدەی بیستەم زەمەنی كاركردنی شانۆكاری كوردی كردووە بە (زەمەنی فۆبیا-تۆقین) نەك تەنیا بۆ ئەوان تەنانەت بۆ ئەزموونكارەكانیش، چونكە ڕەوتی ئەزموونكاریەت پرۆژەی نوێگەری و داهێنانی گرتبووە خۆی وەك لە درووشمەكانەوە دەیانویست كاری بۆ بكەن، بۆیە زیاتر پێ لەسەر تێڕوانینە ئەزموونكاریەكان دادەگرین.

نەنگی نیە ئەگەر ئەزموونكارەكانی شانۆی كوردی نەیان توانیبێت خۆیان لە كاریگەری ئەزموونەكان جیا بكەنەوە، چونكە لایەنێك بەرپرس نیە، بەڵكو كێشەی هەمووانە، ئەوەتا گوتاری كەلەپوور لەبەردەم جیهانگەرایی

تووشی شکست هات و گۆڕانکاریەکانی جیهان (گوتاری مانەوە) یان لێ سەراوژێر کرد بۆ (گوتاری هاودژ)، چونکە بەر لە کۆتایی هاتنی ئەو سەدەیە ئەوەمان بۆ یەکلابۆوە کە شوناسی ڕوشنبیری لە سنورێکی بەرتەسك نەمایەوە، کاریگەرترین وێنەش کە کۆمەڵگای کوردی ڕاستەوخۆ بەخۆیەوە بینی سەتەلایت و کۆمپیوتەر بوو لەناو ماڵەکانماندا، بەوەش شانۆ لە دامەزراوێکی کۆمەلآیەتی نەتەوەیی گوازرایەوە بۆ کردەی هونەرێکی جیهانگەرایی، جارێك کەمێك ئەو باسە دوا دەخەین، دەگەڕێینەوە سەر پرۆژەی دامەزراندن، کە لە بەرامبەر ڕەسەنایەتی هەڕەمی شانۆی ئەزموونگەری کوردی هەبوو، دیارە ئەو ناونانەی گوایە بە هەردوو نمایشی (لە چاوەڕوانی سیامەند) و (ئەوەل سەحەرە) شانۆی ئەزموونگەری کوردی لەگەڵ کەلەپوور ئاشت بۆتەوە، زیاد لەوەش دەوترێت گوایە ئەو گەڕانەوەیە لەژێر کاریگەری شانۆی ئاهەنگسازی کوردیەوە بووە، بەمانای ئەوەی ئەوان پاشگەز بوونەتەوە، ئەوە ئاشت بوونەوە نەبوو لەتەك کەلەپوور، بەڵکو تێگەیشتنی جیاواز بوو لەتەك چەمکی ڕەسەن بەوەی ڕەسەنایەتی بۆ ئەوان کورت کردنەوە نەبووە بۆ دیمەنی مۆزەخانە هێندەی خولقاندنەوە بووە، بەمانای ڕەسەنایەتی گەڕان و پشکنینێکی کولتوریە نەك نمایشکردنەوەی فۆلکلۆر، "ڕەسەنایەتی هەرگیز قالبکاری لەخۆناگرێ، بەڵکو هەمیشە لە گۆڕانی بەردەوامدایە لەبواری هاوچەرخێتیەوە، چوونە قۆزاخە و دەرگا لەسەر خۆ داخستنیش





دەبێتە هۆی جۆرە ڕووکەشی و لەقالبدانێك، کەواتە هەر لێرەوە دەبێت توانای ئەوەمان هەبێت کە سوود لە هەموو لایەنەکانی پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چوون وەربگرین نەك تەنیا پشت بەستن بە ڕابردووەوە، چونکە مەرج نیە ئەوەی لە ڕابردوودا ڕووی دابێت پیرۆزە و شایەنی ژیان و بەردەوام بوونی هەیە" (١٢) بۆیە لە بێزار بوون لە ڕەسەنایەتی و مانا کۆنکرێتیەکانی، ئەزموونگەری وەك گوتاری بەرامبەر کاری کردووە، لەوەش ویستویەتی لەدەرەوەی ئەو مانایە کار بکات، کە (تەبا) کان نەگۆڕین، بەڵکو دەیەوێ (ناتەبا) لەشوێنیدا دابنێ، بەوەش سنوری ئەو دوو دەستەواژەیە سنورێکی بەرتەسکی نێو ئەو ڕەوتە دەمێنێتەوە، چونکە نابێ بە خاوەنی گوتاری تایبەتمەند، بەقەد ئەوەی بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێ بۆ ڕزگاربوون (١٣) چونکە هەموو ئەو چاوگانەی ئەو دەیهێنێتە نێو ئەو پانتاییەوە لەشانۆی جیهانیدا بۆشاییەکی دیاریان لە شانۆی هاوچەرخ داگیر کردووە، ئەو دێت بە وەرگرتنیان دەیەوێ لەو چوار چێوەیە گۆڕینێك بێنێتە کایەوە، بەلاَم پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا گۆڕان ڕوویدا؟

ڕزگاربوون لەمانا نۆستالۆژیەکانی ڕەسەنایەتی هەوڵدانێکی هۆشمەندانەیە بۆ ڕێگەدان بە شێوە و ئەزموونیتر کە تا ساتەوەختی ئەزموونکارەکان لەناو یەك واتا دەسوڕانەوە کە (چی دەڵێین) ی نمایش بوو، بۆیە ئەزموونگەری ئەو دەستەواژە تەبا و سواوەی گۆڕی بە پرسیار، چونکە لای مەبەستە کە دەبێ چی بکەین لە شانۆدا؟

ئەو پرسیارە دەرگای لەزۆر ئەزموونی شانۆیی کردەوە کە ویستی سنوری دەقی شانۆیی پێ ببەزینێ، بەوەی لە پانتاییەکی ناتەبادا کۆمەڵە مانای تازە بدۆزێتەوە، ئەوەش کاری شانۆکارە ئەزموونکارەکانی لەڕازیبوون بە ماناکانی نووسەر گۆڕی بۆ دۆزینەوەی مانای نەووتراو، بەوەش زەمەنی دەرهێنەر گۆڕاو، هەولێدا ڕازی بوون ڕەتبکاتەوە و دەرگای هزری ئاوەلا بکات، ئەوەش یەکێکە لە خاڵە سەرکەوتووەکانی ئەزموونکارانی شانۆیمان کە بوو بە ژێر خان بۆ ئەزموونی هاودژ، ئەگەرچی لەو قۆناغە نەیتوانی ئەزموونی هاودژ بەرهەم بێنێت، بەڵکو دەرگایەکی کردەوە بۆ ئەزموونەکانی دوای خۆی، کپ بوونەوەی هەوڵەکانی دوای ئەوان بەهۆی ڕاپەرینی بەهاری نەوەت و یەك ، کۆمەڵێك هۆکاری ئابوری و کۆمەلایەتی و دەروونی هەبوو، کە کەسانێك بە کۆتایی ئەزموونگەری لە شانۆ ناوی دەبەن، بەلام هۆکاری ڕاستەقینەی چیە؟ ئازادبوونی کۆمەڵگا لەسایەی هەر شۆڕشێکدا، کۆمەڵێك بونیادی تازە دێنێتە نێو کۆمەڵگا، کۆمەڵێك بونیادی تریش پەك دەخات (١٤)

ئەوانەی ویستیان بەهەمان ئارایشتی میکاڤیلیانە سیمای چرچ بوویان لەو بۆیە خۆڵەمێشیە بسڕنەوە و جارێکی دی ڕەنگی بکەنەوە تا بێنەوە سەر شانۆ، هەڵبەتە بەو کارەش ئاستێکی لاوازیان لە ڕەوتی شانۆ نیشاندا، بەهۆی ئەو حالەتە دەروونیەی کۆمەڵگا ناتەبا بوون فرێ درایە نێو دەرەوەی هزر، ئەوەش بۆخۆی وەستانێکی کورتخایەن بوو، ئەوانی





بونیادی ئەزموونکاریان لە جەستەی شانۆ بە دوژمنی خۆیان دەزانی، مردنی ئەو بونیادەیان ڕادەگەیاند و خۆشیان دەهاتن لەسەر بونیادی مردووی ڕەسەنایەتی و سۆزداری ڕاپەرین کاریان کردو دوور لەهەر چەمکێکی هونەری بەرهەمەکانیان دەرخست، بەوەش دەیانویست دەسخەرۆمان بکەن، بەوەی ئازادی دەبێ هێما و ئاماژە نەهێلێ و دیموکراسی پرۆژەیەکە.. چیمان دەوێ لەشانۆدا بەڕەوانی بیگەیەنین، ئەوان بیریان لەوە نەکردەوە.. کە بەدوای ڕاپەرین بەرەو سەدەیەك دەچین کە جێگای ئاسوودەیی نیە بەو شانۆیە بچینە ناویەوە، بەڵکو ئێستاش بیرناکەنەوە و خۆشیان پێ گەورەیە و ناوی ڕەسەن و هونەرمەندی گەورە لەخۆیان دەنێن، شانۆکەشیان بووە بە ڕادیۆیەك و هەر هاواری ئەکتەرە دەنگ قلمیچەکان دەبیستین.. گوێمان لەقیژە دەبێ و هیچ نابینین، لەگەڵ چەپڵەی خۆیان دەپرسین ئەوە شانۆ یوو؟ بەو شانۆیە و ئەو ئاستەوە هاتنە نێو سەدەی تازەوە؟

ئەوەی دەبێ بە پرسیار لای هەر شانۆکارێکی بە ئاگا ئەوەیە، چۆن شانۆکاری کورد دێتە نێو ئەو گۆڕانکاریانەی جیهان؟ ئایا بەردەوامبوون لەسەر هەمان گوتاری وەرگیراوی پێشووی بەردەوام دەبێ؟ بۆیە ئەو دەبێ بەدوای ئەو پەیوەندیانە بگەڕێت کە پرسیاری مرۆڤی کۆمەڵگای تێدا حەشار دراوە، ئەوەش لە پرسیاری سادەوە دەبێ بازداتە سەر پرسیاری فەلسەفی و گۆڕینی زەمەنی بیرکردنەوەی شانۆکارە، کە بۆخۆی تووشی

**دابڕانێکی فکری گەورە دێت، بەوەی ناتوانێ لەسەر هەنگاوە لەسەرخۆکانی بەردەوام بێت، دەبێ لە تێڕوانینێك بۆ ئەو مێژووە.. پەیوەندیەك لەگەڵ تێڕوانینە فکری و فەلسەفیەکانی جیهاندا درووست بکات، ئەو گۆڕانکاریانەی سەراپای گەردوونی گرتەوە و زانستەکانی لەناو بازنەی مەعریفەی ڕەخنەیی کۆکردەوە، شانۆ ویستی لەو گۆڕانکاریانە سوودمەند بێت، ئەگەر ئەو گۆڕانکاریە تیۆریە لە سەدەی بیستەمدا بە شانۆ ئاشکرا کرا بێت و ئێمە لێی بێئاگابین، ئەوە بە کتێبەکەی فۆکۆیاما دەبێ بیکەین بە مەترسی لەبەردەم شانۆدا، نەك بەوەی ئەوە نووسینێکی فەلسەفیە، بەڵکو لەترسی شەپۆڵی تەکنەلۆژی و سەدەی تازە و سەدەی ماڵوێرانی، داریوش ووتەنی "ساڵی ڕووخان ساڵی دابڕان ساڵی ڕاکردن و چاوەڕوانی، وەرزی پشکوتنی ئاسن ساڵی ڕەشی دووهەزار"**

**بۆیە ئەوەی دەبێتە جێگەی پرسیار ئەوەیە، لەم سەدە تازەیەدا شانۆکاری کورد میکانیزمی کارکردنی چیە کە گوتاری مانەوەی پێ بگۆڕێت؟ ئایا درێژە بە هەوڵەکان دەدەین، یاخود لەجیهانێکیترەوە کار دەکەین ؟ ئەو پرسیارە بۆخۆی دەمانهێنێتە نێو باسێکی قووڵ، بۆئەوەی هەوڵەکانی پێشوو ببێتە دەروازە و ڕێگا خۆشکەرێك بۆ (ئێستا) مان، کەواتە پرۆژەی ڕەسەنایەتی و ئەزموونگەری تەنیا دوو ڕێگای نیشاندان بوون بۆ کارکردن، تا بەر لە کۆتایی سەدەی بیستەم میکانیزمی کارکردن بدۆزینەوە، کاتی ئەوە هاتووە بۆ جیهانگەرایی ئەو گوتارە کار بکەین، تاوەکو شانۆ لەنێو**





**گۆڕانە تەکنەلۆژیەکان نەبێتە هونەرێکی مردوو، چونکە شانۆ لەکاتێکی وادا دەکەوێتە دووڕیانی مردن وەك پرۆژە و ڕزگارکردن لەو پرۆژەیە، بێگومان بێدەنگبوون بۆخۆی مردنێکی ڕاستەوخۆیە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ شانۆکاری کورد خۆی لێ بێدەنگ کردووە، بە پاشەکشەی ڕەسەنایەتی کۆتایی بەهەموو ڕێگاکانی هێناوە، کەچی لەناوەوەدا تووشی داڕزان و مردن هاتووە، پرۆژەی ڕزگاربوون لە مردن چیە؟ چۆن مردن دەگوازینەوە بۆ ژیان؟ ئایا کۆتایی مێژوو کۆتایی شانۆ بوو؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە دەمانهێنێتە نێو باسێکی فکریەوە، بەوەی مێژوو لەدەسەڵاتی قەدەری خۆیدا چۆن بونیادەکانی شانۆی ئێمەی لەنێو خانەکانی گەشەکردندا ووشك کردووە؟ بۆیە گواستنەوەی مردن و وێناکردنی (وێنەی ژیان) لەبری ئەو زیندووکردنەوە و گەشەکردنی بونیادێکی تازەیە بۆنێو ئەو خانەیەی نەزۆك بووە و دەمانەوێ بکەوێتە گەشە کردن و چیتر بێئیرادە نەبێ تا تووشی ئیفلیجبوون بێت، ئەوەش پێویستیەکی نێو هەر شانۆیەکە، کە بیەوێ درێژە بەخۆی بدات، بەتایبەتی بۆ ئێمە کە لەنێو شکستی بونیادەکانی شانۆکاردااین نەك شانۆ خۆی، چونکە لەناوەوەی کردەی شانۆکارەوە سەیری شانۆمان کردووە و نەمان توانیووە ئەندێشەکانی شانۆ بکەینە خەمی خۆمان و لەتەك بونیادەکانی.. شانۆمان بە بەتاڵی هێشتەوە، ئەوەش بووە مایەی ئەوەی کە ئێستا دەبینین، چونکە لەبری ئەوەی ئەزموونی بەرز بخولقێنین، ویستمان شانۆ وەڵامی پرسیارە سیاسی و**

**کۆمەڵایەتیەکانمان بداتەوە، کەواتە بۆخۆمان ویستومانە یەکەی زیندووی شانۆ بکوژین، بەوەی پرسیارمان ئاراستە نەکات، بەڵکو وەڵامی حازر بەدەستمان پێ بدات، بەو ناوەی دەبێ شانۆ قوتابخانە بێت و ئامۆژگاریمان بکات، ئەو کارەش بە زیانی بونیادە ناوەکیەکانی شانۆ کەوتەوە، سەرباری ئەوەی دەسەڵات لە کۆمەڵگای سەرکوتکراودا هەر هێندە شانۆی دەوێت تا لەخزمەتی دەسەڵاتدا بێت، هەر کاتێك لەبەرژەوەندی ئەویشدا نەبوو، یاخود کاری پێ نەما ئەوە پشت دەکاتە ئەو دامەزراوە، چونکە مەترسی ئەوەی لێ دەبێت کە بۆخۆی ببێ بە دەسەڵاتێکی ڕۆشنبیری سەربەخۆ و ئەمجارە بەهەمان بڵندگۆی ڕاگەیاندنی ئەو هاتبوو، دەسەڵات بخاتە ژێر کۆنتڕۆڵ و ڕەخنەوە، بۆیە لە ڕق و هەڵچووندا داوای ئەوە ناکەین کە شانۆ بکەین بە کێشەی دەسەڵات، چونکە ئەوە زیاتر کێشەیەکی فکریە لەوەی شانۆیی بێت، شانۆی ئێمە شانۆیەك نەبووە هەڵگری فکرێك بێت، بۆیە پێویستە وەك هەنگاوی سەرەتا شانۆ بناسین، چونکە ئەوەی ناسیومانە شانۆ نەبووە، بەڵکو ڕازیکردنی کەسانێك بووە، بۆیە پێویستە بزانین وەزیفەی شانۆ چیە؟ ئەوە ئەو پرسیارە ساکارە بوو کە شانۆکاری کورد خۆی پێ دەسخەرۆ دەکات، بەڵام ئەگەر ئەو پرسیارەمان لەنێو چاوگەی ڕۆشنبیری شانۆیی وەڵام بدابایەوە، شانۆمان وەك هونەرێك سەیر بکردبا، نەك بە شوێنی ئایدیۆلۆژیا، ئەوسا دەمانتوانی پرسیارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیش بخەینە نێو شانۆوە تا وەڵامەکان لە پڕۆسەی بە**





**شانۆکردن بگۆڕین بۆ پرسیار، بەڵام ئێمە هاتووین ڕاستەوخۆ پرسیاری ڕۆژئاگەریمان گواستۆتەوە سەر شانۆ، چیمان کرد لەو کارەدا؟ وەڵاممان گەورە کرد و پرسیارمان کوشت، کوشتنی پرسیار کوشتنی شانۆیە، چونکە بە کوشتنی پرسیار ئێمە دەچینە نێو سەدەیەك کە جگە لە ئەکتەرێکی پیری ماندووی سەر شانۆی لە چەشنی کارەکتەری (ڤاسیلی) گۆرانی چایکای چیخۆف هیچی تر نین، هۆیەکەش ئەوەیە سەتەلایت لەنێو ماڵەکانماندایە، بەوەش بینەر لە شانۆدا دوورە پەرێز دەبێت، چونکە هەستی هونەری بینەری کوردی بۆ هۆڵی شانۆ نەیهێناوە، بەڵکو شکستی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان خزاندویەیتە هۆڵی شانۆوە، لە ڕۆژگارێکدا کە تامەزرۆ بوو لەناو هۆڵەکاندا خۆی بەتاڵ بکاتەوە، لەڕووی پەیوەندیە خودی وکێشە ڕامیاریەکان، بە ئازادبوونی لە ڕاپەرین ئەو کێشە سیاسیە نەیهێنایەوە نێو هۆڵەکان، چونکە پێویستی پێی نەما و ئەوەی بۆی هات ئەندێشە خودیەکان بوو، بۆ ئەوەی وێنەکانی عەشق و گرفتەکانی خێزانی بۆ چارەسەر بکات، ئەوەش زۆری نەبرد و لەگەڵ هاتنی سەتەلایت بۆ نێو ماڵ و بازار و گازینۆ و دوکان و فەرمانگە، ئەویش پێویستی بە هۆڵی شانۆ نەما، چونکە ئەمجارەیان لەبری ئەوەی بەدوای شانۆگەریەکی کۆمیدیدا بگەڕێت، ئەوە شانۆی کۆمیدی دەچێتە ناو ماڵیەوە، لەبری ئەوەی ئەکتەرێك بەزۆر ختوکەی بدات، سەیری شانۆگەریەکی عادل ئیمام دەکات، تەنانەت کەسێك ئارەزوو لە شاکارەکانی شکسپیر بکات، ئەوە**

بەهۆی ئەو ئامێرەوە سەیری دوا ئەزموونی دەرهێنەرێك دەكات لە شالیر یا هاملێت.

ئەوەش بەهۆی ئەو تێگەیشتنە لەلای درووست بووە كە دەرهێنەری كورد خوێندنەوەی بۆ دەق نیە، كە بەرهەمی جوانیش لەنێو ماڵەكەی خۆی ببینێ.. ئەوا پێویستی بەنێو هۆڵی شانۆ نیە، بۆیە پێویستە شانۆكاری كورد لەو سەدە تازەیەدا هەوڵی خولڤاندن و بنیاتنان بدات لەڕێگەی وێرانكردنی سیستمی پێشوو، بەوەی كارێكی تازە دەربخات و تیایدا هەوڵی دۆزینەوەی پرسیارەكانی خۆی بدات، پرسیارەكانی خۆی نەكوژێت، تەسلیمی دەسەڵاتی ووشە نەبێت، واتە ئەو واز لەپرسیارەكانی خۆی نەهێنێ لەپێناو پرسیارە فەلسەفیەكەی هاملێت، بەڵكو هەوڵ بدات پرسیارەكانی خۆی لەنێو هاملێتدا بدۆزێتەوە و مانایەكیتر بۆ پرسیارەكان بخولڤێنێ، كە وەرگر دركی بەو پرسیارانە نەكردووە، بەوەش شانۆی ئەو سەدەیە دەبێ بە شانۆی پرسیار، بە پرسیار لە شانۆدا، وەرگر ئەركی شانۆی لەو سەدەیە بۆ ئاشكرا دەبێ، ئەوسا جیا دەبێتەوە لە تەسلیم بوون بە گریمانەی خوێندنەوەی دەق، وەرگریش ناچار دەكات بە ئاگاییەوە ڕووبكاتە هۆڵی شانۆ و لە خۆ ئامادە كردندا بێت بۆ بەریەككەوتنی پرسیارەكانی (نمایش/ وەرگر).

ئەوسا ئەو بەدوای ڕەهەندی قووڵی مانا بگەڕێ، ئەوەش وای لێدەكات بزانێ كاری شانۆ چیە كە كارێكە وەك سینەما و تەلەڤزیۆن تەسلیمی





شەپۆڵی تەكنەلۆژیا نابێ، بەڵكو لە ئاگایی مرۆڤەوە بەدوای دۆزینەوەی پرسیاردا دەگەڕێت، ئەوەش بەو ئاسۆیەی دەگەیەنێ كە ئەو لەهۆڵی شانۆ پێی دەگات، لەوێ پێناسی فیكری دەست دەكەوێت، گرێ دەروونیەكانی بۆ ئاشكرا دەبێت و دەزانێ جەستە ڕۆڵی مردووی دەتوانێ بگۆڕدرێتە سەر چ بەهایەكی فەلسەفی، ئەوە سەرباری تێگەیشتن و بینینی فەلسەفی لەیەكەی هارمۆنیدا.

# کۆتایی مێژوو.. کۆتایی شانۆ

ئایا سەدەی تازە سەدەی کۆتایی مێژووە؟ فۆکۆیاما بەر لە کۆتایی سەدەی بیستەم کۆتایی مێژووی ڕاگەیاند و دواتر بە ووتارێك پاشگەز بوونەوەی خۆی نیشاندا، بۆیە وەستان لەبەردەم ئەو تێزەدا پێویستی بە پرسیاری ئەوەیە بووترێ: ئەو چۆن هات؟ بارودۆخی هاتنی کاریگەری هەبوو یا بۆخۆی لە تاریکیەوە هات؟ ڕووخانی یەکێتی سوڤیەتی پێشوو دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ هاتنی تا ڕووخانی ئەو بلۆکە بۆ ئەو تێزە ئایدیۆلۆژیە هەڵبقۆزێتەوە، بەوەش ویستی دیموکراسی خۆرئاوا بە وێنەی فریاد ڕەس پێمان بناسێنێ کە بەختیاری دەبێ بە پڕۆژەی ئایندەمان، بەوەی ئەوەی ڕوویدا ئەوە شکستی مارکسیزمە، کەچی ڕووخانی سۆڤیەت لەهیچ تێڕوانینێکدا کۆتایی هێنان نیە بە مارکسیزم، چونکە ئەگەر سۆڤیەت بکەین بە نموونە، ئەوە تەنیا ئەوەندەیە کە ئەوان قۆناغی مێژووییان بازدابوو، واتە لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکیتر نەچوو بوو، ئەو بازی بەسەر سەرمایەداریدا، لەنێوان فیودالیزم و سۆسیالیزم ئەوەش سەرەنجام بووە هۆکاری شکستەکەی.





هەرەس هێنانی سۆڤیەت شکستی ناوەکی گوتار بوو، گوتاری دەرەکی ئەمریکا وەك باڵی سەرمایەداری نەبوو، تا فۆکۆیاما لەژێر ڕۆشنایی ئایدیۆلۆژیایەکی داڕێژراو لە بەرگی فەلسەفەدا بۆ سەرکەوتنی ئەمریکیەکان بیگەڕێنێتەوە "لە ئەمریکا گەورەترین سەرکەوتن لەگەڵ کۆتایی سەدەی بیستەمدا هاتە دی، لەناو بردنی کۆمۆنیزم و لێدان لە عیراق، ئێستا هیچ کەس گومانی نیە کە ئەمریکا گەورەی جیهانە، ئێمە بەهێز و مەزنین" (١٥)

بۆ ئەوەش مەبەستیەتی تاکتیکی ئەمریکامان پێ نیشان بدات کە تاکتیکێکی سەرکەوتوو بووە، هەربۆیە پێی وایە بەدوای فڕێدانی بەرگی کۆمۆنیزم لەلایان ڕووسیا و وولاتانیتر دەیانەوێ بە ئەمریکا بگەن، مەبەست لە دیموکراسی لیبراڵیە، بەڵام ئەو لەهەموو کەس باشتر دەزانێ ئەوەی دەیلێت تەنیا تاکتیکی سەرمایەداریە بۆ جیهان، هەر بۆیە مەترسی و سەرهەڵدانەوەی کۆمۆنیزم دەبینێ، لەناو بیرکردنەوەی خۆیدا ترسێکی کوشندەی هەیە، بۆیە سەرهەڵدانەوەی فکری مارکسیزم وەك قۆناغی ڕزگار بوونی بەشەری بە ئەگەرێك دادەنێ کە لەهەر وولاتێکیتر سەر هەڵبدات، بەڵام دەیەوێ وا نیشان بدات کە سەرهەڵدانەوەی دەبێتە کارێکی بێ ڕێکخستن و جۆرە ئاژاوەیەك، بۆ ئەوەش دەیەوێ پێمان بڵێ گەڕانەوە بۆ کۆمۆنیزم هەڵەیەکی بێ ئەنجامە و نابێ بیری لێ بکرێتەوە، ئەو دەیەوێ دیموکراسی لیبراڵی ئەمریکیمان لەبڕی کۆمۆنیزم بۆ پێشنیار

بکات، ئەو دیموکراسیەی تازەترین دەسکەوتی تراژیدیا ترسناکەکانی کۆمەڵگای مرۆییە.

ئەگەر ئەو سەرەتایە بکەین بە ناسینێك بۆ کۆتایی مێژوو کە دیارە نامانەوێ هیچ شتێکی ئەوتۆ لەسەر ئەو کتێبە دەربڕین، چونکە ئەوە پەیوەندی بەو کتێبەی ئێمەوە نیە، ئەوەی دەمانەوێ تەنیا ئەوەیە، ئەو تێزە بەراوورد بکەینەوە بە شانۆ، ئەو پرسیارە بکەینەوە کە کۆتایی مێژوو.. کۆتایی شانۆ بوو؟ کۆتایی شانۆ بە مانای چی؟ کۆتایی شانۆی ئەزموونگەری یاخود شانۆ بۆخۆی لەو سەدەیە کۆتایی دێت؟ ئێمە ووتمان شانۆ دەبێ خۆی لە تەکنەلۆژیا دوور بکاتەوە، چونکە کاتێ تەختەی شانۆکان تەکنیکی پێشکەوتوو بەخۆوە دەگرن و تەختەکان دەسوڕێن و ڕووناکی پێشکەوتوومان بۆ دێنن، ئەوە بۆ پێشڤەچوونی شانۆ نیە، بەڵکو بۆ فۆتۆکۆپی شانۆ و پەراوێز بوونەیەتی بە سینەماوە، ئەوەی زوو بروك هەستی بە مەترسیەکانی کرد کە تەکنەلۆژیا ماهیەت لە شانۆ وەردەگرێتەوە، بۆیە سەری خۆی هەڵگرت بۆ لادێیەکی دوورە شار کە شانۆیەکی کۆنی تێدا بوو، خاوەنی هیچ تەکنیکێکی پێشکەوتوو نەبوو لەوێ چەند ئەزموونێکی شانۆیی ئەنجامدا، ئەو هەڵبژاردنە هەست کردن بوو بە مەترسی تەکنەلۆژیا، ئەوەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە سەدەی بیست و یەك کۆتایی شانۆ نیە، چونکە شانۆ هونەرێکە بەردەوام دەچێتە نێو پرۆژەی نوێگەریەوە، هەرچەندە ئەوەش بۆخۆی وەلامی پرسیارەکەی





ترمان دەداتەوە کە شانۆی ئەزموونگەری کۆتایی نەهاتووە، چونکە ئەزموونگەری هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ئەزموونی نوێ، ئەوەش نایەڵێت کۆن بێت و وێستگەیەك بدۆزێتەوە بۆ سنوردانان.

جارێکیتر پێ لەسەر ئەو خاڵە دادەگرینەوە کە شانۆی ئەزموونگەری سنوری نیە، چونکە هەر ئەزموونێك کە ناوی شانۆیەکی لێ دەنرێ، واتە ئەو شانۆیە لە دانانی تایبەتمەندیەکان چیتر ئەزموونگەر نابێت، شانۆکار تا ئەو ساتە ئەزموونگەرە کە لەناو ئەزموونەکەیدا لەسەر خاڵەکان ناوەستێ، وەستان لەسەر گریمانەکان سنوری ئەزموونگەری نیە، بەڵکو سنوری شانۆکارەکەیە بۆ ئەزموونەکەی، هەڵەیەکی گەورەیە ئەزموونگەری وەك شانۆ و ئەزموونکار وەك شانۆکار تێکەڵ بکەین (١٦) کەواتە ئەگەر لەڕوانگەی فۆکۆیاما وە (کۆمۆنیزم) بە (ئەزموونگەری) بشوبهێنین و (ڕەسەنایەتی) بە (دیموکراسی) بزانین، ئەوسا دەبێ وەستانی تەوژمی ئەزموونکاری بەهۆی ئەو بارودۆخەی ڕاپەرین نەکەینە شکست وەك فۆکۆیاما ڕووخانی بلۆکی سۆڤیەتی بە شکستی کۆمۆنیزم ناو دەبات، بەڵکو ئەوە پەیوەستە بە قۆناغی مێژوو، ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەلایەتیەی شانۆکارەکان تێیدا دەژین، ئەو قەیرانە فکریەی خولی تێدا دەخۆینەوە، ئەوە پەیوەندی بە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانی شانۆکارەکانەوە هەیە نەك بە ئەزموونگەری، قۆناغی ڕاپەرین ئەزموونی بەرزی نیشاندا، ئەو ئەزموونانەی لە قۆناغی ئازادیدا نەبوونە شکست، بەڵکو گرێدراوی پەیوەندیەکان بوون.

ئایا ئەزموونگەری شکستی هێنا تا گەڕانەوە لێرەو لەوێ بۆی هەوڵێکی بێ ئەنجام بێت؟ وەك لە کۆتایی مێژوودا گەڕانەوەی کۆمۆنیزم لەچەند ناوچەیەك بەهەوڵێکی نارێکخراو بوون پێناسە دەکرێت؟ دەیانەوێ بە واز هێنان لە ئەزموونگەری سەدەیەکی تریش لەناو نائومێدی خۆمان غەرقی ڕەسەنایەتی بکەینەوە، خۆ ئێمە نەمان ووت ئەزموونگەری کوردی فریادڕەسی ئێمەیە، بۆیە میکانیزمی کارکردن لە سەدەی تازە سەرکەوتوو نیە، ڕێك بۆ ڕەسەنایەتیە خوازەکانیش کە دەبێ بیر لە میکانیزمی گۆڕان بکەنەوە.. میکانیزمی ژێرخان، چونکە گوتاری خۆماڵیبوون کەوتە بەر هەرەس هێنان، بەڵام ئەوان ئەو کارە ناکەن، دوا میکانیزم شانۆی ئاهەنگسازی بوو، کە لەدووەم پلیکانەدا ناسنامەی مردن و ڕازاندنەوەی کەلەپووری بەیان کرد، بەڵام ئەوە چ شانۆیەك بوو؟ چی بە ئێمە بەخشی و چۆن پێ دەنێتە نێو سەدەی تازەوە؟ ئایا ئەوە بۆخۆی کۆتایی هێنان نیە بە شانۆ؟

بۆ ئەوەی کۆتایی مێژوو نەبێ بە کۆتایی شانۆ، ئێمە پێویستمان بە ئەزموونی هاودژە، ئەزموونێك بوێر بێت و ترسنۆك و شەرمن نەبێت، دواجار نەگەڕێتەوە دواوە، هیچ ئەزموونێکی پێش خۆشی بە نموونەی باڵا بۆ وەرگرتن تەماشا نەکات و داوای هاوکاریان لێ بکات، بەڵکو بۆخۆی هەوڵ بدات چوارچێوەکان بشکێنێ، نەگەڕێتەوە ناو بونیادەکانی خۆی، چونکە ئەو ئەزموونە دەتوانێ دژی ئەو تەوژمە بێتەوە کە لەناو کەلەپوور





و بەیاننامەی ئەزموونێکی دەست نیشان کراو کار بکات، هەر بۆیە دەبێ ئەزموونگەری وەك تەوژمێکی مێژوویی ببینێت، بۆ ئەوە دەبێت ئەنتوان ئارتۆ بکات بە تارماییەك لەسەر کۆتایی مێژوو، نەك بۆ ئەوەی لەناو ئەزموونەکانی خۆیدا هەوڵی درێژ بوونەوەی ئارتۆ بدات، چونکە لەو چەمکە فەلسەفیەی جاك دریدا وە سەیری ئارتۆ دەکەین، کە مارکس بەرامبەر بە فۆکۆیاما بە (تارماییەکانی مارکس) (١٧) ناو دەبات کە بەسەر سەریەوەن، بەڵام دوور نیە ڕووبەرووی ئەو پرسیارە ببینەوە: کە بۆچی ئارتۆ دەکەینە ئەو نموونە باڵایە بۆ ئەزموونگەری؟ چونکە ئەو توانی لەنێو ئەو هەموو ئەزموونە شەرمنانە ئەزموونی هاودژ بەرهەم بێنێت، ئەزموونێك هەموو بونیادەکانی شانۆ هەڵوەشێنێتەوە تا جارێکیتر بونیادەکان بنووسێتەوە لەڕێگەی سیستمی ناتەبای دەلالی کە دەسەڵات لە ئەدەبیش وەرگرێتەوە، شانۆ بۆ خۆی بگۆڕێ بە دەسەڵاتێکی ئازاد ئەویش (دەسەڵاتی نمایش) ە، بەو کارەش بوو بە داهێنەر و ناوێکی درەوشاوەی ئەزموونکاری، بۆیە لێرەدا زێدە ڕۆیمان نەکردووە کە ئەو داهێنەرە مەزنە بە مارکس دەشوبهێنین، بەوەش لە تێڕوانینی (دریدا) وە بە پرسیارێك دێینە نێو تەوەرێکی سەرەکی ئەو باسە کە ئەویش پێکهاتووە لەو پرسیارەی: ئایا تارماییەکانی ئارتۆ لەناو کۆتایی شانۆ باڵی بەسەر مردندا نەگرتووە؟

# تارماییەکانی ئارتۆ لە کۆتایی شانۆدا

ئارتۆ بەهۆی گۆڕینی سیستمی سوونەتی شانۆ، توانی تارمایی خۆی بەسەر مردندا جێ بیلێت، بەوەش بوو بە تارمایی پاشای کوژراو لە (هاملێت) دا، تا لە تاوانەکان ئاگادارمان بکاتەوە و ڕێگای ڕاستیەکانمان پێ نیشان بدات، بۆ ئەوەی لەسەر سیستمێکی فریودراو ڕێگا نەبڕین، ئەگەرچی هەڵەی ئێمە لەوەدا کۆ دەبێتەوە، کە ئێمە تارماییەکە دەکەینە سێبەری بیرکردنەوەمان، دەمانەوێ ئەو تارماییە لەبڕی ئێمە بیر بکاتەوە.. ڕێنمایی و ئامۆژگاریمان بکات، ئێمە ئەو بە تارمایی تێناگەین، بەڵکو هەر بە پاشاکەی دوێنێی دەزانین، دەبێ تەنیا سەرچاوەیەك بێت بۆ ڕێگاکانمان و بەرامبەر بە مێژوو بیکەینەوە بە پاشا، بەر لەوەی لەسەر ئارتۆ و تارماییەکەی بدوێین، سەرەتا لەوەڵامەکانی (دریدا) وە نزیك دەبینەوە، بۆ وەستاندنی فۆکۆیاما مارکس دەکات بە کۆمەڵە تارماییەك، بۆیە بەر لە شوبهاندنی ئارتۆ بە مارکس، جارێ لەسەر (تارماییەکانی مارکس) (١٨) دەوەستین.





بۆ ئەوەی دەسخەرۆ نەدرێین پێویستمان بە تارماییەك هەیە، بۆیە تارمایی دەبێ بێت لە کۆتایی مێژوو وریامان بکاتەوە و سەر لەبەری ئەو باسە هەڵوەشێنێتەوە کە کۆمۆنیزم شکستی هێناوە، چونکە ئەوە شکستی ئەزموونێکە کە فاکتەرەکانی نەچوونەتە قۆناغی دەسەڵات، تارمایی دێت لەوە ووریامان دەکاتەوە، کە تەسلیمی ئیرادەی دیموکراسی لیبڕاڵی نەبین، ئەوەی ئەمڕۆ لەبەرگێکی مۆدێرن خۆی دەردەخات، دەبێ بزانین لەو دیو دەمامکەوە چی هەیە؟ ئێمە بەو دەمامکە ئارایشکراوە فریو ناخۆین، ئاهەنگی غرترودی دایکی هاملێت و مامی بە بەشداری هاملێت (ئێمە) دەچێتە پتەوبوونی دەسەڵات، بە ڕق هەستان (هێزی بەرامبەر) بنیات دەنرێت و مەترسیان بۆ درووست دەکات، تارمایی دێت تا دادوەری بۆ دەسەڵات بگەڕێنێتەوە.. دادوەری ناگەڕێتەوە، چونکە هەرەمی کۆشکی ڕووخێنرا، لەنیوە شەوێکدا دەست بەسەر تاجەکەیدا گیراو لە ئاهەنگێکدا خستیانە ژێر خاکەوە، کەواتە ئاهەنگ بونیادێکی دووبارە بۆوەی نێو جولەی دەسەڵاتە کە لە کوشتنەوە دەگوازرێتەوە بۆ گەشەکردنی هێز.

بوونە پاشای برای تارمایی (مامی هاملێت) و دەست بەسەرداگرتنی (شاژن) وەك بونیادێکی فیزیکی جەستەیی، ئەوەش کۆنترۆڵ کردنی بونیادەکانی هێزە لەنێو دەسەڵاتدا، سەرباری خیانەتی شاژن، کەواتە دادوەری لە کوێیە؟ دادوەری دەخرێتە ژێر خاکەوە، ئەوەی ناویشی لەخۆی ناوە (دەسەڵاتی نوێ) دەیەوێ فریوومان بدات کە ئەو ڕۆژگارە تازەیە

بەختەوەریەکی نویٚ و لاپەڕەیەکی گەش هەڵدەدەینەوە، بەوەش خۆشباوەڕی ئێمە وەردەگریٚ بۆ بیرچوونمان بەرامبەر بە دادوەری، دەبیٚ بپرسینەوە: دادوەری لە کوێیە؟ کوشتنی پاشا (تارمایی) کوشتنی دادوەرییە.. بەوەش سەدەیەك بەرەو کۆتایی تیڕوانینەکانمان دەبات لەناو سیستمێکی تازەدا، بۆیە پێویستمان بە بونیادی هێزێکی دەرەکیە کە هۆشیارمان بکاتەوە، ئەو هێزە کێیە؟ ئەو هێزەی توانی شۆڕشێکمان بۆ بەرپا بکات کوژرا، ئایا جارێکیتر دەتوانین بە یەکێکیتر بگەینەوە؟ کەواتە هێزە دەرەکیەکەمان هێزی کوژراوە، ئەو هێزەی دواجار دەبیٚ بە تارمایی و لە نیوەشەودا ئاگادارمان دەکاتەوە، کە تاوانێکی گەورە ئەنجام دراوە و نابیٚ لێی بێدەنگ بین، خۆشنوودی جاڕدراویش جگە لە درۆیەکی گەورە هیچیتر نیە، چونکە دەبیٚ بپرسین ئایندەمان چی بەسەر دێت؟ ئایا لەنێو گەمەی ئەمڕۆ بە خۆشباوەڕی درووشمە ڕەنگاڵەکان دەردەچێت؟ بە تاوانێك دادوەری کوژرا، چی لە جێگایدا دەتوانیٚ شوێنی پڕ بکاتەوە؟ ئایا دەبیٚ بکوژانی دادوەری لەناودرێن یا ئێمە بێینە نێو دەسەڵاتی بکوژ؟ لەوەڵامدا بەو پرسیارانە تارمایی دێت جارێکیتر ئیرادەی خەوتوومان بە ئاگا دێنێتەوە، بەوەی دەبیٚ مردوو نەبین، بەدوای دادوەری بگەڕێینەوە، ئەو دادەی لەسەردەمی پاشاوە دەستمان کەوت و زەبر و زەنگی هێز لێی سەندین، چونکە بیٚ دادوەری ئێستامان دەبیٚ بە پڕۆژەیەکی مردوو بۆ سبەینیٚ، بۆ گەڕانەوە بەرەو دادوەری تارمایی دێت بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتێك کە کارمان بۆ ناکات،





بەڵکو بەبیرمان دێنێتەوە وەك لایەنێکی ڕاستی زانیاریمان دەداتیٚ، بۆ ئەوەی بیکەین بە هێزێك بۆ وەڵامدانەوە بە سیستمی تازە کە بە ڕێنماییەکی فیلاٚویەوە هاتووە، (ئێستا) مان بکوژێت، بۆ کردنی زەمەنی ئایندەمان بە زەمەنی کوشتن، هەر بۆیە دەبیٚ ئەو هێزە بگۆڕین لە تارماییەکەوە بۆ کۆمەڵە تارماییەك، وەك چۆن لە (نەستی کەسی بکوژ) بۆخۆی کۆمەڵە تارماییەکە و توانای لیٚ دەرباز بوونی نیە، کەوابیٚ بۆچی ئێمە ئەو هەموو تارماییە بکەینە تارماییەك و واشی دانێین کە هێزەکەمان کوژراوە، ئەوەش بۆ وەڵامدانەوەیە بەو ووتەیەی فۆکۆیاما کە تارماییەکانی مارکس بەسەریەوەن و شکستی حکومەتی شورەویش هەرگیز هەرەسهێنانی فەلسەفەی مارکسیزم نیە، بەڵکو هەرەسی ئەو شوێنەیە کە نەیتوانی مارکسیزم لە قۆناغە مرۆییەکان بە پراکتیزە بکات، بەلاٚم مارکسیزم بۆخۆی تارماییەکە و دێت و لە گەڕانەوەشدا جارێکیتر دێتەوە، بەلاٚم مەرج نیە هەموومان بیبینین ئەوە پەیوەستە بە قۆناغەکانی ئەو شوێنەوە، وەك لە شانۆگەری (هاملێت) دا دەبینین:

مارسیلۆس: ئایا ئەمشەو ئەو شتە جارێکیتر دەردەکەوێتەوە

برناردۆ: هیچ شتێکم نەبینیووە.

کەواتە برناردۆ تارماییەکەی نەبینیووە، بەلاٚم کە "مارسیلیۆ دەئاخڤیٚ ئەو دووجاری بینیووە" (١٩) بینینەوە بۆ گەڕانەوە و ڕێکخستنەوەی دادوەرییە، ڕێکخستنەوەش واتە بنیاتنانی هێز لەپێناو کارکردن لەنێو

دەسەڵاتێکی ئازاددا تا تاریکییەکان کۆتاییان پێ بێت، بۆیە ئەگەر حکومەتێکی سۆسیالیستی هەرەسی هێنابێت، ئەوا مارکس بوونێکی زیندووە، چونکە ئەو نەك لە کۆتایی مێژوودا، بەڵکو لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو وەڵامی بە سەرمایەداری دایەوە، کەواتە ئەوەی ڕوویداوە سەرکەوتنی سەرمایەداری نییە لەڕووی ئابوری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو بەهێز بوونی لایەنێکی سەرمایەدارییە لە سەرکەوتن بەسەر ڕوویەکی ململانێیەکی چەوت، کە دەشێ هاوکێشەکان قڵپ ببنەوە.

سەرکەوتنی بلۆکی خۆرئاوا پەیوەستە بە سەرکەوتنی باری ئابوریی سەرمایەداری خۆی، بەڵام ئەوە مەترسییەکە کە مارکس بۆخۆی پێی ڕاگەیاندووین، کەواتە ئەوەی ڕوویدا لە ڕووداوێکی کتوپڕ بۆمان نەهات، بەڵام گرنگ ئەوەیە تووشی نائومێدیمان نەکات، چونکە تارماییەکەی ئێمە چەکدارە، چەکدار بوونی تارماییش هێزدانەوەیە بە ئێمە، وەك چۆن دەرکەوتنی تارمایی پاشا لە (هاملێت) دا دەبێت هۆی هەڵوەستەی کوڕەکەی:

هاملێت: ووتت ئەو چەکدارە؟

بوت: چەکدارە گەورەم

هاملێت: لەسەریەوە تا نووکی پێی

بوت: گەورەم، لەسەریەوە تا پێی (٢١)





بۆیە ئێمە خاوەنی تارماییەکی چەکدارین، کە لەگەڵ ڕۆیشتنی ئومێدێکمان لا جێ دێلێت، بەوەی جارێکی تریش دێتەوە، ئەوەش ئومێدی مارکسیزمە بۆ مرۆڤ، چونکە تارمایی یەکجار دەرناکەوێت تا جارێکیتر نەیبیینینەوە، بەڵکو ئەو بۆ دامەزراندنەوەی ئیرادە دێت، دەزانێ لە شکستدا ئیرادە نەماوە، بۆیە کاری ئەو کارکردنەوەیە بەرەو ڕووی بەرامبەر، ئەوەش پەیوەستە بە بوونی ئێمە، ئەو بوونەی گومانمان لێی هەیە، گومانێك دەبێ بە سەرچاوەی کێشەی سەرەکیمان، بۆیە ئەو پرسیارەی بەدوایدا لەساتێکی وادا دەمانەوێ گرێیەکانمان بکاتەوە،تەنیا ئەوەیە کە بۆخۆی گومانێکە و دەڵێت "من هەم یان نیم ئەمەیە گرفتەکە" (٢١) چونکە لەنێوان بوون و نەبووندا یەکلا نەبووینەتەوە، گومانێك هەیە ڕێگامان نادات دڵنیا بین، دڵنیا نەبوون خۆ خواردنەوەیە لەنێو گوماندا، دیسان یەکلا بوونەوەشمان کێشەیەکیترە، بۆچی؟ ئەگەر ئێمە واتێبگەین بوونمان هەیە، ئەوە دەبێ پرسیار لەوە بکەین کە بۆچی خراوینەتە پەراوێزی بوونەوە، پارێزگاریکردن لەو بوونە لەکوێدایە؟

ئەگەر دڵنیا بین لەوەی لەنێو نەبووندا کار دەکەین، دەبێ بەدوای میکانیزمی بووندا بگەڕێین، کەواتە گرفتەکە لەناو گوماندا نییە، بەڵکو لەدوای گومانە کە هەریەکە لەو دووانە ڕاست دەرچوو، ئەوسا تێدەگەین کە دەبێ ڕووبەڕووی چ پرسیارێکی گران بینەوە، ئەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە مەعریفەوە هەیە، چونکە بێ بوونی مەعریفە چ پرسیارێك

دەکەین، ئەوە ئەو واقیعەیە کە ئێمەی لەنێو فەوزادا خولاندۆتەوە، چونکە ناتوانین پرسیار لە تارمایی بکەین تا هێز وەدەست بێنین، بەڵکو دەبێ خۆمان بە درێژکراوەی تارمایی بزانین، بۆیە مەعریفە دەبێ بە میکانیزمی ڕزگاربوونمان، لەخۆڕا نیە شکسپیر لە شانۆگەریەکەدا دەڵێت "تۆ خوێندەواری.. بیدوێنە ئەی هۆراشیۆ" (٢٢) ئەو دێرەی جاك دریدا پێی وایە ئێمە لەوە دەگەیەنێ مەعریفە هەڵوەشاندنەوەی ئایدیۆلۆژیای داڕێژراوە تا ئەو گوتارە نەمرێت، بەڵام چ گوتارێك؟ ئەوەیان گرنگە، گوتاری دەسەڵات لەدەقەکەدا گەڕانەوە نیە بۆ شارێگەکانی دەسەڵاتی کوژراوێك، بەڵکو چۆنیەتی وەرگرتنی دەسەڵاتە بۆ هەنووکە، هەڵەی گەورە لەوەدا کۆدەبێتەوە رۆشنبیری ئێمە دەیەوێ لە پەراوێزی دەسەڵاتی ڕابردوو دابێت، بەوەش دەمانەوێ بوونی خۆمان لە مردن وەرگرینەوە، نەك بۆ شکاندنی سیستمەکەی، بەڵکو بەپێی بەخشینمان لەلایان دەسەڵاتی پێشووەوە کە مردووە، بۆیە ئەوە بۆخۆی دەبێتە مایەی پرسیار، چونکە چی لەتوانای مردوودایە بە ئێمەی ببەخشێت؟ هەڵبەتە سیستمێکی چەسپاو و نەگۆڕمان پێدەدات کە هەموو جولە و هێماکانی دیاریکراون، ئەوەش سوڕانەوەیە لەنێو بازنەیەکدا کە بە (بازنەی مردن) ناوی دەبەین، کەواتە پەیوەندی ئێمە بە دەسەڵاتەوە چیە؟ ئەگەر تەکنەلۆژیا بە دەسەڵاتێکی تازە هەڕەشەمان لێبکات، بەوەی ترسێکمان لا بەجێ بێلێت، تا واتێبگەین تا بەرەو سینەما ڕاکەین دڕەنگە، ئەوە تەنیا هەڕەشەی ئەو هێزەیە کە





لەنێو تیشکی ڕەنگەکاندا دەیەوێ مردنی خۆمانی بۆ ڕابگەیەنین، بۆیە ئەو دەسەڵاتە جادووگەرێکە، کە بەتاڵکردنەوەی تەلیسمەکەی تەنیا لای شانۆکاری بە ئاگایە کە دەبێ بۆ بەتاڵبوونەوەی فێڵەکانی جادووگەر بێ سڵەمینەوە بێتە پێشەوە، ئەویش کارکردنە لەسەر ئەزموونێك بۆ هاودژبوونی شانۆ، ئەوەش پرۆژەیەکە مەزنی بۆ بەهای شانۆ دەگەڕێنێتەوە، بۆیە شانۆکاری ڕاستگۆ دەبێت لەسەر کارەکانی خۆی سووربێت و هەرگیز چاوی لەڕەزامەندی چەندایەتی نەبێت لە کارکردن، بەڵکو تەنیا بڕوای بە پرۆژەی ئەزموونکاری خۆی بێت، شانۆکاری ئەزموونگەر دەبێت (ئەنتوان ئارتۆ) بکاتە کۆمەڵە تارماییەك لەنەستی بکوژانی شانۆ، چونکە هاتنی ئارتۆ دەروازەیەك بوو بۆ وەستاندنی زەمەنی شانۆ تاوەکو بەهەموو ئەو خالاٌنەدا بچینەوە کە گیانی نێو شانۆیان کوشتبوو، بۆیە شانۆ پێویستی بە ئاشکراکردنی ئەو دیو دەمامکەوە هەبوو کە شانۆکارانی پێش ئەو نەیان دەویست ڕووی ڕاستی ببینن، بەڵکو لەناو جۆرێك لە چەواشەکاریدابوون، بۆیە هاتنی ئەو بەرلەوەی گوتارێکی ئیستاتیکی بە شانۆ ببەخشێت، پرسیارێکی گەورەی هێنا ئەو پانتاییە کە پێشتر بوونی نەبوو، چونکە کۆمەڵە لقێکی لێ دەبۆوە و هەمووشیان پرسیاری تریان درووست دەکرد، ئەوەش گۆڕینی وەزیفەی شانۆ بوو، جەستەی حەرامکراو دەمامکی ووشەی لەڕوو هەڵگیراو بۆخۆی هاتە دوان، ئەوەش بووە مایەی پرسیاری وەرگر، واتە شانۆی ئارتۆ تەنیا بۆ گۆڕینی نواندن و دەرهێنان

نەهات، بەڵکو هات تا ئەرکی وەرگرتن لای بینەریش بگۆڕێت، چونکە ئەمجارەیان وەرگر لەبری ستایش هاتە ئاخافتن، بۆیە کردەی بینین لەو ئەزموونە هاودژەدا بووە بە تاعوون بۆ ڕزگاربوون لەهەموو ئەو پاشماوانەی شانۆی پێش ئەو بونیادەکانی پەك خستبوو، ئەو هات لەنێوان مردن و ژیان یەکلای بکاتەوە، ئەوەش بۆ کەشفکردنی نهێنی شاراوەی گەردوونی بوو کە تاعون ڕووی ڕاستی ئاشکرا دەکات، هەموو ئەو مانا سوونەتیانەی سەراوژێر کرد کە بە پەیوەندی نێوان هونەر و واقیع دەبەسترانەوە، چونکە ئەو بۆ ئەوە هات پێمان بڵێ کە دەکرێ پەیوەندیەکانی ژیان بخرێتە نێو بونیادێکی هونەری ئاڵۆز تا ڕۆڵی هونەریشی پێ فەرامۆش نەکرێت، ئەوەش دەسەڵات نادات بە کۆمەڵگا لەژێر سیستمێکی ئایدیۆلۆژی، بەڵکو شانۆ لەناو دەسەڵاتی خۆیەوە لەو بونیادە کۆمەڵایەتیانە دەدوێ، دوانیش ئاخاوتنی جەستەیە، بۆیە "ئارتۆ گێتی و مرۆڤایەتی بە برینێکی گەورەی تاعوون دادەنێ، کە ئەو برینە گەورە بوو و تەقی هەرچی خوێنی و جەراحەت و پیسی هەیە، لەناوەوەی مرۆڤدا دێتە دەرەوە، ئەو کاتە یان چاك دەبێتەوە، یاخود بەتەواوەتی دەمرێت" (٢٣)

بەو کارەش فێری کردین کە لەپیرۆزی دەسکاریکردنی تەوتەمەکان نەترسین، چونکە ئەو پیرۆزیی نەهێشت، لای ئەو پیرۆزی تەنیا بۆ شانۆ بوو، ئەوەش لەپێناو گۆڕینی گوتاری سەرتاسەر بوو، ئەو گوتارەی هات بەشداریی لە سایکۆلۆژیاش کرد، بەوەی چیتر نەست داخراو نەبێت،





چەمکی ڕاستەقینەی شانۆی دیار کرد، بەوەش دەسەڵاتی لە ئەدەب وەرگرتەوە و نمایشی شانۆیی بۆخۆی کردە خاوەن دەسەڵات، ئەوەش بووە ڕێگر لەبەردەم مەترسی مردنی شانۆ، چونکە شانۆ بوو بە خاوەن دەسەڵات ئەو ترسە نەما کە ئەو ژێر دەستەی دەسەڵاتێکی تر بێت و گومانی لەناوچوونی لێ بکەین، بۆیە ئارتۆ لەبالۆرەی کۆتایی مێژوو دێتەوە و دەبێ بەچەند تارماییەك کە پێمان دەڵێ : شانۆ کۆتایی نەهاتووە و نایێ!

# یادەوەری جەستە

**جەستە لە ئاراستەی کارکردندا بۆ پەیوەندیە دەلالیەکان ئاشکرا نەکرا، چونکە ووشە لە شوێنی ئەودا کاری خۆی کردووە و دەسەڵاتێکی باڵای بەبەردا بڕاوە، ئەوەش کردوویەتی بە زمانێکی مردوو.. ڕێگای نەداوە بەکار بخرێت و فراوانی زمانی خۆی لەنێو سیستمی زمانەوانی دەلالی ئاشکرا بکات، ئەوەش بووەتە هۆی تێنەگەیشتنمان لەچەمکی ڕۆشنبیری و هونەریدا، بەوەش شانۆمان بە ئەدەب دیووە و نووسەرمان بە سەرچاوەکەی ناسیووە، هەردەم دەرهێنەری کورد بووەتە کۆیلەی نووسەر و نەیتوانیووە سوود لە جەستە وەربگرێ و بەهای ڕاستەقینەی شانۆ نیشان بدات، ئەوەش بووەتە هۆکاری سەرەکی دوور بوونی وەرگر لەشانۆدا، چونکە بینەری ئێمە شانۆی وەك دامەزراوێکی هونەری سەربەخۆ نەناسیووە، بەڵکو وەك هەر ژانرێکی ئەدەبی تر کە چەند بووکە شووشەیەك لەبەردەمی ڕەت دەبن دیویەتی، بۆیە جەستە ئەو ئامرازە نەخوێنراوەیە لە شانۆدا بووەتە بونیادێکی نەجولاوی ئەکتەر، ئەگەرچی ڕەوتی ئەزموونکاری وەك تەوژم ویستویەتی جەستە ڕزگار بکات و بیخاتە نێو پرۆژەیەکی شانۆیی، بەڵام جەستە لە کۆیلەبوون ڕزگاری نەبوو، بەڵکو تەنیا بوو بە بەشێك لە پێکهاتەی گوتار، وەك ڕەهەندێکی شێوەکاری نێو وێنەی شانۆیی، بەوەش**





**نەیتوانی گوتارێکی تایبەتمەند بەخۆی بجوڵقێنێ، چونکە ئەو بەدرێژایی زەمەن ڕاگیرابوو، دامەزراندنی ئەو گوتارەش پێویستی بە پرۆژە و ریبۆرتوارێکی تایبەتی هەیە کە لە ڕێگەیەوە میتۆد و ئەزموونی تازەی پێ بدۆزێتەوە بۆ جیهانگەرایی شانۆ، کەواتە پرۆژەی شانۆی ئەزموونگەری تا ساتەوەختی کۆتایی سەدەی ڕابردوو توانی دەسەڵاتی ووشە کەم بکاتەوە و ببێتە مەترسیەك بۆ لایەنگیری جەستە، ئەگەرچی نەیتوانی شۆڕشێك بەرپا بکات لەوەی هەوڵەکانی پێش خۆی سەراو ژێر بکات، بەڵام بوو بە دەروازەیەك بۆ ڕێگایەکی ڕۆشن لەنێو ئەو پانتاییە ئەفسووناویە "لەپێناو وریاکردنەوەی زۆر لە ئەندامە نوستووەکانی بینەران و بەشداری کردن و بەخشینی جۆرە توانایەکی فراوانتر لە دەسەڵاتی بینەران بەسەر ئاستی هەموو نمایشە شانۆییەکە" (٢٤)**

**کەواتە جەستەی خوێنراوە ئاماژەیەکە بۆ بەشداری کردنی وەرگر لە شانۆدا و پرۆسەیەکی هاوبەشیشە بۆ خوێندنەوە، خوێندنەوەش تێگەیشتنە لە ماهیەتی جەستە بۆ چوونە نێو جیهانێکی فەلسەفی، خوێندنەوەی جەستە هەڵوەشاندنەوەی توخمە پێکهاتووەکانیەتی، چونکە جەستە ئۆرگانێکی فیزیایی و کیمیایی زیندووە، بۆیە گۆڕینی ئەو ئۆرگانە بۆ پرۆژەی بە شانۆکردن ئازادکردنیەتی لەهەموو ئەو حەرامانەی لە جولەدا بۆی پێشنیار دەکەن و هەوڵی دۆزینەوەی مانا و رەهەندی فەلسەفی بۆ دەدەن، تا ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بزانین، چونکە تا ئەمڕۆ جەستەمان نەناسیووە،**

بەڵکو دیلی نێو تاریکیەکانی نێو ڕۆحمان کردووە و بەسەرچاوەی هەموو گوناهەکان پێناسەمان کردووە، هەر بۆیە لە شانۆدا نەمان ویستووە ئەو گیانە شەیتانیە بزۆزە بکەوێتە کارکردن، چونکە دڵنیا بووینە لەوەی جەستە توانای ڕاپەڕاندنی زۆر کاری گەورەی هەیە و بەوەش کارەکە دەچێتە قۆناغی توێژینەوە و پرسیار، ئاسانکاری لە کارکردن نامێنێ، بەڵکو دەبێ شانۆکارەکان ماندوو بن، ئەوە کاری ووشە نیە بێ زەحمەتی مەیسەر بێ، چونکە شانۆکاری کورد زۆر جار ئەرکی (ووشە) شی لە شانۆدا بەجێ نەگەیاندووە، دەربڕین و چۆنیەتی گوتن خاوەنی سیستمی جوانکاری ئاخاوتنە، ئێمە وەك کورد زۆرجار لەدەرەوەی ئەودا کارمان لەتەك ووشەدا کردووە، شانۆکاری کورد ویستویەتی بەهۆی ئاخاوتنەوە وەزیفەی جەستە فەرامۆش بکات، بەوەی دەدوێت و بەهۆی ئاخاوتنەوە شەرعیەت بەخۆی بدات بەنێوی واقعی کۆمەلاٚیەتی، ئەو واقیعەی بەدرێژایی تەمەنی نەیتوانی زمانێك بدۆزێتەوە، کە ئیتر پێویستی بە جەستە نەبێت، ئەگەرچی واقیعی کۆمەلاٚیەتی گەشەسەندنی مرۆڤ بێ لەنێو واقعی مرۆیی، بەلاٚم ئەوە مانای وانیە کە جەستە بێلایەنە، بەڵکو خودی جەستەیە کە پەیوەندیەکان دەسوڕێنێتەوە، بەلاٚم پەیوەندیەکە ئەو قوربانیەتی، ئەگەرچی ووشە دەیەوێ بەردەوامی هەبێ لەسەر هەمان ڕیتمی خۆی و دەسەلاٚتی تاکڕەوی بەرجەستە بکات، کەچی جەستە بە پێچەوانەوە دەیەوێ خۆی ئاشکرا بکات بۆ دۆزینەوەی فەلسەفە، بەوەدا





جەستە دەبێتە زمانێکی سەراپاگیر، وەك ووشە لە سنوری بەرتەسکی خۆیدا نایهێلێتەوە، بەلاٚم ئەوە کارێکە لەلایان زۆرینەوە بە مەترسی ناو دەبرێ، چونکە هاتنی جەستە دەرکردنی ئەوانە لەو پانتاییەدا کە تەرمێکی زۆریان لەو پانتاییە کەڵەکە کردووە.

جەستە بۆ ئەوەی لەشوێنی تەرمەکان کار بکات و گیانێکی زیندوو ببەخشێتە ئەو بۆشاییە، کە لەڕێگەی کۆمەڵە جولەیەکی نێو وێنەدا بونیاد بۆ گوتار بدۆزێتەوە، نەك وێنەکانی شانۆ وێنەیەکی گواستراوە بێت و پەیوەندی بە دەلالەتی هونەریەوە نەبێت، ئەوە زەنگێکە هەموان لە جەستە دڵنیان کە بە هاتنی هۆشیارمان دەکاتەوە، بۆیە دەبێ پاساوی بێبنەمای بۆ بێننەوە، لەجۆری تاوانبارکردنی جەستە بە قێزەون و بە نەهامەتی و نەگبەتی و نەبوونی ئاکار، جەستە چەندە لەنێو کۆمەڵگادا حەرامکراو بووە، هێندەش لە شانۆدا بیر لە کوشتنی کراوەتەوە، چونکە ئاشکرایە جەستە سەرچاوەی لەزەت بەخشینە، کوشتنیش ڕێگا گرتنە لە لەزەت و بەگژداچوونەوەیە تا سەرەنجام چەپاندن ڕێگای نەشونماکردنی لێ دەگرێت.

تاپۆکردنی جەستە واتە نەخۆش بوونی جەستە، ئەویش پەیوەندی بە ڕابردوویەوە هەیە، لەنێو شکست و هەرەسدا یادەوەری فۆبیا (تۆقین) ی بۆ بەرهەم هێناوە، یادەوەری ئێمە یادێکی نەخۆشە، بۆیە دەبێ بەرلەوەی لە یادەوەری نەخۆش بپرسین، دەبێ بزانین یادەوەری بۆخۆی چیە؟

نمایشکردنەوەی ئەگەر و گریمانەکانی ڕابردووە کە دووبارەی دەکەینەوە، ئەوەش جولەی شانۆکاری کوردی وەستاندووە، چونکە بەدەوری چەقێکدا ڕای گرتووە، هەموو تێپەڕینێکی زەمەنی لای ئەو بووە بە پارێزگاری کردن لەو ئەرشیفە، بۆیە لە بنەڕەتدا یادەوەری بۆخۆی "شتێك نیە هەبێت و بیپارێزین، بەڵکو یادەوەری شتێکە دروستی دەکەین" (٢٥) دروست کردنیش پرۆسەیەکی خولقێنەر ناگرێتەوە، چونکە خولقاندن بە تێڕوانین و جیهانبینیەك گۆڕان بەرهەم دێنێ، بەلاّم دروست کردنی یادەوەری کۆکردنەوەی گریمانە، پارێزگاری لە ڕابردوو دەکات، بۆیە کاتێ ئەمڕۆ قسە لە یادەوەری دەکەین، لەوانەیە بپرسین: پەیوەندی یادەوەری بە سەدەی بیست و یەکەوە چیە؟ ئەوە دوان نیە لە ڕابردوو، بەڵکو مەترسیەکە لە داهاتوو، بۆیە لە ئێستادا ئەوەی کارمان پێی بێت، تەنیا ڕێکخستنەوەی ڕابردووە بۆ داهاتوو، چونکە بەردەوام یادەوەری خۆی دەکات بە کەناڵی گەیاندن بە داهاتوو، ئەوەش مانای وایە یادەوەری بۆ زەمەنێکی ئەرشیفکراو کاری نەکردووە، بەڵکو دەیەوێ ماناکانی ڕابردوو لەنێو داهاتوو دا جێگیر بکات، بەواتایەکیتر شانۆکاری کورد (ئیرادەی گۆڕان) لەناو خۆی دەکوژێت.. بۆ ئەوەی یادەوەری بژیێت، چونکە هەست دەکات بە (مردنی یادەوەری) ئەو ڕێگایەکی زەحمەتی دێتە پێش، دەبێ لە ئێستادا بەهایەك بدۆزێتەوە و چیتر دەست نیشان کراوەکان نەکاتە ڕێبەری لەسەر ڕۆیشتن، بۆیە درێژ بوونەوەی یادەوەری بەردەوامی شانۆکار نیە، چونکە





تێگەیشتن لە چەمکی (بەردەوامی درێژ بوونەوە) بەو واتا سادەیەی کە ئێستا لە گۆڕەپانی شانۆدا تێیدەگەین چەمکێکی هەڵە و ناتەواوە، چونکە جارێ دەبێ زەمەن بناسین، ئایا زەمەنی کارکردنی ئێمە درێژ کراوەی شانۆکەمانە؟ ئەی شانۆکەمان بۆخۆی کێیە تا بەردەوامی هەبێ؟ بەردەوامی لەچی؟

زەمەنی بکەر لای شانۆکاری کورد جولەیەکی وەستاوە، زیاتر لە جولەی پەیکەرێك دەکات، یاخود هێزێکی دەرەکیە و بووکە شووشەیەك دەجولێنێ، ئەوەش دووبارە کردنەوەی غەریزەی مردنە نەك درێژکراوەی شانۆ، کەوابێ بۆچی دەبێ شانۆکاری کورد مردن بە بەردەوامی ناو ببات؟ بۆیە ئەوەی بە پەیوەندیەکی تەواوکەر ناومان بردووە (زەمەنی مردن) بووە، چونکە (بەردەوامی/ درێژبوونەوە) پەیوەندی تەواوکەر نین، بەڵکو دوو بونیادی جیاوازن، بۆیە بەردەوامبوون بەواتای گۆڕانی ماناکان دێت "، بەلاّم درێژبوونەوە چەقبەستنە لەناو چۆنایەتییەکدا کە بەردەوام خۆی دووبارە دەکاتەوە، خۆی درێژ دەکاتەوە" (٢٦) ئەوەش پێویستی بە مەعریفەیەکی شانۆیی قووڵ هەیە، تا ماناکان تێکەڵی یەکتر نەکات و سەربەخۆیی ماناکان بپارێزێت، بۆ ئەوەی بونیادەکان بەر لە یەکگرتنیان بۆ دامەزراندنی گوتار هەست بە (زەمەنی بکەر) ی خۆیان بکەن، کە نەگەڕێنەوە نێو (زەمەنی یادەوەری) چونکە یادەوەری ئێمە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا یادەوەریەکی نەخۆشە، هۆیەکەشی ئەوەیە تا لوتکە لەنێو

ڕابردوودا نوقم بووە.. ناتوانێ لێیەوە دەرباز بێ، بە میکانیزمی ڕابردوو کار دەکات، خۆی داوەتە وەهمی یادەوەری، بۆیە ئێستا پرۆژەیەکی ونبووە لە یادەوەری کە کاری پێی نیە ئەو کار بۆ ئەوە دەکات داهاتوو داگیر بکات، هەڵبەت لە تواناشیدایە بیکات، چونکە ئێستا ڕەوتێکی وەستاوە ئەوەش بە بەرژەوەندی ئەو تەواو دەبێت، چونکە ئێستا بوون لە زەمەنی کارکردن ڕووبەروو وەستانەوەیە بەرامبەر بە ڕابردوو، تا ساتەوەختی کۆتایی سەدەی بیستەم ڕووی نەدا، بەڵام ئاخۆ لەو سەدە تازەیەدا ئەوە دەبێ بە پرۆژەی کارکردنی شانۆکاری کورد؟ ئەوەیان مەسەلەیەکیترە، چونکە دوان لە ئێستا ڕەتکردنەوەی ئەو گریمانەی درێژ بوونەوەیە کە بێ مەعریفە هاتووە بۆ دامەزراندن، بۆیە ئێستا پرۆژەیەکی ئاوەڵایە بۆ ڕاگرتنی ئەو نا ڕۆشنبیریەی کە لە رابردووەوە تا ئەمڕۆ یادەوەری شانۆمانی نەخۆش خستووە، بۆیە کاتێ بمانەوێ شانۆی ئێمە لە ئایندەکەی دڵنیا بین، دەبێ ئێستامان جدی بێت، دیسان هیچ پەیوەندیەك نیە لەنێوان (ڕابردوو/ هەنووکە) چونکە ئەگەر پەیوەندیەك هەبێت ئەوە بۆ بەردەوامی و کوشتنی داهاتووە، بۆیە دەبێ ئێستا پرۆژەیەك بێ بۆ (ڕاگرتنی دوێنێ) و (دامەزراندنی داهاتوو) ئەوەش ئەو زەمەنە دەوەستێنێ کە لەپرۆژەی شانۆی ئەزموونگەری کوردی بە (دوێنێ، ئێستا، داهاتوو) ناو دەبرا، چونکە پرۆژەیەك بوو بۆ ئاشنابوون، بەڵام ئەمڕۆ سەدەیەکیتر و قۆناغی ئاشنا بوون بە نوێگەری کۆتایی هات، ئەگەرچی





ئەوە ناسینی نوێگەری نەبوو، بەڵکو ناسینی تەقلید بوو، چونکە کارکردن لەو پانتاییە ئیدراك کردن بوو بە چوارچێوە تەسکەکەی دوێنێ، نەبوونی خاسیەت لە نوێگەریدا ئەوەی بۆ کەشف کردووین، کە ئێمە بەو کارە تەقلیدمان ناسیووە نەك نوێگەری.

ئەگەرچی ئەو ئەزموونانە نوێگەریەك نەبێت خاوەنی ئەزموونی سەربەخۆ بێت، بەڵام توانی ژێرخان و سەرەتایەك لەو نەخشەیە پێك بێنێت، بۆیە ئێستا دەبێ میکانیزمی کارکردنی کودەتایەك بێ بەسەر تاکتیکی کارکردنی ڕابردوو، دواتر دێینە سەر ئەو خاڵە، چونکە ئەو خاڵە دەبێ بە هۆیەکی سەرەکی بۆ ئەزموونی هاودژ، بەو پێیەی جیا بێت لەو دوو ئاراستە گوتارەی لە هەشتاکان کاری پێکرا، چونکە دەبێ لەهەموو ئەو مانایان دوور بکەوینەوە کە ئەو کات بە شانۆی ڕەسەن و ئەزموونگەری کوردی ناوبران، مەبەستمان سڕینەوەی ئەو هەولانە نیە، هێندەی دەبێ ئەزموونەکانی ئێستامان جیاواز بن، چونکە ئەو قۆناغە لەشانۆی ئەزموونیمان کۆتایی هاتووە، بەهەموو مانایەك ئێمە لەقۆناغێکی نوێی ئەزموونکاریدااین (٢٧) چونکە دانەبڕان لە ئەزموونی هەشتاکان بەمانای وەستان و چەقبەستن، چونکە ئەو ئەزموونە بەراییانە چەندە سەرەتایەکی تیۆریی ئێمەیە بۆ شانۆی ئەزموونگەری، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستیەشمان قەبووڵ بێت کە ئەو ئەزموونانە زیاتر ئیشکردن بوو لەسەر هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون لە تەباکان و بنیات نانی ئەزموونی نا تەبا

لەعەقڵی شانۆکاری کورد، ئەگەرچی ئەو گوتارە ئەزموونکاریە نەیتوانی بەتەواوی خۆی دابڕێت لە چەمکی ڕەسەن بوون، ڕەسەن بوون بەو مانایەی کوردبوون لەنێو سیما ڕواڵەتخوازەکان کورت نەکرێتەوە، یاخود گەڕانەوە بەرەو کارەکتەرە مێژوویەکانی کورد، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی نەتوانرێت درێژە بە جیهانی ئەزموونکاری بدات، ئەگەرچی هۆیەکی پەیوەندی بە هاتنی دۆخ و قۆناغێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جیاوازەوە هەبوو کە گۆڕا، بەڵام شانۆکاری کورد لە ئەزموونگەریدا لەو قۆناغەدا زیاتر ویستویەتی لە ناتەباکانی تەبا نزیك بێتەوە، نەك خاسیەتی نوێگەر بخولقێنێ، چونکە ناتەبا چەند نوێگەر بێت، دواجار سنورێك هەیە ئەو بە ئەزموونی ڕابردوو دەبەستێتەوە، ئەوەش ئاسۆیەکی کەمبینی شانۆکاری کورد بوو، کە نەیتوانی خۆی لەتێگەیشتنی ڕەسەنایەتی دابڕێت، بۆیە دەبێ بپرسین: ڕەسەنایەتی چیە؟ ڕەسەنایەتی چ سوود بە شانۆکار دەگەیەنێ کە نەتوانێ گوتارێکی تازە بە ئێمە ببەخشێت؟ گوتارێك بەر لە کارکردن لەو کایە ئەبستمۆلۆژیەدا نەمردبێت، بۆیە شانۆکار بۆ ئەوەی هەوڵەکانی بێسوود نەبێت "دەبێت دەسبەرداری ئەفسانەی ڕەسەنایەتی بێت، دەبێت دەسبەردای ئەفسانەی درێژ بوونەوە بێت" (٢٨)

ئەوەش بۆ هەڵکۆڵین و دۆزینەوەی گوتار و خولڤاندنیەتی، چونکە خولڤاندن نووسینەوەی چیرۆکێك نیە، بەپێی چەمکێکی مێژوویی ڕووداو فرمانی پێ دەکرد، بەڵکو دۆزینەوەی ماناکانە لەو چیرۆکەی ڕابردوو





بەیەك مانا هەمووانی ڕازیکرد، بەڵام ئێستا فرە مانایی بۆ دەدۆزێتەوە، بە گۆڕین و فرە ڕەهەندیش واتە تاکتیکی کارکردن (ئێستا) لەوەی (دوێنێ) جیا دەبێت، بە جیابوونیش واتە ستراتیژی هەردووکیان بۆ داهاتوو یەك ستراتیژ نابێت، ڕاستە هەردووکیان دامەزراندنە، بەڵام دامەزراندنێك لە دوێنێ بەوەهم ماوەتەوە، ئێستا دەیکات بە بینراو، کەواتە گۆڕینی تاکتیك گۆڕینی وەهمە بۆ بینراوێکی ئەنتۆلۆژی، ئەوەش بۆ ئەوەیە لە ئێستاوە ڕابردووی ئێمە ڕابردوویەکی جیا بێت لەوەی دوێنێ، چونکە دەبێ ڕابردوو گۆڕانێك بەرپا بکات، بە بەرپا کردنی گۆڕان جودابوونی ئێمە کامەیە؟ کام زەمەن لەیەکترمان جودا دەکاتەوە؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە بەردەوام بە شانۆی ئێمە نامۆ بووە، بەڵام بەدوای وەڵامیشدا نەگەڕاوین، ڕاستر وایە بڵێین ئەو پرسیارەمان فەرامۆش کردووە، چونکە دڵنیا بووینە لەوەی زەمەنێك نیە لەیەکترمان جودا بکاتەوە، چونکە دوێنێ یادەوەریەکە بۆ هەنووکە و داهاتووش پۆلاین دەکات، کەوابێ چۆن بمانەوێ ئەزموون و شانۆی تر هەبێت بۆ ئەوەی هاریکاریمان بکات بۆ دامەزراندن، لەکاتێکدا ئێمە ئەوان لەدەرەوەی خۆمان دێنین بۆ پەیداکردنی دەسەڵاتی خۆمان کە لەبڕی ئەوەی ئەو هاوکاریە بگۆڕین بە مەعریفە، ئەرشیفمان کردە نێو یادەوەری تاهەوڵی ئیزافە نەدەین و خۆمانی تیادا نوقم نەکەین، ئەوە هەڵەیەکی دەرگا کردنەوەی ئێمە بوو بۆ وەرگرتن، کەوابێ پرۆژەی ئەزموونکاری نەیتوانیوە شانۆ ڕزگار بکات، بەقەد ئەوەی ویستویەتی

هەوڵی خۆ دەربازکردن بدات، بۆیە ئەزموونکاران خۆ دەرباز دەکەن، بەڵام ناتوانن وەڵام بە کۆمەڵێك پرسیار بدەنەوە، بەهۆی ئەوەی نەیانتوانی دابڕان درووست بکەن، تاوەکو لە تارمایی یادەوەری دەرباز بن، بەڵکو خۆیان دایەوە دەست یادەوەری، دەبوو یادەوەری خەزن کراو ببایە بە حەشارگەیەك بۆ ئەوەی زەمەنێك لە نائومێدی ژیاوین، دەبوو ڕزگار بوون لە نائومێدی بکەینە بکەینە پرۆژەیەك بۆ کارکردن، بەڵام کوا بەکێ دەڵێی؟ هەموومان لەکاتی نمایش کردنی شانۆیەك پێمان وایە دابڕانمان درووست کردووە، کەچی دواتر دێینە سەر بنەما چەسپاوەکانی یادەوەری.

هۆکاری سەرەکی لەوەداسەرچاوە دەگرێ کە پێمان وایە هەوڵەکانمان ئەزموونی بەرزن، کەچی درێژکراوەی یادەوەرین، بەردەوامی سەدەیەکین.. گرفتەکەی لەوەدایە گومانمان لە عەدەمیەتی بەشێکی هەوڵەکان نیە، چونکە وای دەبینین ئێمە پانتاییەکی سەربەخۆمان هەیە، کەچی دەبێ ئەو یەقینە بدەینەوە بە هەوڵەکان تا بە گومان بۆمان بگۆڕنەوە، چونکە گومان بەدەسکەوتی گەورەمان دەگەیەنێ، هەرخۆشی دواجار داوامان لێ دەکات گومان لەدەسکەوتەکانی بکەین، ئەوەش بۆ وازهێنان نیە، بەڵکو دڵەڕاوکەیەکە بۆ دۆزینەوەی زیاتر کە بە مەعریفەمان بگەیەنێ، چونکە ئەو نایەوێ وێستگەیەك بۆ پشوو بدۆزینەوە، بەڵکو دەیەوێ لەڕۆشن کردنەوەی هەر ژوورێك دەرگای ژوورێکی ترمان پێ نیشان بدات، تا مۆمێك هەڵگرین و بەرەو ژوورە تاریکەکان بڕۆین، بۆیە ئەوە گومانە کە





دەیگۆڕینەوە بە یەقین، ئەوسا دەزانین چ گەنجینەیەکی گەورەمان بردەوە، کەچی لەبڕی ئافەرین پێمان دەڵێ: دەبێ مۆمەکان بسووتێن.. تا تاریکستانەکان ڕۆشن ببنەوە.

ڕۆشن بوونەوە کوشتنی یادەوەریە، چونکە یادەوەری بۆخۆی جگە لە تاریکی هیچ هیوایەکی پێ نییە، دەتوانین بە مردن ناوی بەرین، چونکە ئەو وەك مردن دووبارە دەبێتەوە، کوشتنی یادەوەری خوڵقاندنی ژیانە، ژیانیش دۆزینەوە و هاتنە ئارایە بۆ شوێنێکی نادیار کە هیواکان بۆی وێڵن، یادەوەری دێت هەموو ڕێگاکان دەکاتە (دیار) دەیەوێ (نادیار) پڕۆژەیەکی سڕاوە بێت، بۆیە دەبێ شانۆکاری کورد ئەوە بزانێت کە یادەوەری لەو کارەدا گوناهبار نیە، چونکە ئەو تاریکی نەهێنایە ناو ئێمە، بەڵکو ئێمە خۆمان چووینە ناو تاریکستانەکان، بە مۆمێك نەچووین، هەر ئاوا چووین و ستایشی بەردەوام بوونیشمان کرد، ئەوە سەرەڕای ئەوەی ڕەزامەندیمان نیشاندا، ئەگەر ئەو ڕێگامان بدات ئێمە ڕازین بەوەی هەموو تەمەنمان لەنێو ژوورە تاریکەکانی ئەودا (بژین.. بخەوین.. زاوزێ بکەین.. بمرین) ئەوێك کە بۆچوونی ئێمە بەو جۆرە ببینێ، بۆچی ڕێگامان نادا هەموو ڕابردوو لەسەر هزرمان بنووسینەوە، رابردوویەك لەو تاریکیە ئەو نا ئێمە بلێین "روناکی لێرە تاوانە" (٢٩)

مانەوەی جەستە لەناو تاریکی کوشتنیەتی لەناو یادەوەری، چونکە یادەوەری نەیهێشتووە هەستەکانی ناوەوەی جەستە بێتە دەرەوە، بۆیە

ئەکتەری کورد بەردەوام بووە بە ئامێرێکی لەکار کەوتوو، تەنیا بۆی هەیە بەپێی داواکاریەکان بدوێت و دەبێ هەموو ئەفسانەکانی ناوەوەی خۆشی دیلی نێو تاریکی بکات، ئەوەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تاپۆکردنی جەستەیە لەلایان کۆمەڵگاوە، چونکە ئازاد کردنی جەستە.. ئازاد کردنی کۆمەڵگایە، کەواتە ئەرکی جەستە لای ئێمە چی بووە؟ جەستە توانای ئەوەی هەیە بە ژیارێکمان بگەیەنێ، بەلاّم جەستەی ئێمە کۆتی نێو نەریتەکانی کۆمەڵگا بووە، لە کۆیلە بوون ڕزگاری نەبووە، ئامرازێکی مردوو بووە کە هیچ نرخی بۆ دانەنراوە، ئەوەش بەو ڕاستیەمان دەگەیەنێ کە جەستە نەخوێنراوەتەوە، ئەویش بۆ ئامادە نەبوونی پرۆژەیەکی مەعریفی دەگەڕێتەوە، کە نوێگەری خاسیەتەکانی هەڵگرتبێت، چونکە ئێمە هێندەی بەدوای ڕزگار بوون بووینە لە تەقلید، هێندە گرفتی نوێگەریمان نەبووە، نوێگەری سەرەتایەکی عەقلانیە بۆ خوێندنەوەی جەستە، بۆیە نەخوێندنەوەی جەستە نابێتە بڕیاردان لە مردنی، بەڵکو "دەشێت لە ساتەوەختە ڕاستەقینەکانی تازەگەریدا بێتەوە پێش" (٣٠)

نەهاتنی نوێگەری بۆ وون بوونی پرسیار دەگەڕێتەوە، چونکە قەیرانی پرسیار لە ڕۆشنبیری کوردیدا ئینتیما کردنە بۆ نێو مێگەل، پرسیار ڕەتکردنەوەی مێگەلە بۆ خوێندنەوە، خوێندنەوەش کەشف کردنی جەستەیە، بەلاّم ئێمە لە مێگەل جیا نەبووینەتەوە، جیا نەبوونەوەش لە مێگەل (دواخستنی جەستە) یە بەو بیانووەی کە جەستە پرۆژەیەکی





نەگونجاوە لەگەڵ کۆمەڵگادا، بۆیە "ئەگەر ڕەوشتی کۆمەلاّیەتی هەمیشە ڕوو لە داپۆشینی لەش و قایمکردنی بێت لەپشت بەها ڕەوشت ئامێزەکانەوە بەردەوام ویستبێتی جەستە بە جل داپۆشێ، ئەوا ڕەوشتی ڕۆشنبیریمان جەستەی بە ئایدیۆلۆژیا و ئاین داپۆشیوە" (٣١)

بۆیە ئەرکی جەستە لای کورد تاپۆکردنە لە ژیان و کوشتنیەتی لەدژی هەموو ئەو چالاکیانەی کە پێی هەڵدەستێ، بەوەش یادەوەری وێنەیەکی نەگۆڕی بۆی تۆمار کردووە، ئەوەش وێنەی سەدبارە بووەی مەرگە، بۆیە یادەوەری ئەو توانا و هێزە عەقڵیە ناجولێنێ بۆ گۆڕان، بەڵکو توانا عەقڵیەکان خانەی سڕن و پێویستیان بە ماددەیەکە کە بێت هەولّی شلەقاندنیان بدات، شانۆکاری کورد نەبووە بەو ماددەیە، بەڵکو بووە بە خانەیەك و ئەویش خۆی تەسلیمی دەسەلاّتی یادەوەری کردووە، بەچوونە ژێر باریش ئەویش هەر ئەو دۆزەخە دەبینین کە ئێستا لە ئارادایە. دەسەلاّتی یادەوەری لەکوێ دەچەسپێ؟ ئاخۆ مردن پەیوەندی بەو دەسەلاّتەوە هەیە؟ڕەوتی ئامادەبووی شانۆی ئێمە سیستمێکی عەقڵی لەپشتەوە نیە کە کاری پێ بکات بەرەو ئاسۆیەکی ڕۆشن، بۆیە لێڵی ڕێگاکان ئەوانیان کردۆتەوە بە گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، تا بەرەو ڕابردووش بگەڕێینەوە واتە بەرەو مردن بوار خۆش دەکەین، کەواتە گەڕانەوە بەرەو ڕابردوو ئاوڕدانەوە و باوەش کردنەوە و ئاشت بوونەوەیە لەگەڵ مردن، مردنیش کوشتنی چالاکیەکانە، واتە ئەوان لەگەڵ مەرگ ناکۆك نین، بەهەردووکیشیان

دەسەلاٌتێك دروست دەکەن کە (دەسەلاًتی یادەوەریی) ە، دەسەلاٌتێکە ڕابردوو دەنووسێتەوە و داوامان لێ دەکات ئەو دەقە نووسراوەی یادەوەری بکەینە تاکتیکی کارەکانمان، ئەوەیە وامان لێ دەکات کە نەتوانین بەرەو سیستمێکی نوێگەر بڕۆین، چونکە دەسەلاٌتی عەقلاٌنی نیە بمانباتە نێو پرۆژەیەکی نوێ، بەڵکو یادەوەری دێت زەمەنی عەقڵ دەکوژێت تا دەسەلاٌت بەخۆی بدات،بەوەش خۆی دەچەسپێنێ و پەیوەندی خۆی ڕێك دەخات، لەڕێگەی (مردن/ رابردوو) جەستەش لەوکاتەدا حەرام دەکات، بۆیە هاتنی دەسەلاٌتی عەقڵ.. کوشتنی زەمەنی حەرامی جەستەیە، بۆ ڕەهابوون و کردنە هەڵمی زەمەنی مردن و ڕابردوو، ئەویش کوشتنی دەسەلاٌتی یادەوەریە.

نا ئامادەگی عەقڵ و ئینتیما نەکردن بۆ میتۆد

کەرەستەکان بەدرێژایی کارکردن هەمان کەرەستەی کارکردنی شانۆکاری دنیا بوونە، بەلاٌم بۆچی ئێمە لەگێژاودایین؟ ئەگەر فاکتەرەکانی شکست نەدوێنین ئەوا بەردەوام مۆرفینێکیتر لەخۆمان دەدەین و ئەوسا دێین درێژە بە کارەکان دەدەین، ئەوەش لەنێو ڕابردوودا ئەفیونمان دەکات، بۆیە دەبێ بپرسین: میتۆدەکان هەن، شانۆکار وەك بوونەوەرێکی زیندوو دەبینرێ، ئەی بۆچی هیچمان لەگەڵ میتۆدەکان پێ ناکرێت؟ دیارە ئەوەی تەنیا شکستی داوەتە شانۆکاری کورد ئەو خاڵە بنەڕەتییە کە لەپشت میتۆدەکانەوە عەقلێك نەبووە کار بکات، لە تیۆرەکانەوە بدوێت هاوئاهەنگی خۆی و





ترازانی لە زەمەنی جودابوون دەربخات، ئەوەش ئامادە نەبوونی عەقڵی شانۆکارە، بۆیە میتۆدەکانی لا دەبێت بە دەقی موقەددەس، بەموقەددەس ڕاگرتنی میتۆدەکان "ناتوانێ خاوەنی تیۆری خۆی بێت و ناتوانێت بە چەند تیۆرییەك جیهان بینی خۆی بۆ دنیا گەلاڵە بکات، ملکەچیی میکانیزمی ئەو بونیادە عەقڵییە یە کە بونیادێکی بەرهەم هێن نییە" (٣٢) ئەوە گوتارێکی شکست خواردووی بکەری کارکردنە کە ناتوانێت لەنێو تیۆرەکان کار بکات بەمەبەستی دامەزراندنی تیۆرێکی نوێ، بەڵکو خۆی بەدەستیانەوە دەدات.. لەبڕی ئەوەی تیۆرەکان ملکەچی ئیرادەی ئەوبن، ئەو (شانۆکاری کورد ) دێت لەبەردەم تیۆرەکان بەرێزەوە دەوەستێت، بەوەش نەیتوانیووە هەڵگری هیچ شوناسێك بێت، تەنیا کارەکتەرێکە لەو دنیایە بەبێ شوناس دەسوڕێتەوە، چونکە ئێمە هەرگیز شانۆی کلاسیکیمان نەناسیووە، بەڵکو لەبەر سەرسامبوون نەمان توانی بیناسین بەوەی ئەوان تەوتەمێکی گەورەن و عەقڵی ئێمە توانای ناسینی ئەوانی نیە، هۆیەکەش بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێتەوە، ئێمە بۆخۆمان دەستەوەسان دانیشتووین لەبەردەم پرسیاری: ئێمە چیدەکەین لێرە؟ هەر بۆیە "عەقڵیەتێك نەتوانێت سرووشت و میکانیزمی ئیش کردنی خۆی ببینێت ئەستەمە لە میکانیزمی مێژوو بگات" (٣٣)

میکانیزمی کارکردن، ئێستا لەنێو مێژوو دەردەکات بەوەی میتۆد لەچەمکی مێژوویی بگوازێتەوە بۆ ئێستا، بۆیە زەمەنی مێژوویی میتۆد

ڕاڤەکاریەکی موقەددەسی بۆ کراوە، کە شایەنی دەسکاری کردن و گۆڕان نیە، بەڵکو زەمەنێکە دەبێت لەژێر سێبەری ئەودا ئێمە شانۆی تێدا نمایش بکەین، ئەو سیستمەی نمایش لەخۆ دەگرێت ناتوانێت زەمەنی ئێستای میتۆد بناسێت، بە نەناسینیش واتە هەموو بونیادەکان بە نارۆشنی دەمێنێتەوە، بەوەش شانۆکاری کورد بوونەوەرێکی مردووی نێو ئەو پانتاییە کە نەك شانۆ جاریٚ خۆی ناناسێت، چونکە "شاردنەوەی ئەو ڕەگەزانە و ئاشکرا نەکردن و شی نەکردنەوەیان ڕێ لە گۆڕینی خودی ڕۆشنبیریمان دەگرێت و لێناگەڕێت ئەو خودە لە خودێکی نامەنهەجی و خورافی و غەیبییەوە، بۆ خودێکی عەقلانی کاریگەر و جەستەیەکی خاوەن پراکتیك بگوازێتەوە" (٣٤)

بۆیە ئەو کارە نابێت بەوە لێکبدرێتەوە کە شانۆکاری کورد ئینتیمای بۆ میتۆد کردووە، ئینتیماکردن بۆ میتۆد دۆزینەوەی پرسیارە لەڕێگەی کوشتنی وەلامدا، ئەوەیان پرۆژەیەکە نەخشەی کارکردنی ئێمەی لەهیچ کاتێکدا داگیر نەکردووە، بۆیە ئەوەی شانۆکاری کورد لەبەردەم میتۆد دەیکات ئینتیماکردن نیە بۆ میتۆد، بەڵکو تەسلیم بوونە.. تەسلیم بوونیش بۆخۆی بچووککردنەوەی خودە، کە خود لەو کارەدا توانای ئینتیما کردنی نیە، ئەو وێنەیەکی خورافی هەڵگرتووە لەبەرامبەر میتۆددا، بۆیە بۆ مانەوەی خۆی تەسلیمی دەسەلاتی میتۆد دەبێت، تەسلیمبوونیش دیسان بێدەنگبوونە، ستایشە بە مەزنی، ئەو کاتە میتۆد لەکارکردنی





شانۆکاری کورد "بوونی ئەبستیمی خۆی لەدەست داوە و بوونێکی ڕەوشتی پێدراوە" (٣٥)

ئەوەش پەیوەستە بە بونیادەکانی دەرەوەی شانۆ، هاتوینەتە نێو ئەو قوتابخانەیە تا وەلامی پرسیارەکانمان بداتەوە و فێری چۆتیەتی ژیانمان دەکات، شانۆکاری کورد سەدەیەکی بەرێکرد وایزانی ئەو پیرۆزە، چونکە خەڵکی فێری وانەی عەشق و خۆشەویستی وولات دەکات، بەلام شانۆی بۆ شتیٚ کوشت سەرەنجام نە عەشقی وتەوە نە خۆشەویستی وولات، چونکە شانۆکەی لەهەڵچوونی سۆزی ئەکتەر و بینەر دەرناچێت و لەگەڵ هەڵکردنی ڕوناکیەکانی ناو هۆڵ ئەو هەڵچوونەش دادەمرکێتەوە، بۆیە زەمەنی کارکردنی شانۆکاری کورد هەڵچوون تووشی وونبوونی پرسیاری عەقڵی کردووە "بەوەی شوێنی بە موحاکەمەی عەقڵی لێژ کردووە، ئایدیۆلۆژیا ئەبستمۆلۆژیای ئیدانە کردووە" (٣٦)

کەواتە عەقڵی شانۆکاری کورد جۆرە غەیب بوونێکە لە بیرکردنەوە کە دەرگا لەسەر تێڕوانینەکانی خۆی دادەخات و ماوەی گفتوگۆ نادات، بەوەش خۆی وەك بوونەوەرێکی زیندوو دەسڕێتەوە، بەلام ئەگەر ئەو کارە بەوە ناوبەرین کە ئەوە (غەیب) ە هاتووە پێش (عەقڵ) کاری کردووە و شانۆکار خودێکی ئامەزرۆ بووە بۆ شانۆ و ویستوویەتی هۆگری ئەو هونەرە بێت، ئەوا عەقڵ بۆخۆشی دواتر پەیوەندیەکانی خودی بەدەرەوە بەستۆتەوە، بەوەش چۆن لەهاتنی غەیب و کارنەکردنی خۆی ئەو بوونێکی

سڕاوە بوو، لە پەیوەندی کردنی خود بە بونیادە دەرەکییەکان بۆخۆی دێت ئەمجارە بوونی خۆی دەسڕێتەوە، بەوەش بوارێك بۆ کارکردنێکی غەیبانی عەقلانیەت درووست دەکات و لە زەمەنێکدا دەمانسوڕێنێتەوە و بۆ دواجار پێمان دەڵێت کە سەدەی نوێ نائومێد بوونە، درێژکراوەی یادەوەری سەدەی بیستەمە، شانۆی ئێمە بەردەوامی دەبێت و دەبێتە کەناڵی پەیوەندی نێوان دوو سەدە، هەر بۆیە میتۆدەکان لەبڕی ڕێگا دۆزینەوە بۆمان دەبنە درێژکراوەی شکستی  کارکردن، میتۆدەکان گوتاری شکستی شانۆکاری کوردن، چونکە لەناو خۆ بەدەستەوەدان بە میتۆدەکان لەو ڕاستیە تاڵە دەگەین کە "هیچ فەلسەفەیەك نەبۆتە ئەبستیم، بەڵکو هەموو تیۆرییەکان کە دێن نەفی دروست کردنی سیستمێکی ئەبستمۆلۆژیای گشتی دەکەن" (٣٧)

کەوابێ ئەو سەدەی بیست ویەکە بۆمان دەبێتە تەوتەمێکی موقەددەسکراو، لەهەر ساتەوەختێکدا گومانی کوشتنمان لێ ناکرێ، بەقەد ئەوەی فڕێمان داتە دەرەوەی گەردوون، چونکە بەرلەوەی بیر لە کوشتنی ئێمە بکاتەوە مردووین، ئێمە لەبڕینی سەدەیەك و بەردەوامی سەدەیەکی نوێ هەر لە کەنارەکان ماینەوە، نەمان توانی ڕووەو ناوەندی شانۆ بڕۆین، مانەوەمان لە کەنار مەترسیەکە بۆ مردن.. کە دەبێ چۆن خۆمان بدەینە دەست میتۆدەکان، ئاوهاش ملکەچ بکەین بەرامبەر بە ناوە نوێکان، چونکە "سیفەتی سەرەکیی زەمەنی ناوەند ئەوەیە کە دەیەوێ





زەمەنێکی سەرتاسەر بێت تا هەموو زەمەنەکانی دیکە لەناو بازنە ئەفسوناوییەکەیدا بسوڕێنەوە" (٣٨)

بۆیە هەرخۆ بەدەستەوە دانێکی کەنار بۆ ناوەند ناتوانێ هیچ شوناسێکی نوێ بە ئێمە ببەخشێت، چونکە ئەوەی بەرهەمی دێنین لە چوارچێوەی کارەکانی ئەوەوە پراکتیزەی دەکەین، ئەوەش بۆ ئەو سەدەیە بەئاگامان دێنێتەوە، کە هەڵەی گەورەی کارکردنمان لەو سەدەیە لەوەدایە کە بەهەمان میکانیزمی پێشوو لە شانۆدا کار بکەین، کەوابێت چیبکەین تا لەکەنار دەربازمان بێت؟ ئەگەر لەو پرسیارە وورد بینەووە، دەبینین پرسیارێکە بۆتە پرسیارێکی لاسایی کارانە و سونەتی، بەڵام کارکردن بۆ وەڵامەکەی نەك زۆر نوێ، بەڵکو بۆتە کاری خولْقاندن و ئەفراندن، عەقلێك لەپشت میتۆدەوە نەبووە، وا بە سانایش ناتوانێ بە ناوەند بگات، بەڵام دیسان پێویست ناکات بەو هەموو قۆناغە تێپەڕێ کە شانۆ لە خۆر ئاوا پیێی تێپەڕیووە، ئێمە بۆ ئەوەی شانۆی تورەیی بناسین پێویست بەوە ناکات بێین زەمەنێکی درێژ بۆ ئەو شانۆیە تەرخان بکەین، بەڵکو پێویستە بنەماکانی بناسین و مۆرکی ئەزموونکاری لای ئۆزبۆرن و ئاردن بناسین، نەك بمانەوێ ببینە ئەوان، چونکە ئەوان بۆخۆیان هەن، ئێمە دەبێ کەسێکیتر بین و نابێ لەویش بچین، بەڵام ئەوەی گرنگە دەبێ کۆمەڵگا کۆتی پەیوەندیەکان نەبێت، چونکە بە کۆیلەبوونی تاك لەنێو نەریتە کۆمەڵایەتیەکان ناتوانێ کار بکات(٣٩)

خۆرئاوا تا ئازاد نەبوو، نەبوو بە نوێگەر، ئازادی بۆخۆی نوێگەری نەهێنایە نێو بونیادە کۆمەڵایەتیەکان، لەوێوە هەوڵی ئەو پەیوەندیانەیدا لەڕێگەی پرۆسەی بە شانۆکردن، چونکە نوێگەری دەسکەوتێکی ئازادیە و بێئازادیش مرۆڤ چۆن دەتوانێت لە دامەزراوێکی مەدەنی وەك شانۆ کار بکات، هەر ئازادیش بوو شانۆی خۆرئاوای گەیاندە ناوەند و لە کەنار دەربازی کرد، بەوەی عەقڵێك لەپشت ئازادیەوە هەوڵی بە مەعریفەکردنی دەدا، بۆیە شانۆ لەخۆرئاوا لە کەنار نەبوو، بەڵام نەگەیشتبووە ناوەندیش، ئەو لەنێوان سەرکەوتن و دابەزیندا لە ململانێدا بوو، بەهۆی خۆدۆزینەوەی.. دۆزینەوە گەیاندیە ناوەند (٤٠) هۆکاری سەرەکی بووە بۆ مانەوە بەڵام لە کەنار مانەوەی ئێمە .. مانەوەی کولتوری ئەو پاشخانەیە کە لەنێوان شانۆی خۆرئاوا لە ناوەند و مانەوەی یادەوەری خۆی لە کەنار تووشی گرێیەکی سەختی کردووە، بۆیە هەر لەو ژن و مێردە ئیفلیجە دەکات کە مناڵیان نابێت، داخۆ لە پەیوەندیەکی ئیفلیجی دوانەیەك چاوەڕوانی چی لە کەسی سێیەم دەکرێت، ئێمە لەنێوان ئەو دوانە تووشی گرێی شکست هاتووین کە قەیرانی ئیرادەیە لەبەردەم ئەو پەیوەندیە، چارەسەریش "تەنیا خوێندنەوەی ئاست و ناسنامە گۆڕدراوەکانی پراکتیك بە کاریگەریی زەمەنی ناوەند بەرەو ئەوەمان دەبات لە گرنگیی ئەزموون و تازەگەری تێبگەین وەك هەنگاوێکی پێچەوانەوە بۆ دەرچوون لە ناسنامە سەپێنراوەکان" (٤١)





کەواتە ئێمە دەتوانین ئینتیما بکەین یا بەرەو ڕوویان بوەستینەوە؟ ئێمە ئینتیما ناکەین بۆ خولڤاندن، بەڵکو بۆ خۆکوشتن وەری دەگرین، سەیریش نیە نکوڵی لێ بکەین، چونکە ئەوە بەبەرهەمی عەقڵێك نازانین، بەڵکو پێمان وایە ئەوە کولتوری مرۆڤایەتیە، یا ئەوان کەسانی ئەفسانەیین و لەسەر زەوی نەژیاون، بەوەش دەمانەوێ دانمان پێدا بنرێت کە ئێمە کەسایەتیەکی ئامادەیین، ئامادەیی خۆرئاوا لەنێو بونیادی خۆیدا جیهانگەرایی پێ بەخشی، بەڵام ئێمە نەمانتوانیووە شوناسێکی خۆر هەڵاتیانەش بەخۆمان ببەخشین. (٤٢)

هەڵەکە لەکوێدایە؟ ئێمە شانۆمان لە مەعریفە دابڕیووە، زۆر درەنگ ئیدراکمان بە ئەبستراکتی مەعریفە کردووە لە شانۆدا، بۆیە دەبێ ئەو سەدە نوێیە سەدەی بە مەعریفەکردنی شانۆمان بێت، ناکرێ خۆرئاوا ڕەت بکەینەوە، بەڵام ناشکرێ خۆمانی بەدەستەوە بدەین، خۆرئاوا تارماییەك نیە لەناوماندا، چونکە تارمایی بۆ دڵنیابوونە لەوەی لە تاوانی کوشتن نەترسین و نەبینە ژێر دەستەی، بەڵکو بەردەوام بین بۆ کەشف کردن، کەواتە خۆرئاوا نموونەی ئەزموونی باڵا نیە، وەك چۆن کۆتایی ئەزموونیش نیە، بۆیە جیاکاری ئێمەی خۆرهەڵاتی لە ژیاریی خۆر ئاوا جیایە لەو ژیارەی خۆر هەڵات "ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی لە زەمەنی خۆیدا بژیایە دەبوایە زەمەنەکانی دیکە، بەڵام ڕۆژئاوا بۆ ئەوەی لە زەمەنی خۆیدا ئاسۆیەکی نوێ بدۆزێتەوە پێویستی بە بوونی زەمەنێکی لەخۆی دواکەوتوتر هەبوو"

(٤٣) ئەوەی دەبێ لێیەوە بێئاگا نەبین پەیوەندیە ژیاریەکانی هەریەك لەو دوانە بە ژیارێك خۆرئاوا بە تەکنەلۆژیا دەگەیەنێ، کە هەڕەشەی بۆ شانۆ هەبێت، بەلاّم (بروك) ێك وەك شانۆکارێکی جددی کاتێ مەترسی مردنی شانۆ هەست پێ دەکات پشت دەکاتە ئەو تەکنەلۆژیایە، بۆیە ئەو تاکتیکەی شانۆکاری کورد پەیڕەوی دەکرد بۆ دەقی خۆماڵی هەرگیز نەیتوانی و ناشتوانێ ببێ بە ڕێگر لەبەردەم داگیر نەکردنی کەنار لەلایان خۆرئاواوە، بەڵکو ئێمە دەبێ بزانین لە هاتندا چۆن ڕەفتار دەکەین، کەوایە "پێویست ناکات لە جان جینیێ و کامۆ و ئارتۆ و پیتەر برووك و ئیلیەت و سان جۆن بێرس و کافکا بترسین، هێندەی دەبێت لە (بونیادی شارستانی)، (بونیادی تەکنەلۆژی)، (بونیادی دیموکراسی)، (بونیادی عەلمانییەت)، (ڕووحانیەت)، (ئایرۆسییەت) ی ڕۆژئاوا بترسین کە ئەزموون زەوت دەکات و ڕۆژهەلاّت لەقۆناغە ئازاد و زەمەنە خۆرسکەکەی خۆی دەکاتە دەرێ و بەدروستکردنی سێبەرێکی شێواوی بونیادەکانی خۆی لە ڕۆژهەلاّتدا کارێك دەکات ڕۆژهەلاّت نەتوانێ لەدوای لیبراڵیەتی خۆی، عەلمانییەتی خۆی، ڕووحانییەت و ئایرۆسییەتی خۆیدا بگەڕێت" (٤٤) دەبێت ئێمە ترسمان لەو بونیادانە هەبێت کە دەبنە پاڵنەری هێزی دەرەکی تا (ناوەوە) مان داگیر بکەن، نەك ئەوانەی پێش ئێمە هاتوون دژی ئەو هێزە دەرەکیە بووەستنەوە، هەموو ئەمانە پەیوەستن بە نائامادەیی عەقڵ لەپرۆژەی کارکردندا، چونکە ئێمە بۆ ئەوەی ئەزموونی هاودژ بەرهەم





بێنین، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا، بۆ ئەو سەرەتایەی کە کارمان لەتەك میتۆددا کردووە، بۆیە کاتێ دەمانەوێ لەژێر سێبەری میتۆدێك کەشێکی تۆقێنەر لامان درووست نەبێت، بۆیە میتۆد دەکەینە پەرستگا و کارمان بە گۆڕینی خاڵە نێگەتیڤەکانی ئەو تیۆرە نییە، ئەوەش میتۆدەکە وەك ئەزموونێك ناخوێنینەوە بۆ ئەزموونێکیتر، بەڵکو بە ئەزموونێکی کامل و نەگۆڕ تەماشای دەکەین، پیرۆزی ئەو ئەزموونە بۆ نەگۆڕان دەگەڕێنینەوە، چونکە پێمان وایە میتۆدەکان ئایدیۆلۆژیای داڕێژراون، بۆ ئەوە هاتوون ئێمە بەجێیان بگەیەنین، بەرنامەی ئامادە کراون و بۆ ئێمە نیە بەرنامەکان بگۆڕین، بۆیە لەگەڵ چوونە نێو میتۆدەکان کارمان بە عەقڵ نییە، هەربۆیە لەگەڵ خۆ بەدەستەوەدان بە میتۆد، عەقڵ فڕێ دەدەینە پەراوێزەوە، بۆیە لەو کاتەی بمانەوێ کار بۆ ئەزموونی هاودژ بکەین ئەفسوس نیە ئەگەر خەیاڵ لەتوانایدا بێت دیدگاکان ڕێك بخات بەو مەرجەی عەقڵ لەپشت ئەو کارەدا کۆنترۆڵی تێفکرینی ئێمە بێت.

کەواتە تێکشکاندنی سنورە وەهمیەکانی ئەزموون هەوڵدانێکی جدیە بۆ قوتاربوون لە کۆتایی مێژوو، بەوەی (کۆتایی سەدەی بیستەم.. کۆتایی مێژوو بێت) بۆیە ئەوەی پێویستمان پێیەتی ئینتیما کردنە بۆ تیۆرەکان، تا بتوانین تیۆرەکان بگۆڕین، وێنای ئەزموون و جیهانێکی نوێی لەسەر بکەین.

# ئةنتؤلؤذياى شانؤى ئةزموونطةرى كوردى

بەر لەدوان لەو بابەتە پێویستە سەرەتا ئەوە بخەینە ڕوو، کە ئەنتۆلۆژیا بەپێی چەمکە هایدگەریەکە وەرمان گرتووە، کە واتای بوونناسی دەگەیەنێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەمان ویستووە بابەتەکە ببەینەوە سەر تێڕوانینە فەلسەفیەکانی هایدگەر، بەڵکو تەنیا ئەو چەمکەمان لێی خواستووە، ئەوەش بەمەبەستی خوێندنەوەی ڕووبەری نمایشە ئەزمونکارەکانمان، پێویست بەوەش دەکات ئەوەش بڵێین کە ئەوەی لەپشت ئەو توێژینەوەیە وەستاوە هەرگیز بەخشینی زانیاری نیە بە خوێنەر لەبارەی شانۆی ئەزموونگەریەوە، وەك چۆن مەبەستیش درووست کردنی بیبلۆگرافیایەك نیە بۆ ئەو نمایشانەی کە ئەزموونگەرین، بەڵکو ستراتیژێکی پشت ئەو توێژینەوەیە، گەڕانەوەیە بۆ سەر ڕەچەڵەك و سیما ئەزمونکاریەکانی ڕەوتی ئەزموونکاری شانۆکاری کورد، دیارە ناونانی ئەو ڕەوتە بە شانۆی ئەزموونگەری کوردی مەبەست لە شانۆیەك نیە کە





ئەزموونی شانۆکاری کورد بێت، لەنێوان کوردی بوون و بە کوردی دەبێت جیاوازی بکەین، ئێمە شانۆیەکمان نیە پێی بووترێ کوردی، تا شانۆیەکی ئەزموونگەری کوردیمان هەبێت، شانۆیەك بەپێی خاسیەت و تایبەتمەندیەکانی، ئەوەی پێشی دەووترێ شانۆی کوردی لەبنەڕەتدا شانۆییەك نیە بە کوردی نووسراوەتەوە، واتە پڕۆسەیەکە پەیوەندی بە ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئێمەوە نیە، بەڵکو پڕۆسەیەکی گواستراوەیە لەڕێگەی نووسینەوە، ئەوەش گوزارشت لەوە دەکات کە شانۆ پڕۆسەیەکی کۆپی کراوە، پڕۆسەیەك نیە بەرەنجامی بیرکردنەوەی شانۆکاری کورد بێت، دیارە مەبەست لەو ساتە وەختەیە کە مومارەسە کردن بۆ شانۆ ناوبردرا بە شانۆی کوردی، ئەگەر ئاسۆیەك هەبێت بۆ دەرگا کردنەوە لەو شانۆیە، ئەوە بەدوای ڕەخنەگرتن بووە لەو زەمینەی شانۆی کوردیەوە، گۆڕینی گوتاری باوی شانۆکان بووە لەڕێگەی ئەزموونە جیاوازەکانی شانۆوە.

ئێمە سەرچاوەیەکی وامان لەبەردەستدا نیە نە بە کوردی و نە بە هەر زمانێکیتری بێگانە ئاماژە بۆ سەرەتاکانی ئەزموونی شانۆیمان بکات، بۆیە وەکو پڕۆسەی ناونان ناوەڕاستی هەشتاکان لەدایکبونی سەرەتایەکی زانستیە بۆ شانۆی ئەزموونگەری کوردی، بەڵام لەڕووی ئەنتۆلۆژیەوە ئەوە سەرەتایەکی ڕاستەقینە نیە، بەڵکو سەرەتای پڕۆسەی ناونان و کار کردنێکی تیۆری لەپشت نمایشەکانەوە ئامادەیی هەیە، ئەگەرچی لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە ڕێك بە لەدایکبوونی (تیپی شانۆی ئەزموونگەری

کوردی) ئەزموونی شانۆییمان لەڕووی ئەنتۆلۆژییەوە دەکەوێتە ناو مەعریفەیەکی نوێ لە شانۆدا، کاریگەری ئەزموونی شانۆی وێنەیی ڕاستەوخۆ بەسەر ئەو تێگەیشتنە ئەزموونکاریەوە زاڵە، ئەوە لەپاڵ ئامێزکردنەوە بۆ چەندین ئەزموونی جیاوازی شانۆ کە دەبنە بنەما تیۆریەکانی شانۆکاری کورد لە شانۆی ئەزموونگەریدا، دیارە وەك ئاماژەمان بۆ کرد ئێمە سەرچاوەیەکمان لەبەردەستدا نیە کە ئاماژە بۆ سەرەتاکانی ئەزموونی شانۆییمان بکات، ئەوەی هەیە لەلایان ئەو شانۆکارانەوە نووسراوە کە لەهەشتاکان کارەکتەری سەرەکی ئەو بزووتنەوەیە بوونە، دانا ڕەئوف هەڵوەستە لەسەر ئەزموونی ئەو خوێندکارە کوردانە دەکات لەبەغدا کارەکانیان بوونەتە جێگای سەرنجی شانۆکارانی عیراقی، ئەو ئەزموونانەش لەکۆتایی هەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانەوە هاتوونەتە بوون، یەکەم ئەزموونیش دوو ئەزموونی (بارزان عوسمان) بووە یەکەمیان بەناوی (چیرۆکی ئەو پیاوەی بوو بەسەگ) ی ئۆزڤالد دراگۆن لە ١٩٧٩، ئەویتریش (مرۆڤێکی ئاسایی) چیرۆکنووسی کورد ڕەئوف حەسەن لە ١٩٨٠، بە مانای شانۆی ئەزموونگەری کوردی بەپێی ئەو بۆچوونە مێژووەکەی بۆ کۆتایی هەفتاکان و بەتایبەت بۆ سەرەتای هەشتاکان دەگەڕێتەوە، دوای ئەو دوو ئەزموونە شانۆکار (مستەفا قەسیم) شانۆگەری (بەیتی بابە بایتی) لە ١٩٨٣ نمایش کردووە، ئەو شانۆگەریە "وەك تابلۆیەکی شیعر ئامێز، درێژکراوەی ئەو دوو پڕۆژەیە بوون بۆ





بانگەشەی فەلسەفەیەکی تازە و درێژە پێدانی ئەو تاقیکردنەوەیەی کە گەرەکی بووە لە ئایندەیەکی نزیك و پرشنگدار بگاتە قۆناغی دامەزراندن" (٤٥) بەڵام ئەو ئەزموونانە وەك دانا ئاماژەی بۆ کردووە نەیانتوانیووە لە ئەزموونی تر درێژ ببنەوە، بەمانای قۆناغی دامەزراندن نەبۆتە خولیایەك کە لەناو ئەزموونەکان بەردەوامی هەبێت، ئەزموونکاری بەتایبەت لای شانۆکار (بارزان عوسمان) کە دەکرێ بە لە دایکبوونی پڕۆژەی شانۆی ئەزموونگەری کوردی ناوی بەرین، وەکە خۆی لە دیدارێکدا ئاماژەی بۆی کردووە کە لەڕێگەی تیۆر و ڕاهێنانەکانی (گرۆتۆفسکی) یەوە کاری کردووە، ئەوەش مانای وایە ئەزموونی شانۆیمان ئەگەرچی تەمەنی لە چارەگە سەدەیەك تێپەڕ نەکات، بەڵام ئەزموونێکی تۆکمەیە بەهۆی ئەوەی بەیەکێك لەدیارترین ئەزموونکارانی جیهان لەدایك دەبێت، بەمانای ئەزموونگەری شانۆکاری کورد خاوەنی بنەمای تیۆریە، بنەمای زانستی لەپشت کارکردنیەوە بووە، ئەو بنەمایە ئەزموونی (بەیتی بابە بایتی) دێنێتە بوون، بەهۆی ئەوەی (مستەفا قەسیم) لە (مرۆڤێکی ئاسایی) وەك ئەکتەرێك دەردەکەوێت، ئەو دەرکەوتنە وای لێ دەکات بتوانێت لە داهاتوویەکی نزیك درێژە بە شانۆی ئەزموونگەری بدات، ئەو سێ ئەزموونە ناتوانن پڕۆژەیەکی بەردەوامی بکەنە خەونی ئەزموونکاری لای شانۆکاری کورد، تا لەناوەڕاستی هەشتاکان شانۆکار شەماڵ عومەر شانۆگەری (غۆریللا) ی یۆژین ئۆنیل

وەك ئەزموونێکی شانۆیی دەردەهێنێت، دواتر پرۆژە پراکتیەکیەکانی شەماڵ و چەند شانۆکارێکی تر دەبێتە هۆی لە دایکبوونی گروپێکی ئەزموونکاری بەناوی (تیپی شانۆی ئەزموونگەری کوردی) چونکە شەماڵ لەڕێگەی غۆریللا "بەو شانۆگەریە بزووتنەوەی شانۆی کوردی توانی بە کرۆك و کالاّیەکی نوێیەوە (دابڕانێکی) سەرتاسەری و گشتگر لەتەك نمونەی شانۆی کوردی ئەو ڕۆژگارەدا بخولّقێنێ. هەر لەسەرەتاوە بزووتنەوەی ئەزموونگەری پەیامی نوێکردنەوەی هەڵگرتبوو: نوێکردنەوەی شانۆ، عەقڵ و دیدە هونەریەکەمان" (٤٦) ئەو تێگەیشتنە ئاشکراکردنی ستراتیژی شانۆی ئەزموونگەری کوردیە، چونکە ویستوویەتی دابڕان لە بزووتنەوەی شانۆی کوردی بخولّقێنێت، بەوەی چێژی ئیستاتیکی و پێودانگی فکری بێنێتە کایەوە، بەتایبەت لەپڕۆژەکانی دواتری ئەو تیپە کاتێ تێڕوانینی شانۆی ئەبسێرد و دەقی بیکت دێنێتە ئەو پانتاییە ئەزموونکاریە، ئەوکات شانۆی وێنەیی و جەستەی ئەکتەر دەکات بە کێشەیەکی فەلسەفی بۆ شانۆی ئەزموونگەری کوردی، ئەگەر لای بارزان عوسمان لەسەرەتای ئەو ئەزموونە لەڕێگەی گرۆتۆفسکیەوە جەستەی ئەکتەر بووە خەونی گۆڕان، ئەوا لای شەماڵ عومەر ئەو جەستەیە بەرەو ئەزموونێکی فەلسەفی و ئیستاتیکی دەبردرێت، دواتر ئەو تیپە دوو ئەزموون لەشانۆی ژوور بەرهەم دێنن، ئەوەش ئەزموونکردنە لە شوێن و دەرچوونە لەبیناسازی شانۆ و گۆڕینی شێوەی باوی جولەی شانۆیی، ئەو





ئەزموونە بوو بە ئاراستەیەکی دیاری نێو گوتاری شانۆی ئەزموونگەریمان، زەمینەیەکی بنیاتنا بۆ شانۆی ئەزموونگەری کە کاریگەری بەسەر تەواوی تێگەیشتنی ئەزموونکاری بەجێهێشت، ئەگەرچی دواتر دەسبەرداری تێگەیشتن بوو لەسەر دەقی جیهانیەوە بۆ کەلەپووری کوردی، لەڕێگەی نمایشەکانی (لەچاوەڕوانی سیامەند) و(ئەوەل سەحەرە) بەلاّم ئەو تێگەیشتنە ڕاستە ئاشت بوونەوە بوو لەگەڵ بابەتی خۆماڵی، بەو پێیەی لەپاڵ ئەو ئەزموونە ئاراستەیەکی تر هەبوو بۆ ئەزموونگەری، کە لەڕێگەی کەلەپوورەوە دەیویست ئەزموون لە شانۆدا بکات(٤٧) ئاشت بوونەوە لەگەڵ ئەو ئەزموونە گەڕانەوە نەبوو بۆناو چەمکی کەلەپوور، وەك هەندێك وای ڕاڤە دەکەن، هێندەی شانۆی ئەزموونگەری کوردی ویستوویەتی ئەزموون لەناو دەقە جیاوازەکان بکات، چۆن (ئۆنێڵ و بیکت و ئەلبی) هەڵدەبژێرێت بۆ ئەزموون کردن، ئاواش دوای ئەوان عەبدولکەریم برشیدی هەڵبژاردووە، ئەگەر وابێت دەبێ بڵێین ئەزموونگەری ئێمە چۆتەوە سەر شانۆی عەرەبی، هەر پڕۆسەیەکی ناونانی بەم شێوەیە، کورت کردنەوەی ئەو بزووتنەوە ئەزموونکارییە، کە دوانی ڕەخنەیی لە بڕی توانای خوێندنەوە بەم ناونانە لەکۆڵ خۆی دەکاتەوە، سیماکانی ئەم ئەزموونە تەمەنی لەچوار ساڵ تێنەپەڕی، بەهۆی هاتنی دۆخێکی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابوری جیاواز، بەلاّم ئەو تەمەن کورتیە چ بۆخۆیان کە دەبێتەوە زەمینە بۆ لەدایکبوونی پڕۆژەیەکی قووڵتر

و جدی تر لە خۆر ئاوا بەناوی (لابۆری شانۆی لالش) وە چ بۆ ئەو گەنجە شانۆکارانەی لەگەڵ سەردەمی ڕاپەرین لەژێر ئەو زەمینەیەوە ئەزموونی جیاواز بە شانۆ دەبەخشن، ئەزموونێك کە بە ئەزموونکردنی شێوەیەکیتر لەڕووی کارکردن لەگەڵ دەقی ئەبسێرد بەتایبەتی بیکت لای هۆرێن غەریب سەر هەڵدەدا، کاریگەری ئەو ئەزموونە دواتر بەسەر زۆربەی گەنجە شانۆیەکان دەردەکەوێت، بەڵام ئەو ئەزموونە بەتایبەت لە شارێکی وەکو هەولێر لەناوەڕاستی نەوەدەکانەوە دەتوانێت بزووتنەوەیەکی شانۆی ئەزموونگەری بێنێتە کایەوە، کە گۆڕانی شانۆیی لەو شارەدا لەسەر دەستی ئەو ئەزمونکارانە بەرپا ببێت.

ئەوانە کە وەك نەوەی سێیەمی ئەزمونکاری دەردەکەون، نەوەیەك لەناو ڕاپەرین و شەڕی کوردی سەر هەڵدەدەن، ئەگەر ئەو پۆلین کردنەی شانۆی عیراقی بۆ شانۆی ئێمە ڕاست بێت (٤٨)، ئەوە ئەزمونکارانی شانۆ بەو شێوەیە پۆلین دەکەین، گروپی یەکەم کە بە نەوەی دامەزراندن ناویان دەبەین، بریتین لە (بارزان عوسمان، مستەفا قەسیم، فازل جاف، سەلمان فایەق) (٤٩) بەواتای ئەو ئەزمونکارانە بەردی بناغەی شانۆی ئەزموونگەریمان دادەمەزرێنن. بەدوای ئەو گروپە گروپی دووەم لە هەشتاکان سەر هەڵدەدات، ئەوانە (بنیاتی دامەزراندن) ن، بریتین لە (شەماڵ عومەر، دانا ڕەئوف، کەریم عوسمان، نیگار حەسیب قەرەداغی، ئەحمەد سالار، گەزیزە، بەکر ڕەشید، میدیا ڕەئوف) پرۆژەی دامەزراندنی





شانۆیەکی ئەزمونگەری خەونی ئەو قۆناغە بووە، تەنانەت لەو نوسینانەی لەبارەی ئەزمونەکانیش نوسیویانە، چەمکی دامەزراندن خاڵێکی سەرەکی و بنەڕەتی ئەزمونەکان بووە، گروپی سێیەم گروپێکی فراوانترە لەو دوانەی پێشخۆی، بەهۆی ئەوەی بۆ یەکەمجارە کۆمەڵگای کوردی ئازاد دەبێت لەدەست دەسەلاتی داگیرکاری بەعس، ئەو گروپە نوێیە بەرهەمی دۆخێکی نوێی کۆمەڵگایە لەنێوان ڕاپەرین و شەری کوردی دێتە بوون کە بە (ئەزمونکارە نوێیەکان) ناویان دەبەین، ئەوانە بریتی نین لە ئەزمونکارانی شانۆی شارێك، بەڵکو لە تەواوی شارە کوردیەکان دەردەکەون، بۆ ناسین و خەسڵەتی ئەزمونکارە نوێیەکان کە دوا گروپی ئەزمونکاری شانۆییمانن، هەوڵ دەدەین هەڵوەستەی لەسەر بکەین.

ڕاپەرینی بەهاری نەوەت و یەك پووکانەوەی هەموو ئەو دەنگانە بوو کە کێشەی ئایدیۆلۆژی بە کێشەی سەرەکی شانۆ دەبینی، ئەگەرچی لە چوار ساڵەی یەکەمی ئەم ئەزمونە ڕاپەرین لەڕێگەی حزبەکانەوە دەرگای بۆ کۆمەڵە نمایشێکی شانۆیی کردەوە، کە تیایدا ستایشی پێشمەرگە و دڕندەیی وێنەی جەللاد دەربخات، بەڵام دوور لە تەکنیکێکی هونەری، بەڵکو نوقم لەناو هەڵچوون و دروشمی ئایدیۆلۆژی، ئەگەرچی هەر لەوکاتە چەند ئەزمونێك توانیان پێمان بڵێن، پرسیارکردن لە شۆڕش دەبێت لە پرسیاری ڕەخنەیی سەر هەڵبدات نەك لە ستایش، ئەوەش پێویستی بە عەقڵی شانۆکاری جدی هەیە، کە چۆن لەنێوان تێکست و

بۆشایی و دەرهێنانێکی ئەزمونکاریدا ئەو هاوکێشەیە چارەسەر دەکات، وەك لە شانۆگەری (مارا_صاد) ی ڕزگار ئەمین بینیمان، ئەو ئەزمونە چارەسەرێکیتر بوو بۆ بۆشایی و گۆڕینی پرسیاری شەقام بوو بۆ پرسیاری شانۆکار لە هاوکێشەیەکی هاوبەش لەگەڵ بینەردا، بەلاّم لەپاڵ ئەوەدا ئەزمونی (سەمایەکی بێ ناونیشان) ی حوسێن میسری لەڕێگەی جەستەی ئەکتەر ویستی گومانێکیتر دروست بکات،بەلاّم توانای ئەوەی نەبوو چونکە لەناو تاکە دەلالەتی یادەوەری شکست دەسوڕایەوە، چ لەڕێگەی پایسکیل یا ئاوێنە بۆ دەرکەوتنی جەستەکان، ئەوەش زەمەنێکی داخراوو جولاوی بەو نمایشە دەبەخشی.

بۆیە ڕاپەڕین توانای ئەوەی نەبوو شانۆ بێنێتە ناو پانتاییەکی جیاوازەوە، چونکە دۆخە سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابوریەکە نوقم بوو لەناو فەزایەکی ستایش ئامێز بۆ کارەکتەرەکانی شۆڕش، بەلاّم بەدوای تێپەڕینی چوار ساڵ ئیدی لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی حزبەکان، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی کوردی هاتە کایەوە، قۆناغی کۆتایی هاتنی ئەفسانەکانی پێشمەرگە و حەقیقەتی شەڕ و بەدوژمن سەیرکردنی یەکتری، زەمینەی لە دایکبوونی ڕاستەقینەی بۆ پرسیار هێنایە کایەوە، ئەو سەرەتایەش بە شانۆگەری (وێرانە) ی کامەران ڕەئوف دەستی پێکرد، کارەکتەری سەرەکی ئەم نمایشە، کارەکتەرێکی سەرەکی نێو شۆڕشی کوردیە، دێتەوە ناو شار.. شار شەڕی تیایە دوای ئەوەی تەمەنێکی لەنێو زیندان بردۆتە سەر،





دەرگای ماڵەکەی داخراوە، کلیلێکی لە گیرفانە دەرگا دەکاتەوە ماڵێکی چۆڵ هیچ شتێك وەك خۆی نەماوە، مردن و نەخۆشی هاتۆتە ناو ماڵەکەیەوە، ئەوەی وا دەکات ئەم نمایشە وەك ئەزمونێکی سەرکەوتوو شۆڕش لە پانتایەکی جیاواز نیشان بدات، بەتەنیا پەیوەست نیە بەو دەقئاوێزانیەی کە دەرهێنەر کردوویەتی، بەوەی "دەبینین لە ڕۆمانی دۆزەخ توانی بووی سوود لەو دێرە وەربگرێت کە دەڵێ "من لەئاودەست خانە لەدایك بووم" یا بەکارهێنانی ئەو دێرەی گۆگۆڵ: دایە گیان قوڕقوشمی تواوەیان کرد بە گەروومەوە"(٥٠) بەڵکو پەیوەندی سینۆگرافیا بە تاکە ئەکتەری ناو شانۆکەوە هەبوو، بەهۆی ئەوەی موفرەدەکانی سەعاتێکی کردبوو بە سینۆگرافیای نمایشەکە، ئەو سەعاتەش هەڵوەشێنرابۆوە بۆ چەند موفرەدەیەك، بۆئەوەی پێمان بڵێت "شەڕ زەمەنی کوردی هەڵوەشاندۆتەوە" لەو هەڵوەشاندنەوەو لێکترازانە کامەران ڕەئوف ئەزمونێکی جیاوازی پێشکەش کرد، ئەزمونێك پێی ووتین دەبێت تێڕامانمان بۆ شانۆ لە سیستمی ڕەخنەیی دەلالیەوە بێت.

ئەزمونێکیتر لەو ساتە وەختەدا توانی ئومێدێکیتر بە شانۆ ببەخشێتەوە، ئەویش (کارەکەرەکان) ی دلێر محەمەد بوو، ئەو ئەزمونە توانی لەڕێگەی دەربڕینە جەستەیی و دەنگیەکانەوە دوور لە کارکردن لەتەك فرە موفرەدەیی، بەڵکو جەستە و دەنگ توانای دەربڕینی فرە دەلالەتیان هەبوو، ئیدی ئەو ئەزمونە لە پاڵ چەند ئەزمونێکیتر بوونە سەرەتایەك بۆ پرۆژەی ئەزمونکارە نوێیەکان، کە لەچەندین نمایشی ناڕاستەوخۆ بانگەشەی بۆ

قۆناغێکی تری ئەزمونکاری کرد ، ئەوەش وەڵامێك بوو بۆ ئەو دەنگانەی باسیان لە مردنی ئەزمونگەری دەکرد ، بەوەی ئەزمونی نەوەی دامەزراندن کۆتایی هاتووە ، بۆیە دەبوو ئەزمونکارە نوێیەکان بەدوای ئەزمونی تر بگەڕابان. ئەو دەنگانە زیاتر لەوکاتەدا هەستی پێدەکرا کاتێ لە هەولێرساڵی ١٩٩٤ ڤیستڤاڵێکی شانۆیی سازکرا ، کاتێ شانۆگەری (خۆرکەوتن) ی ڕێبوار نوری لەناو بەرجەستەکردنی پرۆژەیەکی ئیستاتیکی و ئەزمونی ئەنجامدرا ، بەڵام پرۆژەیەك نەیتوانی هەڵگری خەونی ئەو قۆناغە بێت (٥١) بۆیە سەیر نیە کاتێ (کەلاوەی نان) ی دلشاد حوسێن خەڵاتی یەکەمی ڤیستڤاڵەکە بباتەوە ، هۆیەکی سەرەکی لەپشت ئەو خەڵاتەوە ئەوە تەنیا لیژنەی تەحکیم نیە ، بەلکو ئەوان خەڵاتی بینەران و شانۆکارانیش وەدەست دێنن ، ئەگەرچی تەکنیکێکی سادە ئەم نمایشە بەڕێوە دەبات ، بەڵام سادەبوونی توانیویەتی گوزارشت لەو قۆناغە بکات ، ئەوە نەبوونی ئەزمونی نوێ و چۆڵ کردنی گۆڕەپانە ئەزمونکاریەکە بوو وایکرد (کەلاوەی نان) بتوانێ سەرنجی هەموان ڕابکێشێت ، ئەو قۆناغە سەرەتای گومانکردنی کۆمەڵگای کوردیە لە پیاوەکانی شۆڕش ، کاتێ حەمەی عارەبانچی لە کەلاوەی نان پرسیاری دابەش بوونی کۆمەڵگا لەتەك دەسەڵات دەکات ، کە بۆچی چەوساوەو چەوسێنەر بەو شێوەیە دەرکەوێت ، لەگەڵ کۆتایی ئەم ڤیستڤاڵە دەرکەوتنی ئەزمونی جیاواز بوو بە حەقیقەت ، حەقیقەتێك دەبێت دوا نەکەوێت ، ئەگەرچی عەقڵی سەلەفی ویستی ئەو بۆنەیە بکاتە دەرفەتێك بەوەی ئەزمونگەری بەعس بۆیە قبوڵی دەکرد تا لە ڕەسەنایەتی دوورمان بکاتەوە ، بۆیە لەگەڵ





سەردەمی ڕاپەڕین چیتر پێویستمان بە شانۆیەکی ئەزمونگەری نیە ، دەرکەوتنی ئەزمونکارە نوێیەکان هەردوو گروپەکەی هەفتاکان و هەشتاکانی دڵنیا کردەوە ، کە ئەوان خاوەنی بنەمایەکی شانۆیی زانستی بوون ، ئەوەی لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە تا هاتنی ئەزمونکارە نوێیەکانیش ووترا گوایە شانۆی ئەزمونگەری کوردی شانۆیەکە لەکۆمەڵگا و کولتوری کوردی دابڕاوە ، بەو مەبەستەی وا ڕاڤەی بکەن بۆ بینەر کە ئەو شانۆیە دابڕانە لە کۆمەڵگا ، ئەوەش بەرەنجامی گەڕان و توێژینەوەیان نیە ، هێندەی هەستکردن بە مەترسیەکە کە هەڕەشەیە بۆسەر تێگەیشتنی کۆنکرێتی ئەوان بۆ شانۆ ، دەنا وەك ڕەخنەگرانی شانۆی عیراقیش بەدوای بینینی چەندین هەوڵ و نمایشی ئەزمونکاری کوردی ، ڕێك بە پێچەوانەی ئەوان دەدوێن ، زمانی ئاماژە و جولە بە یەکێك لە میکانیزمەکانی ئەزمونکارە شانۆییەکان ناو دەبەن.

ئەوەتە یەکێك لە جدیترین ڕەخنەگرانی شانۆی عیراقی بڕوای وایە کە شانۆی ئەزمونگەری کوردی "لەسەر بنەمایەکی مەعریفی دانراوە ، دیارترینیشیان هۆشیاریە بە گرفتە سەرەکیەکانی کۆمەڵگا و هەژاندنیان ، هەموو نمایشەکانیش فۆلکلۆر یان بە ڕێگای شیعریەتی شانۆیی پێشکەش کردووە ، هەروەها نمایشە ئەزمونگەریەکان هۆشیاری ئەوەیاندا کە زمانی جەستەی هونەری زمانی نواندنی باڵایە ، هەروەها هۆشیاری ئەوەیان دەرخست کە بابەتە مرۆیەکان بەتایبەت بابەتی ئامادە نەبوون یەکێکە لەو بابەتانەی کە ناخی دەروون و دەربڕین و جەستە و

زمان بتەقێنێتەوە" (٥٢) ئەوە ڕێك پێچەوانەی عەقڵی پاشماوەی سەلەفیەتە کە بە هەموو شێوەیەك بەبێ هیچ بۆنەیەك ویستویەتی هەمیشە بەدوای هەر دەرفەتێك بگەڕێت بۆ دژایەتی شانۆی ئەزمونگەری و زمانی جەستە لە نمایشەکاندا، کەچی ئەوانەی دان بە حەقیقەتی ئەزمونەکان دێنن کەسانێکن کوردیش نین، بەڵام هۆشیاریەکی ڕەخنەییان بەرامبەر بە ئەزمونی شانۆییمان هەیە، ئەو ووتەیەی (یاسین ئەلنەسیر) گەشبینیەکی قووڵی تیایە بۆ ئەزمونکارە نوێیەکان.ئەزمونکارە نوێیەکان کێن؟ پڕۆژەی ئەوان چیە لە شانۆی ئەزمونگەریدا؟ ئایا ئەوان لەوانی پێش خۆیان جیاوازن؟ جیاوازیان لەچیدایە؟ بەو پێیەی پڕۆژەی شانۆی ئەزمونگەری کوردی لە سلێمانی سەری هەڵدا، بۆیە شانۆکارانی ئەو شارە گرفتێکی گەورەیان هەبوو، بەوەی بتوانن ئەزمونی نوێتر بێننە دی، ڕزگار ئەمین بەدوای (مارا_صاد) نەیتوانی ئەو ئەزمونە کە تاڕادەیەکی زۆر دەیتوانی نوێنەرایەتی ئەزمونکارە نوێیەکان بکات، جیاواز بێت لە (بنیاتی دامەزراندن) بەڵام بەردەوام نەبوون نەیهێشت ئەو سەرەتایە هەڵگری پڕۆژەی تایبەتی بێت، تا دەرکەوتنی ئەزمونەکانی (هۆرێن غەریب) لەتەك دەقی بیکت و ئەزمونکردنی شێوەیەکی جیاواز کە دواتر لای گەنجانی شانۆکار بە شانۆی ئەبسێرد ناوی دەرکرد، ئەو ناونانە هەرگیز خزمەتی بەو ئەزمونە نەکردووە، وەك کەسانێك وای ڕاڤە دەکەن، بەڵکو زیانی گەورەی لە شانۆی ئەزمونگەری و ئەزمونکارە نوێیەکانیش داوە،





لەبنەڕەتدا هۆرێن لەو ئەزمونە دەیویست لە جولە و دەربڕینی دەیالۆگ جیاواز بێت، لەڕێگەی گەمەی زمان و جولەی میکانیکی، کورتکردنەوەی ئەو ئەزمونە بە ئەبسێرد، ئەو پرۆسەی ناونانە نەیهێشت ئەو ئەزمونە ئاراستە ئەزمونکاریەکانی خۆی دەست نیشان بکات، لەلایەکی تریشەوە قبووڵ کردنی ئەو ئەزمونە لەلای شانۆکارانیتر وایکرد خەسڵەتی جیاوازی ئەزمونەکان بسردرێتەوە، هەموو نمایشەکان بەهۆی ئەو ستایلە لەیەك بچن (بورهان غەفور، گۆران عەلی کەریم،پێشرەو حوسێن) هەریەکەیان توانی لەو نێوەندە لەنێو ئەو ستایلە دەربکەون، ئەگەرچی بورهان زیاتر هەست بەو کاریگەریەی دەکرا، بەتایبەت لە (سیکراب خانە) گۆران و پێشرەو هەوڵیان دەدا لەو بازنەیە دەرچن، بەتایبەت ئەو کاتەی ویستیان ئەو ئەزمونە بگوازنەوە سەر دەقیتر، وەك لە ئەزمونکردنیان لەتەك دەقی سادقی هیدایەت بینیمان. (بورهان غەفور) لە ئەزمونی (کەڤاڵی پەپوولە) ویستی پێودانگێکی جوانکاری زاڵ بکات بەسەر فەزای بێهودەیی و ناجێگیری بنتەر، بەوەش ئەو ئەزمونە زیاتر لە بێهودەییەوە بەرەو سەما و جولەی جەستە هەنگاوی دەنا، بەڵام هەموو ئەو ئەزمونانە لە تێگەیشتنێکی ئەزمونکاریەوە لەناو سیستمێکی شانۆیی کۆدەکرانەوە، بەوەی بۆئەوەی ئەزمونکار بین دەبێت بڕوامان بەو ستایلە هەبێت، تا (هۆرێن غەریب)و (هیوا فایەق) لە "وێنەی هونەرمەند لەتافی لاوێتیدا" ئەزمونێکی جیاوازیان پێشکەش کرد، ئەزمونێك بەرەو

سادەبوونەوەی زمان هات، زمان لە بونیادێکی پێکهاتەیی بەرەو ئاستی ئاخاوتن هەنگاوینا، سیستمی ڕێکخەری نمایش بەرەو هەڵوەشاندنەوە بۆ بەر لە ڕێکخستنەوەی نمایش چوو، ئەگەرچی لە (پێکەوە لە بەهەشتدا عەسرێ) ویستیان گۆرانکاری لە تێگەیشتنی ئەزمونکاری (بنیاتی دامەزراندن) بکەن، بەوەی گەر پرسیاری شانۆ چیە؟ لای نەوەی بنیاتنان بریتی بێت لەوەی شانۆ وێنەیەکی ئیستاتیکیە کە هەڵگری دەلالەتی فەلسەفی بێت، ئەوا لە (پێکەوە لە بەهەشتدا عەسرێ) وەڵامی ئەو پرسیارە گۆڕانی بەسەردا دێت بەوەی "نمایش هەوڵێك نیە بۆ خولقاندنی ئەو وێنەیە، بەڵکو گەڕان و قسەکردنی بەشداران لەپێناو خولقاندنی چەمکە، جەستەی ئەکتەر ڕووبەرێك نیە بۆ دامەزراندنی پەیوەندی دەلالی لەناو وێنەدا، بەڵکو کوتلەیەکی بزاوتە دەیەوێ لە ئەنجامی پرسیار و گەڕان بەرەو ڕابردوو خوێندنەوەی جیاواز ببەخشێت" (٥٣) ئەو ئەزمونە لە نمایشی (دەستێ جلی تر ڕەش ڕەش) کۆتایی بەخۆی هێنا، کاتێ نمایش ڕێکخەرێکی نیە، ئامادە نەبوونی ئەکتەری ڕاگرتنی میزانسینی پەیوەندیە دەنگیەگان، دەکرێ ئەوەش بۆ وون بوونی (هیوا فایەق و شوان عەتوف) لەو ئەزمونە بەدی بکەین، دواتر (ڕزگار ئەمین)و (لاوان عوسمان) کەوتنە مومارەسەکردنی شێوەی هەمان ئەزمون، ئەوەش هەڵگری هەر بیانویەك بێت، بەڵام دەتوانێ ئەو ڕاستیەمان بۆ دەربخات، کە لە ئەزمونی ئەزمونکارە نوێیەکان هەمیشە (هۆرێن غەریب)





توانیویەتی ئەزمونێك بەرهەم بێنێت کەدواتر ئەزمونەکە ببێت بە ستایلی باو بۆ شانۆکاران. نەك هەر بۆ شانۆکاران لە سنوری شارێکەوە، بەڵکو هەمیشە کاریگەری ئەزمونە شانۆیەکانی سلێمانی بەسەر شانۆکارانی هەولێرەوە دیار بووە، لەکاتێکدا بزووتنەوەی ڕەخنەیی لە سلێمانی بەو شێوەیەی هەولێر ئامادەیی نەبووە، بەواتایەکیتر زۆرترین ئەو قەڵەمانەی لەبواری ڕەخنەی شانۆیی نووسیویانە لە هەولێر بوونە، لەکاتێکدا بزووتنەوەی شانۆیی لەناویشیاندا شانۆی ئەزمونگەری کوردی لەژێر کاریگەری شانۆکارانی سلێمانیەوە پەڕیوەتەوە هەولێر. ئەو کاتانەی لەسەر پرۆژەی ئەزمونکاری لای شانۆکارانی هەولێر دەوەستین، جێگەی نیگەرانیە کە تێکستێکی نووسراومان نیە، تاوەکو پشتی پێببەستین، تابزانین ئەزمونکاریەت لە چ ساتەوەختێك و لە ئەزمونی چ شانۆکارێك سەری هەڵداوە؟ ئایا بووە بە پرۆژە؟ ئێمە بەهۆی نەبوونی تێکستی نووسراو ناتوانین بەرەو وەڵامی ئەو پرسیارە بچین، بەڵام دەشێ پرسیارێکیتر لەخۆمان بکەین: ئەی ئەو هەموو نوسینەی کە بەناوی ڕەخنە نووسراوە بۆچی لەسەر شانۆی ئەزمونگەری لەو شارە نەدواون؟ ئەو پرسیارە حەقیقەتی ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە ڕەخنەی نووسراو هێندەی بەدوای گواستنەوە و گێڕانەوەی نمایشەوە بووە بەهیچ شێوەیەك لەخەمی ئەوەدا نەبووە بەدوای ئاشکراکردن و خوێندنەوەی سەرەتاکانی ئەو هەوڵە هەنگاو بنێت، هەر خوێندنەوەیەك بۆ سەرەتاکانی ئەو شانۆیە کرابێت ئەوە لەلایان

ئەزمونکارانی شانۆ خۆیان ئەنجامدراوە، نەك لەلایان ئەوانەی ناویان لەخۆیان ناوە ڕەخنەگر. بەدوای دامەزراندنی (تیپی شانۆی ئەزمونگەری کوردی) شانۆکارانی هەولێر (تیپی شانۆی ئەزمونگەری هەولێر) دادەمەزرێنن، بەڵام ئەو تیپە هێندەی لەناو ئەبستراکتی شانۆوە دەژییێت، هێندە خەونی ئەزمونی نیە، هەر لە (شێتەکانی ئەم ڕۆژگارە) تادوا ئەزمونی بەناوی (شێت و قەدەر) بۆیە لەدایکبونی ئەو تیپە تا مردنیشی توانای ئەوەی نیە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی پرۆژەی ئەزمونکاریەت، نەبوونی پڕۆژە یەکێکە لە خەوشەکانی شانۆی ئەزموونگەری لە هەولێر، نەبوونی پڕۆژە بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانرێ چەند هەوڵێکی ئەزموونکاری وەك سەرەتایەکی جدی سەیر بکرێت، لەوانە (سالیر و مۆزارت) ی فواد جەلال و (سیناریۆی شانۆگەریەکی ژەهراوی، کەمانجەی ڕۆچێڵد) ی کەریم عوسمان، هەروەها لەسەرەتای ڕاپەڕین شانۆکار (فواد جەلال) هەوڵی ئەزموونێکیتری دا بەناوی (ئەمیبای کەلاوەکان) کە بەداخەوە نەك نەیتوانی پڕۆژە بەرپا بکات، بەڵکو نمایشیش نەکرا، ئەو ئەزموونە بەهۆی ئەوەی ئێمە وەك ئەکتەرێك بەشدار بووین لەگەڵیدا هەوڵێکی جیاواز بوو، بەتایبەت لەڕووی ئامادە بوونی دەنگ، ئەگەرچی وێنە شانۆیەکان جێگیر بوون و هیچ گۆڕانێکی تیا نەدەکرا، ئەوە سەرباری لاوازی لەئاستی تەکنیکی وێنە، بەڵام هەوڵێك بوو لە نمایش کردنی دەیتوانی کاریگەری لەسەر هەوڵ و تەقەللای ئەزموونکاری ئەو نەوە نوێیەی ڕاپەڕین بەجێ





بێلێت، بەتایبەت بۆ ئەو هەولاّنەی کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، لەسەر دەستی کۆمەڵە لاوێکی شانۆکار کە لەناو گروپێك ڕێکنەخرابوون دەستی پێکرد، کە هەریەکەیان بەپێی خەون و خولیای خۆی بۆ شانۆی ئەزمونگەری کار دەکەن، کە دەتوانین پۆلینیان بکەینە سەر دوو گروپ، گروپی یەکەم پێکهاتوون لە (مەهدی حەسەن، سدیق حوسێن، کرمانج مستەفا) ئەوانە متمانەی سەرەکیان لەسەر فەزای بێهودەیی و دەقەکانی بنتەر و بیکتە، بەتایبەت (مەهدی حەسەن) لە شانۆگەری (خۆڵەمێش) ی بیکت، ئەو گروپە توانیویانە ئەزمونەکەیان بگوازنەوە بۆ دەقیتر دیارترینیان (کرمانج مستەفا)لە (وەنەوز) ئەگەرچی هەندێك ئەزمونی ئەوانە لەناو کۆلاژی ئەزمون دەرکەوتووە کەمتر توانیوانە ئەزمونەکە هێلێك و سیستمێکی دیاری هەبێت، هەندێك جار پرۆسەی ناونان ئەزمونەکەی لەناو پرۆژەیەکی ناتەواو هێشتۆتەوە، (فرمێسکەکانی مۆم)ی سدیق حوسێن لەمۆنۆدرامایەکەوە بانگەشەی بۆ ئەزمونێکی سەربەخۆ بەناوی (شانۆی سات) کرد، بەڵام ئەو شانۆیە چیە بنەماکانی چین لای دەرهێنەرەکەش تیۆریزەی بۆ نەکراوە، ئەگەرچی ئەزموونی سدیق حوسێن تا ڕادەیەکی زۆر لە ئەزموونی ئەوانیتر ناچێت بەهۆی ئەوەی ئەو زیاتر بەرەو ئیشکردن لەسەر چەمکی سات کاری کرد، بەڵام ئەو چەمکە وەك ئاماژەمان بۆ کرد لەناو نمایشەکاندا مایەوە، پرۆژەکانی ئەو لەناو یۆتۆپیایەك دەمێننەوە کە سدیق لەناو خەیاڵی خۆیدا

دەیانهێلێتەوە، گواستنەوەی ئەو ئەزموونە لە یۆتۆپیاوە بۆ واقعێکی شانۆیی توانای خولقاندنی ئەزموونی نوێی هەیە، بەلاّم ئەو کارە ڕەنگە سالاّنێکی زۆرتر و پالّپشتێکی زۆری بوێت، بەتایبەت بوونی کەسانی بە ئاگا لەو پرۆژەیە، نەك متمانە کردنە سەر چەند گەنجێکی سەرەتایی کە توانای ئەوەیان نیە لەپرۆژەی شانۆیی تێبگەن، ئەگەرچی (بەبەرد بوون)ی مەهدی حەسەن پێی ووتین کە ئەزمونکاریەت لای ئەوان پرۆژە نیە، بەلّکو لە چەند نمایشێك زیاتر نیە، چونکە ئەو شانۆگەریە ئەزمونکردن نەبوو لەناو دەقی کلاسیکی هێندەی کورتکردنەوەی تێکستێك بوو لەڕووی بونیادی درامی و کارەکتەر و زەمەنەوە. لەگەلّ هەموو ئەمانەشدا ئەزمونی ئەوانەی ناومان بردن بەتایبەت مەهدی و کرمانج ئەزمونێکە پێشتر (هۆرێن غەریب) دەستپێشخەری تیا کردووە، گروپی دووەمیش بریتین لە (نیهاد جامی، کاسترۆ مەجید، تەحسین فایەق) ئەوانەش بایەخی سەرەکیان زیاتر بە جەستەی ئەکتەرە تەحسین فایەق لە (مەرگ و تارماییەکان، برا کوژی، خەونی دەرگا، سەمای خۆشەویستی، نەفرەتی هەمیشەیی) لەلای نیهاد جامی لە ئەزمونەکانی (لەمالّێکدا، ئەفسانەی ڕێگای هات و نەهات، سەفەرەکانی پەشیمانی، عەبا، یادەوەری جەستە) کاسترۆ مەجید وەك ڕەخنەگرێك کاریگەری هەبوو بۆ خوێندنەوەی بەشێکی زۆری ئەو ئەزمونانە بەتایبەت بۆ بانتۆمایمەکان. دیارە لە نێوان ئەو دوو کۆمەلّەی کە بە دوو گروپ پۆلینمان کردن، ڕەخنەگر حەیدەر





عەبدولرەحمان بڕوای وایە کە دوو لەو شانۆکارانە ئەزمونی ئەوان بەرەو فەلسەفە دەچێت "بە تایبەت ئەو فەلسەفە و ئایدیۆلۆژییانەی کە پەیوەست بوونێکی پتەویان بەبیرو کێشەی بینەرەوە هەیە، وەك سدیق حوسێن لە —فرمێسکەکانی مۆم- دا و نیهاد جامی لە —عەبا- دا خستیانە ڕوو، تاچەند ئەوەندەی بینەر بە ڕۆح ئاوێتەی وێنە شانۆییەکان دەبێت، ئەوەندەش گوتارە شانۆییەکان بخوێنێتەوە" (٥٤) پێویستە ئەوەشمان بیر نەچێت کە ئەو ئەزمونانە تەمەنیان لە دەسالّ تێنەپەڕی بەمانای لە ١٩٩٥ دەستی پێکرد و لە ٢٠٠٥ کۆتایی هات. شانۆ لە دهۆکیش هەمان شێوەی هەولێری هەیە، بەلاّم ئەوەی ئەوان جیا دەکاتەوە بایەخدانی ئەوانە بە شانۆی رامیاری، بەلاّم شانۆیەك نەك بە مانا (بسکاتور) یەکەی، بەلّکو بە تێگەیشتنێکی رامیاری جیاواز، تێگەیشتنێك نوقمە لەناو فکری ناسیۆنالیستی، دیارترین ئەزمونیش شانۆگەری (هاملێت) ی زیاد عابدە، کە لەو ڕاڤەکردنەی (یان کۆت) بۆ ئەو کارەکتەرە پێمان دەلّێت هاملێت نەخۆشی شیزۆفرینیای هەیە، زیاد عابد لەو شیزۆفرینیایە قوولّ دەبێتەوە، هاملێت دەبێت بە دوو کارەکتەر، بەهۆی جیاکردنەوەی ڕەنگەوە هەریەکەیان گوزارشت لە ئایدیاکانی دەسەلاّتی کوردی دەکات، هاملێتێکی سەوز و هاملێتێکی زەرد، ئەو گۆڕینەی شیزۆفرینیا بۆ مانایەکی دەست نیشان کراو هەموو دەلالەتێکی فەلسەفی شکسپیر دەکوژێت، دەیەوێ لەپشت ڕاڤەکردنی شیزۆفرینیەوە

گوتارێکی ئایدیۆلۆژی دەست نیشان کراو بدات بەدەستەوە، وە لەڕێگەی هێنانی ئالاَی کوردستان دەیەوێ چەمکێکی ناسیۆنالیستی بە شانۆگەریەکە ببەخشێت، وەك چۆن شانۆگەری (لافیتە) ی محەمەد عەلی ئەتروشی سەر بەهەمان تێگەیشتنە، بەلاَم لەناوەرۆکدا جیاوازە بەهۆی ئەوەی ئەم نمایشە دەیەوێ لەرێگەی لافیتەوە شەهید بێنێتە ناو ئێستای ژیانمان وەك چۆن لەڕێگەی تیرۆریستەوە ئەم نمایشە دەبێتە وێنەیەکی کۆپیکراوی هەوالَی ڕۆژانەی سەتەلایتەکان. ئەوەی بتوانێ ئەو ئەزمونانە بگەیەنێتە وێنەیەکی بالاَ ئەوە (مەسعود عارف) ە، لە شانۆگەری (شەمەندەفەر) ئەگەرچی ئەو پێشتر لە (خەونی شێتەکان) هەمان گرفتی هەبوو، بەلاَم لە (کورتیەك ژ جەنگێ) هەولێدا ئەو ئەزمونە بباتە ئاستێکی فراوانترەوە، تا لە (شەمەندەفەر) دەتوانێ خۆی لەو گرفتانە دەرباز بکات، ئەویش بەهۆی گۆڕینی ئاماژە لە تاکە دەلالەتێکەوە بۆ فرە ڕەهەندی مانا (٥٥) ئێمە بەهۆی ئەوەی مەبەستمان نووسینەوەی مێژووی ئەو ئەزمونانە نیە، بۆیە ناچارین زۆر ئەزمونیتر فەرامۆش بکەین، تەنیا ناچار دەبین لەسەر ئەو ئەزمونانە بوەستین کە کاریگەرییان لەسەر ڕەوتە ئەزمونکاریەکە بەجێ هێشتووە. بۆیە بەر لەکۆتایی دەمانەوێ لەسەر ئەزمونکاری لە شانۆی کەرکوك بووەستین، پرۆژەی ئەزمونکاریەت لای شانۆکاری کەرکوکی پرۆژەیەك نیە لە بۆشاییەوە هاتبێت، ئەوە بەو مانایە نا کە شانۆیەکی ئەزمونگەری لەو شارەدا بوونی هەبوو بێت، بەلَکو بەو





مەبەستەی کە هەولَی ئەزمونکاری هەبووە، ئەو هەولاَنە نەیانتوانیوە کاریگەری بەدوای خۆیان بەجێ بێلن، بەتایبەت کە نەبوون بە نووسین و تێکست، هەروەها هەندێك هەولَی کوردی لەو شارە، کە ئەو هەولاَنەش شانۆیەکی ئەزموونگەری نەبووە، هێندەی ئەزمونکردن لە لایەنێکی نمایشێك زیاتر مەبەست بووە، نەك لەوەی تەواوی کارێکی ئەزمونگەری وەك لای (سەلمان فایەق) بەدیکراوە، ڕەخنەگری شانۆی عیراقی (عواد علی) لە ١٩٧٣ لە شانۆگەری (ئەنتیگۆنا) ی ژان کۆکتۆ و دەرهێنانی سەلمان فایەق ئەکتەر بووە، ئاوا باس لەو ئەزمونە دەکات "دەرهێنانێکی هاوچەرخ بە جل و بەرگێکی نوێ، لە ڤیستڤالَی تیپەکانی چالاکی قوتابخانەکان لە بەغدا بەبۆنەی رۆژی جیهانی شانۆ نمایشکرا، تاماوەیەکی دوور نەمزانی ئەوەی دەرهێنەر کردبووی پەیژەیەکە لەچوار چێوەیەك کە ناسراوە بە ئەزمونگەری لە شانۆدا" (٥٦) دیارە لەو ئەزمونەدا ئەزمونکاریەت لای سەلمان فایەق وەك دەردەکەوێت زیاتر لەڕووی جل و بەرگەوە ئەزمونکار بووە، کە ویستویەتی جل و بەرگێکی هاوچەرخانە بێنێتە ناو دەقێکی کلاسیکی، بەلاَم وەك ڕەخنەگر ئاماژەی بۆ دەکات پرۆژەکە لە ئەزمونیتر بەردەوامی نەبووە. شانۆی ئەزمونگەری لە کەرکوك شانۆیەك بووە نەیتوانیوە بوونی هەبێت بەهۆی ئەو دژایەتیە سەختەی بەعس بۆ هەر چالاکیەکی کولتوری لەبەرامبەر ئەو شارەدا پەیڕەوی کردووە، شەڕی نەتەوەکان لەو شارەدا پرۆژەیەکی داڕێژراوی بەعس بووە،

پرۆژەیەك ڕێگەی نەداوە شانۆ بتوانێ بەرەو پێش بڕوات، ئەوەش ترس بووە لەوەی شانۆ توانای گۆڕانكاری لە كۆمەڵگادا هەیە، هەر بۆیە لەعیراقی هەشتاكانی بەعسدا لە شارۆچكەیەكی وەكو چەمچەماڵ یا دەربەندینخان شانۆ زۆر پێشكەوتووترە لە كەركوك، بەرهەمەكانی (تیپی شانۆی ئەزمونی چەمچەماڵ) لە هەشتاكان و بەشداری كردنیان لە ڤیستڤاڵە شانۆیەكانی سلێمانی گەواهی ئەو ڕاستیەن. ئەوەی دەبێتە سەرەتای پڕۆژەی ئەزمونكاریەت لای شانۆكارانی كەركوك لەگەڵ ئازاد بوونی ئەو شارە لەدەست بەعس و كۆتایی دەسەڵاتی بەعسە، چونكە ئەو قۆناغە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تەوژمێكی ئەزمونكاری، سەرەتا لەلایان كۆمەڵە لاوێك ئەزموونگەری خەونێك بوو بۆ شانۆیەكی جیاواز، بەڵام ئەو خەون و خولیایە لەناو پرۆژەیەكی تیۆری ڕێك نەخرابوو، ئەوەش ببووە هۆی ئەوەی سیماكانی ئەو ئەزموونە دەرنەكەوێت، هێندەی ویستویەتی لەناو جیهانی بێهودەیی ئەزموون بكات، دواتر بە دامەزراندنی (تیپی شانۆی ئەزمونگەری كەركوك) توانرا سیماكانی ئەو ئەزمونە دەست نیشان بكرێت، كە ئەزمونێكە پشت بە ئەزمونكارە جیهانیەكان دەبەستێت بە تایبەتی ئارتۆ و گرۆتۆڤسكی، ئەوە جگە لەوەی دەركردنی شانۆ لە بیناسازی تەقلیدی و هێنانی بۆ شوێنە جیاوازەكان خاسیەتێكیتری ئەو ئەزمونانەی تیپی شانۆی ئەزمونگەری كەركوكە وەك لە (پرۆڤەیەكی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) لە قشلە و (خاچ) لە شانۆی





ژوور و (سەگ و دەف) لە هەیوانی ڕێكخراوی هونەرمەندان و (زولێخا لە خەونی یوسفدا) لە قەیسەری قەڵا، (هاملێتی كەركوك) لەیەكێك لە خانووەكانی قەڵا. لە بەشەكانی دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەزموونەكانی ئەو تیپە.

لێرەدا دەگەینە ئەوەی ئەزموونی ئەزمونكارە نوێیەكان كە دوا نەوەی ئەزموونكاریی ڕەوتی ئەزموونگەریمانن لە شانۆدا دەتوانین ئەوە دەربخەین كە ئەو نەوەیە توانیویەتی لەسەر ئەزمونی نەوەی بنیاتی دامەزراندن خاسیەتی ئەزمونكاری نوێ بێنێتە كایەوە. چەمكی ئەزمونگەری و گۆڕینی مانا و سەر لەنوێ بارگاویكردنەوەی چەمكەكان یا بۆ ئامادەبوونی جەستەی ئەكتەر لە ڕووبەری نمایشدا وە چ لە ئازادكردنی شوێن و دەرچوون لە بیناسازی ئیتاڵی و هێنانی شانۆ بۆناو شوێنەوار و شوێن و پانتاییە كراوەكان، هەروەها ڕزگار كردنی شانۆ لە پانتایی دەست نیشان كراوی تێكستە شانۆییەكان ئەزمونێكی تری ئەزمونكارە نوێیەكانەو پرۆژەیەكی بەردەوامی ئەزمونكاریەتە بۆ هاتنە دەرەوە لەناو سنوری دەق و ئازادكردنی خەیاڵی شانۆكار لەپێناو پشكنین و دۆزینەوەی نهێنیەكان، ئەوەش لەلای نەوەی بنیاتی دامەزراندن دەستی پێكردو ئەزمونكارە نوێیەكان وەك چەمكێكی ئەزمونكاریەت درێژەیان پێدا، زەمەنێكی نوێیان لەنمایشەكان بنیاتناوە كە زەمەنی ئەزموونكاری شانۆكاری كوردە.

# ئامادةبوونى شانؤى بيهوودةيى
# لة ثرؤذةى شانؤى ئةزموونطةرى كورديدا

کاریگەری شانۆی بێهودەیی لەسەر شانۆی ئەزموونگەری کوردی چیە؟ چۆن ئەو کاریگەریە دەست نیشان دەکرێت؟ ئایا ئەو کاریگەریە بۆتە هۆی ئەوەی پەیوەندیەك لەنێوان شانۆی بێهودەیی و شانۆی ئەزموونگەری بێنێتە کایەوە؟ ئەو پەیوەندیە لەسەر چ ئاستێکی تیۆریدا دەردەکەوێت؟

دەرکەوتنی شانۆی بێهودەیی چەند پەیوەست بوو بە دۆخێکی دەروونی مرۆڤی خۆرئاوایی دوای جەنگ، کە بەها کۆمەلآیەتیەکان لەناو کۆمەڵگادا کەوتن، هێندەش ئەو دۆخە گومان و پرسیاری جیاوازی هێنایە بوون، کە لێدان بوو لە گوتاری خۆشنوودی مرۆڤی خۆرئاوایی، ئەوە پێویستی بە زمان و دارِشتنەوەیەکی جیاواز هەبوو، بۆیە دەرکەوتنی شانۆگەری (لە چاوەڕوانی گۆدۆ) بە تەنیا هەوڵێك نەبوو بۆ نووسینی دەقێکی شانۆیی جیاواز، بەڵکو بۆخۆی مانیفێستێکی شانۆی بێهودەیی





بوو کە ئەو شانۆیە توانی هەڵگری قۆناغێکی نوێ بێت کە داوی ئەو نوسەرانی وەکو (یۆنسکۆ، ئەلبی، بنتەر) بتوانن کۆڵەگە پتەوەکانی ئەو شانۆیە درووست بکەن، بەلآم با ئەوەش بەسەرماندا تێنەپەڕێت ئەو شانۆیە پڕۆسە هاودژ و جیاوازەکەی ئەزموونکردن بوو لە دەقەوە، نەك لە دەرهێنانەوە، بەلآم ئەوە تێڕوانینە ئەزموونکاریەکانی دەرهێنەرەکان بوو شانۆی بێهودەیی بە زمانێکی نوێ بینی لەناو دەقەکان کە بتوانرێ بە قوولّی ئەزموونی ناتەبای تیا ئەنجام بدرێت، هەر بۆیە زۆر لە دەرهێنەرە ئەزموونکارەکان ئەو دەقانە بووەتە سەرچاوەی سەرەکی پڕۆژە ئەزموونکاریەکانیان و شانۆی ئەزموونگەری لەو دەروازەوە ئەزموونی دیاری پێشکەش کردووە، بۆیە کاریگەری ئەو شانۆیە لەسەر شانۆی ئەزموونگەری کاریگەریەکە لەسەر ئاستی پەیوەندیەکی هاوبەشە، شانۆکاری ئەزموونگەر سەر بەهەر نەتەوە و ڕەگەزێك بێت پەیوەندی تەنیا بە ساتی گەڕان و پشکنینە بۆیە کاتێ ئەو کاریگەریە بەسەر هەوڵە ئەزموونگەریەکانی شانۆکاری کوردەوە دەردەکەوێت دیاردەیەکی سرووشتی و تەنانەت زانستیشە، چونکە لە تێگەیشتنی مەعریفی شانۆوە لەدایك بووە.

ئەو کاریگەریە بەسەر هەوڵە سەرەتایەکانی شانۆی ئەزموونگەری کوردیەوە دەرنەکەوتووە، بەلآم لە قۆناغی دووەم (قۆناغی دامەزراندن) (٥٧) سەرەتای ئەو کاریگەریە بە ئەزموونی (ڕۆژی سێیەم لە چاوەڕوانی

گۆدۆ) دەردەکەوێت، ئەو ئەزموونە تەنیا پرسیاری جدی لەسەر کۆنسێپتی ئەزموونگەری نەخولڤاندووە، بەڵکو دەرفەتی بۆ گوتاری ئیستاتیکی و خولڤاندنی چێژ لە شانۆدا بنیات ناوە، (٥٨) کە بوونە زەمینە بۆ ئەزموونی دوای خۆیان، بەتاییەت بۆ ئەزموونەکانی قۆناغی دواتر، ڕەنگە پرسیاری ئەوە بێتە پێشمانەوە: بۆچی چاوەڕوانی گۆدۆ دەبێتە زەمینەی گوتاری ئەزموونگەری شانۆکاری کورد؟ ئەگەرچی ئێمە لەسەرەتا ڕوانینێکمان لەم بارەیە خستە ڕوو، بەڵام دیسان لەو پرسیارە خۆمان نادزینەوە، چونکە پرسیارێکە لەساتێکی وادا بوونی ڕەوایەتی خۆی هەیە، بەڵام بەر لە وەستان لەسەر ئەو پرسیارە، دەمانەوێ ئاماژە بەوە بدەین، ئێمە هێندەی بەدوای وەڵامی کاریگەری ئەو شانۆیە دەگەڕێین، هێندە مەبەستمان گفتوگۆ کردن نیە لەسەر هەر هەوڵێکی دواتر درابێت، تەنیا لەڕووی گۆڕینی هەندێك بنەما نەبێت، کە دواجار بەدژی ئەو هەوڵە ئەزموونگەریە کەوتۆتەوە، چونکە پڕۆسەکە لە بنەڕەتدا هێندەی پرۆسەیەکی ئەنتۆلۆژیە کارێکی بیبلۆگرافی نیە. بەداخەوە تا ئێستا هەندێك کەس توانای ئەوەیان نیە جیاوازی لە نێوان ئەنتۆلۆژیا و بیبلۆگرافیادا بکەن، هەر توێژینەوەیەك کە پرۆژە ئەنتۆلۆژیەکە لەسەر چەند هەوڵێك بناسێت بە بیبلۆگرافیا ناو دەبەن، لەکاتێکدا بۆچوونێکی تر هەیە لەبەرامبەر ئەو توێژینەوانە گلەیی هەیە بە بیانووی ئەوەی هەندێك هەوڵ فەرامۆش دەکرێن، ئەو بۆچوونەی تر بۆخۆی وەڵامە بۆ





بۆچوونی یەکەم، چونکە ئێمە لە بنەڕەتدا کاری بیبلۆگرافیامان ئەنجام نەداوە تا ناوی هەموو بەرهەمەکان بێت، دیارە کاری بیبلۆگرافی بەو مەبەستە ئاماژەی بۆ ناکەین کە لە گرنگیەکەی کەم بکەینەوە، ئێمە ناتوانین بە پرۆژەیەکی ئەنتۆلۆژی هەڵبستین بەبێ بوونی ئارگۆمێنت و بیبلۆگرافیا، هەندێکجار گلەییەکان لە نیازخراپیەوەن، پێویستە تەمی گومانیان بڕەوێندرێتەوە، هەندێکجاریش بۆچوونی خاکیانە و لە دڵسۆزیەوەیە، ئەوانەش پێویستیان بە لەسەر وەستانە، لەو بۆچوونەی شانۆکارێك دەری دەخات کە ئێمە هەندێك هەوڵی شانۆکارانی چەند شارێك فەرامۆش دەکەین، نموونە بە چەند هەوڵێك دێنێتەوە، دیارە هەر پرۆژەیەك لەژێر هەر ناوێکی ئەزموونگەری ئەنجام درا، مەرج نیە ئەزموونگەری بێت، پێویستە بپرسین ئەو نمایشە لەچی ئەزمووگەرە؟ بە چ پێوەرێك ئەزموونگەریە؟ لەکاتێکدا هەر ئەو شانۆکارە دەنووسێت "هەندێك لە گەنجەکان ئیغرابوون بەم ڕێبازە، هەندێك کاری کرچ و کاڵیان ئەنجامدا سەریان لە خۆیان و لە بینەرانیش شێواند" (٥٩) لێرەوە گرفتی میتۆدی ئێمە لەتەك ئەو نووسینانە دەردەکەوێت، هەندێك نمایش ناتوانن سنوری ئەزموونگەری دەربخەن کەچی لەلایان کەسانێکەوە بە ئەزموونگەری ناو دەبرێن، لەکاتێکدا بە هەوڵە ئەزموونیەکان دەووترێ کاری کرچ و کاڵ، دیارە ئەوەیان پەیوەندی بە ئاگایی میتۆدی و مەعریفەی تێگەیشتن لە شانۆوە هەیە، بۆیە ئەو کەسانە کەمتر گلەییان

لیٚ دەکریٚت، بەلاٚم هەمیشە ئەو هەلاٚنە پیٚویستیان بە ڕاست کردنەوە هەیە، نابیٚت هەلّە میتۆدیەکان بەسەرماندا تیٚبپەڕیٚت، با لیٚرەدا هەر هیٚندە لەسەر ئەو تیٚگەیشتنە بووەستین و بگەڕیٚینەوە بۆ پرسیارە سەرەکیەکەی بابەتەکەمان.

ئەوەی دەبیٚتە هۆکار بۆ هەلّبژاردنی دەقەکەی بیکت بۆ شانۆی ئەزموونگەری، بەتەنیا لەسەر ئەو بنەمایە نەبووە کە ئەوە دەقیٚکی ئەزموونیە، بەلّکو ئەو دەقە بەر لەهەر ئاماژەیەکی نیٚو واقیع، دەقیٚکی جیاوازە لەڕیٚیسای نووسینی دەقی درامی کە بە یاسای ئەرستۆیی ناسراوە، وەك چۆن بیٚبەهاکردنی ئەو ئومیٚدەی داهاتووە، بەتالّکردنەوەی وەهمی موقەددەسە، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی ئەوەی ئەو هەلّبژاردنە ببیٚت بە زەمینەیەکی بە ئاگا، بەوەی بزانیٚت ئەزموون لەسەر چ دەقیٚك دەکات، بەوەی شکاندنی ئەو ئومیٚدەیە و گۆڕینیەتی بە بیرۆکەی چاوەڕوانی، بۆیە لەو پرۆژە ئەزموونکاریەدا (شەمالّ عومەر) بەتەنیا هەلّناستیٚ بە پڕۆژەی جاڕدان وەك هەندیٚك وای ناو دەبەن، بەلّکو بە پیٚچەوانەوە، ئەو زۆر بویٚرانە دوو گۆڕان لەناو زەمەنی بیکت دەکات، یەکەمیان بەهۆی زیادکردن لەسەر ناونیشانی دەقەکە، بە زیاد کردنی (ڕۆژی سیٚیەم) ئەوەش تەنیا لەڕووی ناونانەوە نیە، بەلّکو ڕۆژیٚکیتر دەخاتە سەر هەردوو شەوەکەی دەق، بەواتای دەرگایەکیتر بەسەر چاوەڕوانی دەکاتەوە، کردنەوەی ڕووناکیەکە





بەسەر دوو شەو، بەلاٚم چی لە مەسەلەکان دەگۆڕیٚت، ئەوە پاریٚزگاریکردنە لەفکری بیکت.

دووەمیان سەرباری لادانی بوزو و لکی لە دەقەکە، گۆڕینی فلادیمیٚر و ئیستراگۆنە لە دوو کوڕەوە بۆ دوو کچ، ئەوەش گۆڕینی ڕەگەزیە، بەواتای چۆن بیکت بڕوای وایە لەهەردوو شەوەکەدا چاوەڕوانی دوو کارەکتەرەکە بیٚهودەیە، بەهەمان شیٚوەش (شەمالّ عومەر) پیٚمان دەلّیٚت هیچ شتیٚك توانای نیە لەبیرۆکەی چاوەڕوانی بگۆڕیٚت "ئەوەش دووپاتکردنەوەیەکی فەلسەفەی چاوەڕوانییە، لەو ڕوانگەیەوەی کە چاوەڕوانی کردەیەکی مرۆڤیانەی بیٚ مەودایە و هەموو مرۆڤیٚك دەگریٚتەوە" (٦٠)

تیٚکشکاندنی زمان لە شانۆی بیٚهوودەیی هۆکاریٚکیترە بۆ هەلّبژاردنی ئەو دەقانە لە پڕۆژەی شانۆی ئەزموونگەریمان، ستراتیژی ئەو پڕۆژەیەش بنیاتنانی زمانیٚکی نوێیە لە ڕیٚگەی تیٚکشکاندنەوە.. زمانیٚکی ویٚنەیی بۆ کارەکتەر بنیات دەنیٚت، زمانیٚك بە (چیرۆکی باخچەی ئاژەلاٚن) ی دانا ڕەئوف ئەو زمانەی ئیٚدوارد ئەلبی دەگوازیٚتەوە بۆ ژووریٚك، ئەوەش ئەو ڕاستیەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە شانۆی ئەزموونگەری کوردی هیٚندەی ڕووبەرە تیٚکشکاوەی زمان لە شانۆی بیٚهوودەیی توانای ئەزموونکردنی تیاهەیە، دەقیٚکی درامی بە پیٚی یاسای ئەرستۆیی بەو شیٚوەیە ناتوانیٚ کاریگەر بیٚت لەسەر ئەو پڕۆژەیە، تەنانەت وەك تیٚبینی دەکەین، ئەزموونی (لەچاوەڕوانی سیامەند) چەندە بابەتیٚکە گوزارشت لە ڕۆحی

**کوردی دەکات، بەڵام سەرەنجام ئەوە بیرۆکەی چاوەڕوانی و ڕۆحی لەبن نەهاتووی شانۆی بێهوودەییە کاریگەری لەسەر ئەو پڕۆژە و هەوڵە ئەزموونکاریانە دادەنێت، چونکە ئەو سێ ئەزموونە چەندە دەبنە زەمینەی گۆڕینی گوتاری شانۆییمان لەو قۆناغەدا، بەهەمان شێوەش دەرگایەك دەکەنەوە لەسەر پەیوەندی ئەزموونگەری بە شانۆی بێهوودەیی، جێگەی نیگەرانیە تا ئەمڕۆی لەگەڵدا بێت نووسینێکمان نیە لەسەر ئەو پەیوەندیە، لەکاتێکدا ئەو پەیوەندیە بە بنەما زانستی و پتەوەکانی شانۆی ئەزموونگەری کوردی دادەنرێت، چونکە بەدوای ئەو قۆناغە و هاتنی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوریماندا، هەندێ هەوڵ درا بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندیە بە ئاقاری تردا ببردرێت، بۆ ئەوەی سنووری ئەزموونەکانی پێشوو تێپەڕێنێت، ئەگەرچی کارکردنەکە زیاتر لەسەر دەقی بیکت بوو، کارەکەش زیاتر لەلایان (هۆرێن غەریب) ەوە ئەنجامدرا، دەیویست زمان و چوارچێوەیەکی تر بۆ ئەو شانۆیە درووست بکات، بۆیە هەڵسا بە تێکشکاندنی وێنەی دەنگی زمان و گۆڕینی بە نووزە کردن لەلایان کارەکتەرەوە، سەرەتا لەڕووکەشدا توانی ڕۆڵێکی هەڵخەڵەتێنەر ببینێت لە بەرپاکردنی فۆڕمێکی نوێ، بۆیە بەشێکی شانۆکارانی گەنج کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو ئەزموونە، هەوڵیاندا بەو شێوەیە کار بکەن، بەڵام هەموو ئەو هەولانە نەك نەبوونە ئەزموونی جدی، بەڵکو بەدژی خۆیاندا شکایەوە، چونکە نەیانتوانی لە کرۆکدا**





**بونیاد و پێکهاتەی پڕۆژەکە بخەنە ڕوو، بۆیە پڕۆژەکە لەچەندین نمایشی جیاواز درێژ بۆوە، بەڵام (هۆرێن غەریب) هەستی بەوە دەکرد کە ئەوە ئەزموون نیە، بەڵکو پەتایەکە و ئەو بەرپای کردووە، بۆیە بەتەواوی پاشگەزبوونەوەی خۆی لێ ڕاگەیاند، ئەمجارە بەرەو پاشگەزبوونەوەی تر هات کە ئەوەش دیسان وەك پەتایەکی کوشندەتر خۆی دەخاتە ڕوو، هەرگیز ناشتوانین وەك ئەزموونی شانۆیی تەماشای بکەین، ئەوە بەتەنیا دیدێکی ئێمە نیە، بەڵکو هۆرێن لەهەموو کەس باشتر هەست بەو کارەی خۆی دەکات بۆیە دەڵێت "من هیچ ڕۆژێك بەشێوەی ئەزموونگەری کارم نەکردووە" (٦١)**

**ئەو دەستەواژەیە گومان کردنە لەتەواوی ئەو ئاگاییە شانۆییەی شانۆکارێك دوای تەمەنێك لە کارکردن دەیخاتە ڕوو، کە بەرهەمەکانی لەلایان کەسانێك وەك ئەزموونی جیاواز سەیر کراوە و هەندێك دوای کەوتوون، کەچی ئەو هەست دەکات ڕۆژێك بە شێوەی ئەزموونگەری کاری نەکردووە، ئەزموونکار نەبوون هەستێکە وات لێ دەکات زیاتر وێنەی سیحربازێك ببینیت، لێرەدا لە پەیوەندی باسەکە لە نێوان شەماڵ و هورێن جیاوازیەکی جەوهەری دەست نیشان دەکەین، لەسەر ئەو تێگەیشتنەی مارتن ئەسلن کە دەڵێت "بەبێ نوێ لە ڕاڤەکردنی دەقە شانۆیەکاندا و ئەو ڕێگایانەی هەنگاومان پێ دەهاوێژن و بابەتە نوێکان و شێوازی نواندنە تازەکان، شانۆ وەك هەر شێوەیەکی هونەری هەڕەشەی**

وەستان و مردنی لێ دەکرێت، وای لێ دێت بینەر تووشی بێزاری بکات" (٦٢) مارتن ئەسلن لە ستراتیژی نوێگەریدا بوونی ئەزموونگەری وەك پێویستیەکی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژی و تەکنەلۆژی دەخاتە ڕوو، لێرەوە تێدەگەین ئەزموونگەری لای شەماڵ عومەر بەرەنجامی تێگەیشتنە لەو ستراتیژە، بەوەی ئەزموونگەری پرۆژەیەکە بۆ شانۆیەکی نوێ، بەلام لای هۆرێن غەریب ئەزموونگەری شتێ نیە بۆ گۆڕان، بەڵکو کاری شانۆی ئەو دەچێتەوە سەر پرۆژەیەکی سوونەتی ناو شانۆ، ئەوەش پەیوەستە بە نەبوونی ئەو ئاگاییە شانۆییە کە هۆرێن تووشی لەبیرچوونەوە دەکات کە لە ڕابردوودا لەسەر کارە شانۆیەکانی خۆی بۆچوونی چی بووە، چۆن لەناوەندە شانۆیەکەدا بۆچوونەکان ڕاڤەکراون و ئەمڕۆش ئەو پاشگەزبوونەوەیە بەرەو چ ئاقارێکی کۆمیدیمان دەبات.

ئەو هەولانەی دواتر نەیان توانی گۆڕان لە بنەماکانی قۆناغی دامەزراندن بەرپا بکەن، بەڵکو هەر لەناو پەراوێزی هەوڵە بەراییەکاندا مانەوە، ئەگەرچی هەوڵی (پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ) (٦٣) ڕەتکردنەوەی دەیالۆگ بوو لە بیکت، وازهێنان بوو لە هۆڵی شانۆ و ڕووکردنە پەیژەیەکی مۆزەخانەیی و بە جەستەی هەشت ئەکتەر بە ئەنجام گەیەنرا، ئەو هەوڵە پرۆژەیەك بوو تیایدا کۆمەڵە ئەکتەرێك دەیانویست پرۆڤە لە دەقەکەی بیکت بکەن، بە ئاوێتەکردنی یادەوەری کوردی تیایدا دوو قوربانی چاوەڕوانی زەمەنی کوردی گرتبووە خۆی، کە زەمەنی





ئەکتەرەکان بوو، کەمانجەژەن و سەربازێك، موفرەدەکان بریتی بوون لە پارچە قوماشێکی فراوان لەسەر پەیژەکە و جەستەی ئەکتەر لەتەك ئەو قوماشە دەلالەتی لە زەمەنی بێهوودەیی دەکرد.

لە کۆتایدا دەتوانین بگەینە وەلامی ئەو پرسیارانەی سەرەتا دەستمان پێی کرد بەوەی کاریگەری شانۆی بێهوودەیی لەسەر شانۆی ئەزموونگەری کوردی، کاریگەریەکی مەعریفی و میتۆدیە، بەهۆی ئەوەی ڕاستەوخۆ ئەزموونی لەسەر دەقی بێهوودەیی کردووە، دەست نیشان کردنی ئەو کاریگەریەش بەتەنیا لەسەر ئەزموونی قۆناغی دامەزراندن نەبووە، بەڵکو لەلای ئەزموونکارە نوێیەکانیش ئەو کاریگەریە بە قووڵی دەبینرێت، ئەو کاریگەریە توانیویەتی پەیوەندی لەنێوان شانۆی بێهودەیی و شانۆی ئەزموونگەری بێنێتە کایەوە، دەتوانین لە ئاستی تیۆری ئەوە دەست نیشان بکەین کە ئەو پەیوەندیە بریتیە لەوەی شانۆی ئەزموونگەری کوردی پرۆژەیەکە لەنێوان شانۆی بێهودەیی و ئەزموونی وێنەیی موتوربە کراو بە ئارتۆ و گرۆتۆفسکی، بەهۆی ئەوەی ئەو دوانە کاریگەریان لەسەر نەخشەی ئەو شانۆ ئەزموونگەریە هەیە، دەقی بێهودەبی لەناو ئەو پرۆژەیە چڕکراوەتەوە و ئاوێتەی بونیادی وێنەیی کراوە.

# سینۆطرافیای شانۆ
# ڕووبةریکیتر لة شانؤی ئةزموونطةری کوردی

دەرکەوتنی هەر هونەرێك پێویستی بە ڕزگار کردنە لە مانا زاراوەییەکەی، بۆ ئەوەی بتوانین لە پانتاییەکی فەرهەنگیەوە بیخوێنینەوە، چونکە مانەوەی لەناو مانا زاراوەییەکەی جگە لە ناسین وەك مانای زاراوەیی توانای نیە ڕۆشنایەك بخاتە سەر مەعریفەی شاراوە، بە تایبەت بۆ ڕۆشنبیریەکی شانۆیی کە لەناو نائامادە بوونێکی ترسناکی توێژینەوە و نووسیندا بژییێت، ئەوەی ئامادەیی هەیە ووتراوە نەك نووسراو، ووتراو شوناسێکی وەهمی خولْقاندووە، ئەوەش بۆ نائامادە بوونی نووسین دەگەڕێتەوە، گفتوگۆکان لە پانتاییەکی زارەکی لە پرۆسەی داهێنان دەدوێن، بەلاّم کاتێ دەگەینە بەردەم کتێبخانەکانمان، هێشتا کتێبخانەیەکی شانۆیی دەولّەمەندمان نیە، بۆ ئەوەی بتوانین بۆ سەرچاوە و قۆناغەکانی بزووتنەوەی شانۆیمان بۆ ئەو کتێبخانەیە بگەڕێینەوە، ئەوەی ئەنجامدراوە زیاتر هەولّی ئەدەبی بوو بۆ دەقی شانۆیی، زۆر دەگمەن





ئاوڕمان لە لایەنە هونەریەکانی شانۆ داوەتەوە، لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ئەگەرچی شانۆ لەژێر هەڕەشەدایە ئەوەی نەیهێشتووە ئەو شانۆیە بمرێت ئەوە دەزگاکانی شانۆ و ناوەندەکانی نەبوونە، بەڵکو هەولّی چەند گروپێکی شانۆیی بووە، کە لەهەر شارێك ژمارەی ئەو گروپە شانۆییانە لە دوو گروپ تا سێ گروپ تێناپەڕێت، هەندێکجار تاکە گروپێك لەشارێکدا ئومێدی شانۆیی پێداوینەتەوە، بەلاّم ئەوەی جێگەی دلّخۆشیە ئەوە بوونی چەندین هەولّی تیپ و شانۆکارانە لە پێناو بەشداریکردن بۆ بنیاتنانی کتێبخانەیەکی شانۆیی لەڕێگەی (کتێب، گۆڤار، لاپەڕەی شانۆ لە ڕۆژنامەدا) ئەگەرچی شانۆ هەمیشە پێویستی بە نمایش هەیە، بەلاّم چاپکراوە شانۆیەکانمان لە ئێستادا دەتوانن ئەو هەولاّنە بکەنە زەمینەیەکی تیۆری بۆ داهاتوو، مەبەست لەو دەروازەیە بۆ نووسین تەنیا ئەوە نیە کە ئاماژە بۆ دۆخێك بکرێت کە بەشی زۆرمان بە تایبەت ئەوانەی لە ئاستی نووسین و پراکتیکەوە کاری تیا دەکەین، دلّنیاین لەوەی گەر خۆمان ئەو کتێبخانەیە درووست نەکەین ئەوە زۆرن ئەوانەی خەون بە سووتاندنی ئەو کتێبخانەیەوە دەبینن، بە بیانوی (سەردەم سەردەمی سینەمایە.. شانۆ سەردەمی تەواو) لە ڕاستیدا ئەوە تەواو بوونی سەردەمی ئەوانە لە شانۆدا، نەك کۆتایی هاتنی سەردەمی شانۆ، ئەمڕۆ شانۆ لە کوردستان ئەگەر ژمارەی بەرهەمەکانیشی لە ئاستی پێویستدا نەبێت، بەلاّم هۆشیاریەکی شانۆیی هەیە کە خوازیاری ئەوەیە شانۆ بەتەنیا بە

کارکردنەوە نەبەستێتەوە، بەڵکو ڕۆشنبیری شانۆکار و ئاگادار بوون لە میتۆدە شانۆیەکان و شێوازە جیاوازەکانی ڕاهێنان بە وەزیفەی سەرەکی خۆی دەزانێ، یەکێك لەو باسانەی کە تا ئەمڕۆ نووسینێکمان لەبارەیەوە نیە لەناو کتێبخانەکەمان، نەك کتێبێك بەڵکو ووتارێکیش لەبارەیەوە نابینین (سینۆگرافیای شانۆیە)، سینۆگرافیا چیە؟ مانای چی دەگەیەنێت؟ ئایا مەبەست لە دیکۆرە وەك زۆرجار وا ڕاڤە دەکرێت؟ یاخود هونەرێکی سەرەکیە لە شانۆدا ئێمە نەمانتوانیوە کاری تیا بکەین؟ سینۆگرافیا چ گۆڕانێکی بە درێژایی شانۆ بە خۆیەوە دیووە؟ ئایا پەیوەندیەك هەیە لە نێوان سینۆگرافیا و شانۆی ئەزموونگەری؟ ئەگەر پەیوەندیەکی هەستیار و دیالەکتیکی هەیە ئەی سینۆگرافیا تاچەند لەناو گوتاری ئەزموونگەری شانۆیماندا ئامادەیی هەیە؟ ئەو پرسیارانە سەرەتای چوونە نێو ئەو توێژینەوەییە، لەڕێگەی ئەو پرسیارانەوە دەمانەوێ تێگەیشتنێکی فراوان لەو بارەیەوە بخەینە ڕوو، سەرەتا هەوڵ دەدەین ناسینێکی تیۆری بۆ سینۆگرافیا دەر بخەین.

سینۆگرافیا لەڕووی زاراوەییەوە بریتیە لەو شتە بینراوانەی کە دیمەنێکی شانۆیی لەڕێگەی ڕەگەزە پێکهاتووەکانی شانۆ دەخەنە بەر دیدی بینەر، ئەوانەش لەناو سیستمێکی ڕێکخەر کە خوڵقاندنی وێنەی شانۆیە کۆکراونەتەوە، ئەوەش زیاتر کاری هونەرمەندی شێوەکارە، بەپێی تەختەی شانۆکە هێلکاری دیمەنەکان دادەڕێژێت، پارێزگاری لەنێوان ڕەنگ و شتە





بەرجەستە کراوەکان دەکات، بەڵام سینۆگرافیا بەپێی مانا فەرهەنگیەکەی بەیەکگەیشتی نێوان هەردوو هونەری شانۆ و شێوەکاریە، ئەوەش خوێندنەوەی دیمەنی شانۆیە لە مانای زەخرەفەییەوە بۆ مانای فەلسەفی شانۆ کە بەزانست کردنی وێنەیە، بەواتای سینۆگرافیا بریتی نیە لە بەزەخرەفە کردنی وێنەی شانۆیی، هێندەی پەیوەندی شانۆیە بە بیناسازیە شێوەکاریەکەی (هێل، ڕەنگ، سێبەر، پنت، بارستایی) کە لەو ڕێگەیەوە دەلالەتی تر بە شانۆ دەبەخشرێت بەتایبەت لەسەر ئاستی بینین، ئەوە بەرجەستە کردنێکی تری پانتایی درامیە (٦٤) ئەگەر دەق لەڕێگەی ووشەوە بتوانێ جیهانبینی فکری نووسەر بخاتە ڕوو لەو ڕێگەیەوە بینای دەقی درامی بکات، ئەوا سینۆگرافیا پانتایەکی بینراو بەو دەقە دەبەخشێت، پانتایی خەیاڵی زمان دەگوزاێتەوە بۆ پانتایی خەیاڵی وێنە، ئەوە جیهانبینی دەرهێنەر و بە بینراوکردنی ووشەیە بۆ بنیاتنانی ئەو ئەتمۆسفێرە شانۆییە.

سینۆگرافیا بەپێی تەواوی قۆناغە مێژوویەکان بەدوو قۆناغ تێپەڕیووە، ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای دەرکەوتنی شانۆ بەتایبەت بۆ شانۆی یۆنانی، سینۆگرافیا بوونی نەبووە، بەڵکو نەبووە بە زانستی وێنە شانۆیەکە هێندەی مەبەستی زەخرەفەیی لەپشتەوە بووە، هەرچەندە دەتوانرێ ئەوە بە زەمینەیەك بۆ لەدایکبوونی ناو ببرێت، بەهۆی ئەوەی شانۆی یۆنانی لە گۆڕەپان و پەرستگا ئاینیەکان نمایش دەکرا، بۆیە

نووسەرانی شانۆی ئەو کات کە هەر خۆشیان بە کارەکان هەڵدەستان بەپێی پێویست کارەکەیان ئەنجام دەدا، ئەوەش زەخرەفە درووست کردن بوو نەك سینۆگرافیا، شانۆی ڕۆمانیش هەر بەهەمان شێوە نەیتوانی لەدیمەنی زەخرەفەیی ڕزگاری بێت، ئەگەرچی تەختەی شانۆکانیان زۆر لە شانۆکانی یۆنان مەزنتر بوو، ئەوەش وای کردبوو بایەخێکی تایبەت بە ڕازاندنەوەی شانۆکانیان بدەن، تا ئەو ڕادەیەی کە ئەمڕۆ لە تێگەیشتنمان بۆ ئەو شانۆیە ڕووبەرووی ئەوە نابینەوە "گرفتێکمان بێتە پێش بۆ ناسینی کەینونی شانۆکانی ڕۆمانی، کە زیاتر نزیك بوو لەیاریگای سێرك نەك لە شانۆی ڕاستەقینە" (٦٥) ئەوەش گەواهی ئەوەمان بۆ دەدات کە ئەو قۆناغە نەیتوانیووە بە سینۆگرافیامان ئاشنا بکات، تا دەگەینە سەردەمی ڕێنیسانس، ئەوە سەرەتای لەدایکبوونی سینۆگرافیایە، کەواتە سینۆگرافیا ڕێنیسانس لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێتە بوون.

ئەو سەرەتایە لە شانۆی ئیتاڵی دەردەکەوێت، بەتایبەت لە کارەکانی (ڕۆفائیلۆ سانزیۆ) کە هەڵدەستێ بە دیزاینی شانۆیی بۆ کۆشکە کۆنەکان، ئەوەش ڕێکخستنەوەی دیمەنی بینراو بوو، تەنانەت دەتوانین بۆ دەرکەوتنی وەك ناونانیش بگەڕێینەوە بۆ ئەو مێژووەی کە پێی ناسرابوو "لە ٦ ی مارتی ساڵی ١٥١٩ لەهۆڵێکی مەزنی فاتیکان ڕۆفائیلۆ بە ئیلهامی خۆی دەیەوێ دیمەنی شاری فیرارا نیشان بدات، یەکێك لە میوانەکان لەبەرامبەری وەستاو پرسی ئەو نیگار کێشانە چی دەکەن؟





لەوەڵامدا پێی ووترا ئەوانە خەریکی سینۆگرافیان" (٦٦) لێرەدا لەوە تێدەگەین کە چ وەك کارەکە یا وەکو ناونان ئەو مێژووە سەرەتای هاتنە ئارایەتی، بەتێڕوانینی ڕۆشنبیرانی سەردەمەکە توانراوە درووست کردنی شارەکان زۆر جوانتر دەربکەوێت لەوەی هەیە، جوانترکردنی شوێن پەیوەست بووە بەو خەیاڵە ئیستاتیکیەی کارە شانۆییەکە ویستویەتی، دیارە سەردەمی ڕێنسانس هۆکاری سەرەکی ئەو دەرکەوتنە بوو، ئەوەش بەرەنجامی ئەو سەردەمەیە، چونکە لەناو ڕۆحی ئەو سەردەمە هەڵێنجراوە، بەبێ ڕێنیسانس سینۆگرافیا نەدەهاتە بوون، چونکە "ڕێنیسانس بەتەنیا دووبارە ژیاندنەوەی کۆن نەبوو، یا نوێکردنەوە و لاسایکردنەوەی بێت لە وێنەیەکی نوێدا، بەڵام ویستی شانۆ ببەستێتەوە بە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، کە سەرهەڵدانی لە هەڵێنجانی ڕێنیسانس و درووست کردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان بوو لەنێوان مرۆڤ وەك کارکردن لەگەڵ یەك و ڕەفتار و هەڵسوکەوت، شاری ڤینسیا کە شکسپیر بۆ ناونیشانی کۆمیدیاکەی (بازرگانی ڤینسیا) ی هەڵیبژارد، مەڵبەندێکی شارستانی شانۆیی ئەوێ بوو" (٦٧) بەهۆی ئەوەی ڕێنیسانس بەتەنیا گەشەسەندنێك نەبوو تەنیا لە تاکە وولاتێکی وەك ئیتاڵیا بێت، بەڵکو تەواوی ئەورووپای گرتبۆوە، بۆیە لەگەڵ خۆیدا سینۆگرافیا بەتەواوی شانۆی ئەورووپی ئاشنا بوو، بەتایبەت لەسەدەی ١٧ لەو سەدەیەدا دیارترین گۆڕانکاری لە دیمەنەکان کرا، سەرەتا پەردەی پێشەوەی شانۆ بە

چەندین شێوەی جیاواز بەکار دەهێنرا، ئەوە جگە لە پەردەی ناوەوە کە وێنەی لەسەر دەکرا بۆ ئەوەی وەك دیمەنی تر بەکار بهێنرێت، بەواتای شانۆ چەند دیمەنێکی جیاوازی وێنە کێشراوی بەخۆیەوە دەبینی.

ئەو بنەمایە بووە هۆی ئەوەی سینۆگرافیا بەپێی گەشەسەندنی ژیار و تەکنەلۆژیا گۆڕان بەخۆیەوە ببینێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ سینۆگرافیا تەنیا لە شانۆی ئەوروپیدا دەرکەوت، قۆناغی دووەمی دەرکەوتنی سینۆگرافیا بەرەنجامی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتیەی دوای جەنگی دووەمی جیهان بوو، کە شانۆی بێهودەیی تیایدا لەدایك بوو، سینۆگرافیا تیایدا زانست و مەعریفەیەکی بینراوی شانۆیی بوو، بووە ڕووبەرێکی سیمیۆلۆژی لەکاری شانۆیدا، ئەوەش ڕزگار کردنی بوو لەهونەری تەکنیك و کاری زەخرەفەیی، چونکە "بینین کاریگەری فەلسەفی لەسەر پەیوەندی جەستە بە پانتایی و بە بیناسازی شوێن و بە بونیادەکانی نێو وێنەی شانۆیی بەجێ دێلێت، ئەوەش وا دەکات سینۆگرافیا لەڕوویەکدا پانتایی شانۆ بگۆڕێتە سەر زەمەنێکی ئەفرێنەر، بەوەی پانتایی زەمەنی نمایش بێت" (٦٨) شێواندنی هەستی مرۆڤی خۆر ئاوایی دوای جەنگ قۆناغی نوێی سینۆگرافیای پێ هاتە بوون، تا بوو بە بەشێك لەکاری دەرهێنان، ڕۆڵی گرنگی وای کرد ئەمڕۆ وەك بنەمایەکی دەرهێنانی شانۆیی سەیر بکرێت، دیارە لەدایکبوونی سینۆگرافیا بەتەنیا دیدێك نەبوو بۆ شانۆ، بەڵکو لە ئەمڕۆدا جیاوازی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ ئەو مانایەی





کەلەسەردەمی ڕێنیسانس هەبوو، بەهۆی ئەوەی لە "سەردەمی ڕێنیسانس تەکنیکی نیگارکێشان بوو، بەمانای نیگارکێشان و ڕەنگ کردنی قووڵایی تابلۆ بوو، کەچی سینۆگرافیا بەمانا تازەکەی کەشفکردنە نەك خوڵقاندن" (٦٩)

لەم گۆشە نیگایەوە ئەگەر بڕوانینە شانۆی عەرەبی دەبینین دەرکەوتنی سینۆگرافیا دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، سەرەڕای ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ نەیتوانی لەکاری زەخرەفەیی ڕزگاری بێت، لەشانۆی عیراقیشدا هەر بەهەمان شێوەیە جیاوازیەکی ئەوتۆ نابینین، تەنانەت تا شەستەکانی سەدەی ڕابردوو سینۆگرافیا دەرنەکەوتووە، دەکرێ دەرکەوتنی ڕاستەقینەی بۆ شانۆی وێنەیی لەهەشتاکان بگەڕێنینەوە، بەڵام لێرەدا نابێ ڕۆڵی داهێنەرانەی (کازم حەیدەر) لەبیر بکرێت، کە توانیویەتی بەرەو پێشچوونێك لەم شانۆیە بێنێتە دی.(٧٠)

هەرچی سەبارەت بە شانۆی کوردیە، ئێمە سینۆگرافیامان تا بیست ساڵی دوایی سەدەی بیستەم نەناسیووە، لەهیچ ووتارێکی ڕەخنەیی ئاماژەی بۆ نەکراوە، تا دەرکەوتنی شانۆی ئەزموونگەری، بەهۆی ئەوەی ئەزموونگەری کوردی لەژێر کاریگەری شانۆی وێنەیی هاتۆتە دی بۆیە ئەو سەرهەڵدانە بووە بە دیاردەیەکی سرووشتی ناو شانۆی ئەزموونگەریمان، کە دەتوانێ لە کاری زخرەفەیی دەربازی بکات، ئەوەش گۆڕینە لە فەزای کاری خۆماڵی بۆ پانتایی فکری شانۆی بێهودەیی، ئەگەر دەقی کوردی زیاتر ویستویەتی

لەسەر فۆلکلۆر کار بکات و بە دیمەنێکی نیگارکێشراو ڕازی بووە کە هەمیشە وێنەی سرووشت بووە بۆ گوزارشت کردن لە لادێ، ئەوەش کاری تەکنیکی نیگار کێشان و بە زەخرەفە کردنی دیمەنەکە بووە (٧١)، کەچی شانۆی ئەزموونگەری ئەو دیدەی گۆڕی بۆ بەخشینی مەعریفە بە وێنەی شانۆیی، دیارە لەپاڵ ئەو کارە شانۆی ئەزموونگەری کوردی بەپێی قۆناغەکان ویستویەتی سینۆگرافیا وەك هونەرێکی سەربەخۆی ناو دەرهێنان دەربخات، لێرەدا نموونە بە شانۆگەری (وێرانە) ی کامەران ڕەئوف (٧٢) دێنینەوە، سینۆگرافیای ئەم نمایشە کاتژمێرێکە، بەلاّم کاتژمێرێکی هەڵوەشاوە، هەر لەو سەرەتایەوە فەلسەفەی نمایشکە دەخرێتە ڕوو بەوەی گەر کاتژمێر دەلالەت لە زەمەن بکات، هەڵوەشاندنەوەی پێمان دەڵێت زەمەنی کوردی هەڵوەشاوەتەوە، بەتایبەت بۆ ئەم نمایشە، چوار چێوەی کاتژمێرەکە بووە بە هەریەکە لە (دەرگای ماڵ/ قەفەسی زیندان) وەستانی میلی کاتژمێرەکانیش ئاماژەیە بۆ وەستانی زەمەنی دوو گروپی شەڕکەر، وەك چۆن باندۆڵی کاتژمێرەکان بریتی بوون لە چوار باندۆڵ ئەوانیش هەریەکەو ڕەنگێکی تایبەتی بۆ داناوە، کە هارمۆنی بوونی هەریەك لەدوو باندۆڵەکە گوزارشتە لە قۆناغێکی شەڕی کوردی، دواتر تەواوی بەشە هەڵوەشاوەکانی سینۆگرافیاکە تێکەڵی مۆسیقایەکی سەما ئامێز دەبن، ئاماژەی بیستراو دەبێتەوە بەشێك لە داهاتووی کارەکتەر، وەك چۆن ڕابردووی کارەکتەر





بریتیە لەو دیکۆمێنتانەی نێو ماڵەکە، کەسینۆگرافیا لەم نمایشەدا زمانی سەرەکی شانۆیە.

لێرەدا دەگەینە وەلاّمی پرسیاری سەرەتا لەبارەی سینۆگرافیا کە مەبەست لە دیکۆر نیە، هێندەی هونەری بینین و پێکهاتە دەنگی و بینراوەکانە، پەیوەندی نێوان شانۆی ئەزموونگەری و سینۆگرافیا پەیوەندیەکە هەمیشە سینۆگرافیای بەرەو پێشەوە بردوو، شانۆی ئەزمونگەری کوردیش هەر بەهەمان شێوە سینۆگرافیای هێنایە بوون، ئامادە بوونیشی هەر بۆ شانۆی ئەزموونگەری دەگەڕێتەوە، ئەوە نەك بەتەنیا لەسەر ئاستی شانۆی کوردی، بەڵکو لەشانۆی کەرکوکیشدا سەرباری شانۆی جیاوازی نەتەوەکان، بەلاّم سینۆگرافیا لەگەڵ دامەزراندنی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك هاتەدی، هەر لەسەرەتای کارەکانی ئەو تیپەوە سینۆگرافیا چ وەك پڕۆسەی ناونان لە مانا زاراوەییەکەی چ وەك مانا فەرهەنگیەکی لە شانۆدا ئەو تیپە ئەزموونگەریە هێنایە دی، ئەوەش گەواهیەکی تری پەیوەندی سینۆگرافیایە بە شانۆی ئەزموونگەری.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**

(١) هونەرمەندی عەرەب (ئەحمەد سەخسووخ) لە ووتارێکدا بەناوی (فەلسەفەی شانۆی ئەزموونگەری) دەڵێ: تیۆری گۆڕان لای داروین سەرەتا پەڕیەوە نێو بواری پزیشکی لەسەر دەستی (کلۆد برناد) دواتر (مانیە و مۆنی) لەهونەری شێوەکاری بەکاریان هێناوە، (ئەمیل زۆلا) ش هێنایە ناو ئەدەبەوە، مجلە الکویت، العدد ٨٤ سنە ١٩٨٩

(٢) المسرح التجریبي في العراق/ سامي عبدالحمید- شفیق المهدي، افاق عربیة العدد ٣ اذار ١٩٩٢

(٣) هەمان سەرچاوە

(٤) ئەزموونی پەیدابوونی شانۆ بۆ میسریەکان دەگەڕێتەوە، سەرەتا شانۆی واقیعی و ڕۆمانسی ڕووبەرێکی گەورەی ئەو ئەزموونە گواستراوەی داگیر کرد، بۆیە نووسینەکانی (ماروون ئەلنەقاش و ئەحمەد شەوقی) کە دیارترین نووسەری شانۆکانی ئەو سەردەمە بوون کەوتنە بەر ئەو کاریگەریە، بەلاّم دواتر بوونە خاوەنی چەندین نووسەر و دەرهێنەر و ئەکتەری درەوشاوە لەوانەش (فاتمە ڕوشدی، یوسف وەهبی، تولەیمات، یوسف ئەلحەکیم) بەو پێیەی عیراقیش لەپاڵ میسر بە شانۆ ئاشنا بووە، ئەگەرچی هەندێك لەتوێژەران پێیان وایە پێش میسریەکان عیراقیەکان شانۆیان ناسیووە، دیارە دیارترین شانۆکارانی عیراق لە سەرەتادا پێکهاتبوون لە (حەننا حەبەش، نەعوم ئەلسەنحار، محمد خاڵس حوممادی، حەقی ئەلشیبلی)





(٥) بڕوانە ئەو چاوپێکەوتنەی هونەرمەند شەماڵ عومەر لەگەڵ ئەو هونەرمەندە سازی کردووە، لە: پاشکۆی عیراق، ژمارە (٣٤) ١٩٨٨/٥/٤

(٦) الحیاە العدد ١٢٩٨٤

(٧) هەمان سەرچاوە

(٨) ئەوەش لەو پۆلین کاریە وەرگیراوە کە هەردوو شانۆکاری عیراقی سامی عەبدولحەمید و شەفیق ئەلمەهدی کردوویانە

(٩) المسرح التجریبي فی العراق/ هەمان سەرچاوەی پێشوو

(١٠) بقعة ضوء.. بقعة ظل/ یاسین النصیر، دار الشؤون الثقافیة (بغداد) ١٩٨٩

(١١) ناوبردنی ڕەسەنایەتی بەوەهم بەتایبەت لە قۆناغی هەشتاکان پەیوەندیی بەوە هەیە کە ڕەسەنایەتی کورت کراوەتەوە لەناو فۆلکلۆر و جل و بەرگی کوردی و حەیران و گۆرانی ئەوەش شوناسی کولتوری لە شانۆ دەسەنێتەوەو مۆزەخانەیەکی ئەتنۆگرافی بەرهەم هێنا.

(١٢) بەرەو شانۆیەکی ڕەسەن/ شەماڵ عومەر، شانۆکار ژمارە (١) بەهاری ٢٠٠٧، لا ٣١

(١٣) گوتاری تایبەتمەند بەرەنجامی گەڕان و پشکنینی تیۆری و پراکتتیکە دیارە شانۆی ئاهەنگسازی کوردی وەك ئەزمونێك و هەروەها پرۆژەی شانۆی ئەزموونگەری کوردی توانای بوونە گوتارێکی تایبەتمەندی نەبووە، بەلاّم ئەو گوتارە لای شەماڵ عومەر لەئەزموونەکانی داهاتووی لەبەرەنجامی پشکنین و گەڕانەکانی توانی گوتار و خاسیەتی تایبەتمەند ڕابگەیەنێت لە ڕێگەی (لابۆری

شانۆی لالش) ، بۆ زیاتر شارەزابوون لە ئەزموونەکانی ئەم لابۆرە بڕوانە مەلەفێکی تایبەت لە گۆڤاری شانۆکار، ژمارە (١) ی بەهاری ٢٠٠٦

(١٤) شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەنموونە وەربگرین، ئەو شۆڕشە لەکاتی سەرکەوتنی دەرگای لەکۆمەڵە پرۆژەی شانۆیی داخست، ئەو ئەزموونانە دواتر بوونە خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆیان لە نەخشەی شانۆی ئەزموونگەری، دیارترینیان ئەزموونەکانی (تایرۆف، مایەرهۆلد، ئەخلەبکۆف) بوون، بەتایبەت شانۆگەریەکانی مایەرهۆلد سەرەتا شۆڕش دەرگای شانۆکەی داخست، هۆکارەکەش ئەوە بوو لە ئازادیدا فەوزایەك دەخوڵقێ کە ئەندامەکانی کۆمەڵ تێکەڵ دەبن، میلان کۆندێرا ووتەنی (هەندێ قۆناغ هەیە لەمێژوودا شاعیر و جەللاد دەست لەناو دەست تێیدا حوکم دەکەن)

(١٥) لەپێشەکی وەرگێڕانە عەرەبیەکەی کتێبی (کۆتایی مێژوو) ی فۆکۆیاما وەرگیراوە

(١٦) هەندێ کەسی ئەرشیفیستی بەناوی ڕەخنەوە پێیان وایە بەوەرگێڕانی ووتارێکی بیست ساڵ لەمەوبەر دەیسەلمێنن شانۆی ئەزموونگەری سنوری هەیە، ئەوان کە تازەترین سەرچاوەیان چارەگە سەدەیەك بەر لە ئێستا بێت نازانین وەلامی چیان بدەینەوە، بۆیە هەقی خۆیانە گلەیی بکەن، بەلام ئەگەر ئەوان لەناو تۆزی ڕۆژنامە کۆنەکانی ڕابردوو نەخنکاون بۆچی ئەو ڕەخنەگرە ئەرشیفیانە بۆ ئەوەی بیسەلمێنن شانۆی ئەزموونگەری سنوری هەیە، لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەو بارەیەوە نانووسن، بەلام بە دڵنیاییەوە نووسینی زانستی کارێکە بەوان بەڕێوە نابردرێت، ڕەنگە بتوانن وەرگێڕانێکی سەقەت و





سەرچاوەیەکی کۆن خۆیانی پێ دڵنیا بکەنەوە، لەدەرەوەی ئەوە توانای شتێکی تریان نیە.

(١٧) دریدا لە کتێبی (تارماییەکانی مارکس) مارکس بەسەر چەند تارماییەك دابەش دەکات، مەبەست تیایدا هەڵوەشاندنەوەی سێنتەری کۆتایی مێژووی فۆکۆیامایە.

(١٨) اطياف ماركس/ جاك دريدا، ترجمة (منذر عياشي) حلب، الطبعة الاولى ١٩٩٥

(١٩) هەمان سەرچاوە

(٢٠) هەمان سەرچاوە

(٢١) مەنەلۆژە ناسراوەکەی هاملێت

(٢٢) ماركس في جسد المكتوب/ د.منذر عياشي

(پێشەکی وەرگێرانە عەرەبیەکەی دەقی تارماییەکانی مارکس)

(٢٣) شانۆی توند و تیژی لەنێوان تیئۆر و پراکتیدا/ دانا ڕەووف، ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان/ ١٩٨٨

(٢٤) شانۆی توند و تیژی لەنێوان تیئۆر و پراکتیکدا/ دانا ڕەئووف، ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان/١٩٨٨

(٢٥) یادەوەری و زەمەن/ بەختیار عەلی، ڕەهەند ژمارە (٦)ی ١٩٩٨

(٢٦) هەمان سەرچاوە

(٢٧) لەبەشی داهاتووی ئەو کتێبە دێینە سەر ئەو ئەزموونەکانی ئەو قۆناغە کە خاسیەتە جیاوازەکانی لە ئەزموونی هەشتاکان چین

(٢٨) یادەوەری و زەمەن/ بەختیار عەلی، ڕەهەند ژمارە (٦) ی ١٩٩٨

(٢٩) کۆماری قەیرەکان، نووسینی: عەبدولستار ناسر، ئامادەکردن و وەرگێرانی: نیهاد جامی، دەستنووس

(٣٠) لەش لەنێوان "دۆستی خاتوو چاتەرلی" و "میم" دا/ بەختیار عەلی، کاروان، ژمارە (١) خولی ڕاپەرین، ١٩٩٢

(٣١) هەمان سەرچاوە

(٣٢) سەرەتایەك دەربارەی غەیب بوونی عەقڵ/ بەختیار عەلی،پاشکۆی عیراق، ژمارە (١٣٧) لە ١٦/٥/١٩٩٠

(٣٣) هەمان سەرچاوە

(٣٤) زەینی نامەنهەجی و لێکدانەوەی خورافییانە/مەریوان وریا، پاشکۆی عیراق، ژمارە (١٢٦) لە ٢٨/٢/١٩٩٠

(٣٥) هەمان سەرچاوە

(٣٦) هەمان سەرچاوە

(٣٧) سەرەتایەك دەربارەی غەیب بوونی عەقڵ

(٣٨) سەرەتایەك بۆ سۆسیۆلۆژیای ئەزموونگەری/ بەختیار عەلی، ئاسۆ، ژمارە (٣٢) لە ٣/٢/١٩٩٠

(٣٩) کچ تا لە کۆمەڵگا ئازاد نەبێ و نەتوانێ بە ویستی خۆی ڕەفتار بکات، کارکردن لە نەریتی ڕۆشنبیری تەنیا دەبێ بە خەیاڵێك، ئەوێك کە کۆمەڵگا ڕێگای پێنەدا قژی بەدەرەوە بێت و پیاسە لەگەڵ کوڕێکی لێ حەرام بکات، ئەوسا دەبێ چۆن بتوانێ لە کارێکی شانۆییدا بەشدار بێت و خۆی بۆ ئەو هونەرە تەرخان بکات و لە کۆمەڵگاش نەترسێ، بە ونبوونی ڕەگەزێکی





مرۆییش شانۆ ئەو پەیوەندیە لەدەست دەدات کە بە دامەزراوێکی مەدەنی ناو ببرێت

(٤٠) ڕاپەرینی بەهاری نەوەت و یەك کەشێك و پرۆسەی ئازادی خولقاند، بەلاّم عەقلێك لەپشت نمایشەکانەوە نەبوو، بۆیە بە مەعریفە کردنی شانۆ، ڕاپەرین دەیتوانی لە کەنار دەربازمان بکات، بەلاّم نەبوونی عەقلێك لەپشت نمایشەکانەوە

(٤١) سەرەتایەك بۆ سۆسیۆلۆژیای ئەزموونگەری

(٤٢) وەك شانۆی (کابۆکی) و (نو) ی یابانی کە خاوەن شوناسی خۆرهەلاّتین و خۆرئاواش دانی بەو شوناسە ناوە

(٤٣) سەرەتایەك بۆ سۆسیۆلۆژیای ئەزموونگەری

(٤٤) هەمان سەرچاوە

(٤٥) گوتاریی ئەزموونگەریی لە ڕەوتی شانۆی کوردیدا/ دانا ڕەئوف، سوید، چاپی یەکەم ١٩٩٥، لا ٣٢

(٤٦) ئەزمونگەری و داهێنان/ دیدارێکی بەرفراوان لەگەڵ دانا ڕەئوف، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، ٢٠٠٥، لا١١

(٤٧) ئەگەرچی ڕەخنەگری شانۆی عیراقی (یاسین ئەلنەسیر) لەکتێبەکەیدا لەبارەی شانۆی کوردی بڕوای وایە شانۆی ئەزمونگەری کوردی پۆلین دەکرێتە سەر سێ باڵ ئەوانیش "پشت بەستن بە حیکایەتی میللی، پشت بە ستن بە ئامادەکردن و وەرگێڕان لە دەقی جیهانیەوە، پشت بەستن بە دەقی عەرەبی" ناوبردنی بەو سێ باڵە لەڕاستیدا پۆلین کردنێکی زانستی نیە بۆ تەواوی شانۆی ئەزموونگەری کوردی، چونکە هەڵبژاردنی دەقی عەرەبیش هەر لە نێوان ئەو

دوو ئاراستە ئەزموونكاریە پۆلین دەكرێت، چونكە باڵێكی سەربەخۆ نیە، ئەگەرچی دواتر ئەو شانۆیە پۆلین دەكات بۆ دوو جۆر بەناوی (ئەزموونگەری بە بنەمای كلاسیكی) و(ئەزموونگەری بە بنەمای نوێ) هەرسێ باڵەكە لەناو ئەو دوو ئاراستەیە كۆدەكاتەوە.

(٤٨) هەردوو شانۆكاری عیراقی (سامی عەبدولحەمید)و (شەفیق ئەلمەهدی) لە لێكۆڵینەوەكەیاندا لەبارەی شانۆی ئەزمونگەری عیراقی، ئەزمونگەری لە شانۆی عیراقی پۆلین دەكەنە سەر سێ گروپ ئەوانیش (نەوەی دامەزراندن) و (بنیاتی دامەزراندن)و (ئەزمونكارە نوێیەكان) بۆ زیاتر تێگەیشتن بڕوانە: المسرح االتجريبي في العراق/ سامي عبدالحميد- شفيق المهدي/ افاق عربيه، العدد (٣) ١٩٩٢

(49) سەلمان فایەق و فازل جاف دوو شانۆكاری شاری كەركوكن، سەلمان فایەق دواتریش ئاماژەی پێدەدەین كە لە حەفتاكان هەوڵی ئەزمونكاری داوە، هەرچی فازل جافە بەیەكێك لە دیارترین ئەزمونكارانی ئەو سەردەمە دادەنرێت، بە تایبەت ئەو كاتەی (پردی ئارتا) ی دەرهێناوە.

(٥٠) ئاماژە و هێما لە (وێرانە) دا/ نیهاد جامی،كوردستانی نوێ، ژمارە (١١٢٠) ٢٢-١٠-١٩٩٥ لا٦٢

(٥١)ئەوە تەنیا ئەو نمایشە نەبوو لەم ڤیستڤاڵە نەیتوانی هەڵگری ئەزمونێكی نوێ بێت، بەڵكو (گێژەن) ی شانۆكارانی دهۆك و (یاری حەقیقەت) ی شانۆكارانی چەمچەماڵ دوو ئەزمونی تر بوون كە لەناو پەراوێزی پرۆژەو ئەزمونی نەوەی بنیاتی دامەزرندن درێژ ببونەوە.





(٥٢)الارجوانة الحمراء/ ياسين النصير، مقال في المسرح الكردي/ موقع مسرحيون (مكتبة مسرحية)

(٥٣) ئەنتی مۆدێرنە، یان تەئویلی جیاواز بۆ مۆدێرنە/ نیهاد جامی، ئەدەب و هونەری كوردستانی نوێ، ژمارە (٣٠١) ١٢/٩/٢٠٠٣

(٥٤) شانۆی كوردی لەنێوان دوو نەوەدا/ حەیدەر عەبدولرەحمان، رامان ژمارە ٥٨، لا٢٠

(٥٥) فرە رەهەندی مانا لە ئاماژەكانی (شەمەندەفەر) دا/ نیهاد جامی، بەرایەتی ئەدەب و هونەر، ژمارە (١٧٥) ٥/٥/٢٠٠٠

(٥٦) المسرح الكردی/ عواد علی، الزمان، العدد (١٥٨٣)

(٥٧) مەبەست لە قۆناغی دامەزراندن قۆناغی هەشتاكان و زیاتر مەبەست لە ئەزموونەكانی (تیپی شانۆی ئەزموونگەری كوردی)ە.

(٥٨) ئاوێتەكردنی دەقی شانۆی بێهودەیی لەگەڵ شێوازە دەرهێنانیەكانی ئەزموونی شانۆی وێنەیی بنیاتنانی وێنەیەكی جیاوازی دیمەنە شانۆیەكەی ئێمەیە.

(٥٩) لەژێر رۆشنایی كۆنفرانسی شانۆی كوردی/ خەلیل بابە كەریم، گۆڤاری هەرێمی كوردستان ژمارە (٤٤٢) لا٥٤

(٦٠) گووتاری ئەزموونگەریی لە رەوتی شانۆی كوردیدا/ دانا رەووف، ستۆكهۆڵم (١٩٩٥) لا٩٠ (٦١) ئەوەش لەو كۆنفرانسەی دوایی لەگفتوگۆكانی ئەو بابەتەی ئێمە بەم شێوەیە باسی لەئەزموونی خۆی كرد.

(٦٢) المسرح التجريبي في العراق/ عدنان منشد، الاتحاد ٢٤/١٢/٢٠٠٦

(٦٣) ئەم شانۆگەریە بەرهەمی (تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك) بوو لە دەقی بیکت و دەرهێنانی نیهاد جامی، ئێوارەی ١٦/٣/٢٠٠٦ لەسەر قشلەی کەرکوك نمایش کرا. (٦٤) ڕەخنەگری شانۆیی (پاتریك باڤیس) پانتایی شانۆ دابەش دەکاتە سەر شەش جۆر کە ئەمانەن (پانتایی درامی، پانتایی ناوەکی، پانتایی جولە، پانتایی شانۆ، پانتایی دیمەنی شانۆیی، پانتایی دەق)

(٦٥) السینوغرافیا و المسرح الرومانی، موقع مسرحیون ١٧/٥/٢٠٠٤

(٦٦) السینوغرافیا وفن المسرح/ سامی عبد الحمید، الاقلام، عدد خاص عن المسرح، العددان (٥/٦) ٢٠٠٥، ص٦

(٦٧) سینوغرافیا المسرح عبر العصور/ د. کمال عید/ الدار الثقافیة للنشر (القاهرة) الطبعة الاولی ١٩٩٨، ص٤٨

(٦٨) لە هاملێتی کەرکوك کەس بێگوناه نیە، گفتوگۆیەك لەنێوان کاردۆ و نیهاد جامی، شانۆکار ژمارە (٢) ی ٢٠٠٨، لا٤٧

(٦٩) السینوغرافیا بین النظریة والتطبیق/ مشعل الموسی، موقع مسرح الطائف، ١٠ مایو ٢٠٠٤

(٧٠) سەبارەت بەکارەکانی ئەم هونەرمەندە لەبواری سینۆگرافیا بڕوانە: تجربتي في المسرح/ سامي عبدالحمید، دار الشؤون الثقافیة (بغداد) ٢٠٠٠، ص٣٤

(٧١) دیارە پێویستە لێرەدا شانۆی ئەحمەد سالار جیا بکەینەوە لەو شانۆیەی ئاماژەی بۆ دەکەین ڕاستە هەردووکیان لەسەر فۆلکلۆری کوردی بنیات دەنرێن، بەڵام جیاوازی شانۆی سالار لەوەدایە دەیەوێ سینۆگرافیا لە نیگار کێشانەوە بگوازێتەوە بۆ ماتریالەکانی ڕابردووی کوردی، ئەوەش گواستنەوەی ئەزموونی ژیانی ماڵی کوردیە، فەرشێك یا لبادێکی کوردی هێندەی دەیەوێ لە زەمەنی





دێرینی ماڵی کوردیەوە بدوێت هێندە پێویستی بە تەکنیك نیە، ئەگەرچی بچێتە ناو کاری زەخرەفیش، بەڵام هەر پێویستە ئەو دوانە لەیەك جیا بکرێنەوە.

(٧٢) ئەم شانۆگەریە لە ڕۆژانی ١٥-١٨/١٠/١٩٩٥ لەهۆڵی گەل لە شاری هەولێر نمایشکرا، بەرهەمی تیپی هونەری شار بوو.

**ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. | چیرۆکستان | دەق و رەخنە | حەمە کەریم عارف |
| ٢. | كركوك والتطهير العرقي | دیکۆمێنت | و: رەعد بابان |
| ٣. | مانیفێستەکانی پووچی | هۆزان | مەهدی زریان |
| ٤. | شیعری هەڵبژاردە بۆ منداڵ و گەورە | هۆزان | لەتیف هەڵمەت |
| ٥. | بەرەو شێت بوون | هۆزان | عومەر سەیدە |
| ٦. | دڵۆپە | هۆزان | یوسف لەتیف |
| ٧. | ماچ | کۆمەڵە دەق | بەکر دەروێش |
| ٨. | چاوبڕکێی سەر زورگەکان | چیرۆك | حەمە سەعید زەنگنە |
| ٩. | داوەتی کۆچەریان | چیرۆك | حەمە کەریم عارف |
| ١٠. | ناسنامەی دەق | رەخنە و لێکۆڵینەوە | د. فوئاد رەشید |
| ١١. | شرۆڤەیەك لە بازنەدا | گوتارو رەخنە | سەردار جاف |
| ١٢. | تەکنیکی گێڕانەوە لە چیرۆکەکانی مارف بەرزنجیدا | لێکۆڵینەوە | شوکریە رەسوڵ |
| ١٣. | گەڕانەوە بۆ حەیفا | چیرۆکی وەرگێردراو | ئەحمەد عارف |
| ١٤. | سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی | لێکۆڵینەوە | د. ئازاد عەبدولواحێد کەریم |
| ١٥. | لە هەردەکانی کوردستانەوە بەرەو بیابانی عەرەب | رۆمان | جەلیل محەمەد شەریف |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦. | بانێژەی خەمەکانی شارەکەم | هۆزان | بورهان بەرزنجی |
| ١٧. | عەورەتی گەڵا | هۆزان | سیروان ناشاد |
| ١٨. | هونەری رۆژنامەنووسی لە گۆڤاری نزاردا | لێکۆڵینەوە | شوان خورشید |
| ١٩. | ژوانی عەشقداری | شانۆگەری | وریا شەهاب |
| ٢٠. | ئۆپەرێتەکانی هەزارەی سێیەم | هۆزان | بورهان ئەحمەد |
| ٢١. | ئێوارەیەك نایەمەوە | هۆزان | لەتیف فاتیح فەرەج |
| ٢٢. | سیفری ئاگر | هۆزان | کەریم دەشتی |
| ٢٣. | لە روانگەی زمانناسییەوە | لێکۆڵینەوە | و:د. ئازاد ئەمین باخەوان |
| ٢٤. | گورگ | چیرۆکی وەرگێڕدراو | و: عەلی بەرزنجی– خالید مەجید فەتحوڵڵا |
| ٢٥. | زریوەی ئەستێرە دەسرازەی زامە | هۆزان | ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان |
| ٢٦. | داستانا لێدانا گازخانا کەرکووك ل سالا ١٩٦٩ | داستان | وەصفی حسن ردێنی |
| ٢٧. | دار زەیتوون | چیرۆك | فەیسەڵ تاهیر هەمەوەندی |
| ٢٨. | یاریزانی شەترەنج | رۆمان | و: محەمەد سابیر مەحموود |
| ٢٩. | ئەو وشانەی دڕ بە تاریکە شەو دەدەن | وتار | لەتیف هەڵمەت |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٠. | یوونس ئەمرە خۆشەویستیی خاک و مرۆ | هۆزان | و: ئەحمەد تاقانە |
| ٣١. | کوردو ڕەگەزی ئاری | لێکۆڵینەوە | مەلا جەمیل رۆژبەیانی |
| ٣٢. | هجرة الطائر الازرق | شعر | عباس عسکر |
| ٣٣. | دەروازەیەکی مێژوویی بۆ مافەکانی مرۆڤ | لێکۆڵینەوە | کامەران تاهیر |
| ٣٤. | ئەشکەوتی خوێن | رۆمان | سالار ئیسماعیل سەمین |
| ٣٥. | مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدەبی– رۆشنبیری | ئەدەبیات ورۆشنبیری | حەمە کەریم عارف |
| ٣٦. | منداڵێک بووم لە کوردستان | چیرۆک | و: عومەر عەلی شەریف |
| ٣٧. | خۆشنووسانی کورد | خۆشنووسی | عەبدولستار جەباری |
| ٣٨. | بەرسیلە عیشقێ بۆ خودا | شیعر | ئاوێزان نووری |
| ٣٩. | مانگ | شیعر | و: هیمەت کاکەیی |
| ٤٠. | چەمك و ستاتیکای شوێن لەئەدەبدا | لێکۆڵینەوە | سەباح ئیسماعیل |
| ٤١. | ئەرشیفەکانی عیراق | شیعر | شێخ سدیق |
| ٤٢. | ئەو نامانەی بە فرمێسک نووسراون | نامە | ئا: لەتیف فاتیح فەرەج ئاکۆ محەمەد شوانی |
| ٤٣. | هەقایەتی داپیرە | چیرۆک بۆ منالآن | و: هێمن دەلۆیی |
| ٤٤. | دەروازەیەکی مێژووییانە بۆ روداوەکەی ١٩٥٩ | مێژوو | سمکۆ بەهرۆز محەمەد |
| ٤٥. | کورد لە سێبەری خیلافەتی | لێکۆڵینەوە | |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | عەرەبیدا | | |
| ٤٦. | زەمەنێك بۆ خەم | شیعر | دانا عەسکەر |
| ٤٧. | گەلا رژاوەکان | رۆمان | و: عەلی بەرزنجی |
| ٤٨. | کچەکانی حەوا | چیرۆك | سەبریە ئەحمەد حەمە (سەبا) |
| ٤٩. | کرمەزاڵ | شیعری بیانی | و: صابر شاکر مەلوول |
| ٥٠. | گێژاو | چیرۆك | موعتەسەم ساڵەیی |
| ٥١. | ئەفسونی ئاوێنە رەشەکە | چیرۆك | حەسەن نازدار |
| ٥٢. | یارێکم هەیە لەخۆمدا | شیعر | عومەر عەبدول |
| ٥٣. | هاوارێك ...هەر لە تەم ئەچێت | شیعر | گۆریان |
| ٥٤. | شارێکی قاوەیی | کۆمەلە چیرۆك | و:عەبدولا مەحمود |
| ٥٥. | کوردو چەند بابەتێکی مێژووی | لێکۆڵینەوە | هاشم عاسی کاکەیی |
| ٥٦. | کەرکوك : شاری قەڵاو ئاگرو خوێن | لێکۆڵینەوە | عەلی مەحمود محەمەد |
| ٥٧. | گەشتێك لەنێوان مانگو دەریادا | شانۆگەری | د .عەبدولکەریم حاجی محەمەد |
| ٥٨. | شەوە خوێناویەکەی ژوورسەری دایکم | کورتە چیرۆك | محەمەد حسێن |
| ٥٩. | ئە پیری | لێکۆڵینەوە | د. ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید |
| ٦٠. | مقام و مۆزیکی فۆلکلۆری کوردی سەلاح داودە وەك نموونەیەك | لێکۆڵینەوە | هەردەوێڵ کەکەیی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦١. | رۆبن هوود | چیرۆك | و: زنار محمد |
| ٦٢. | دیوارێك و سێ نیگار | هۆنراوه | عەباس عەسکەر |
| ٦٣. | جەنگ و نێوانەکان | کۆمەڵە وتار | سمکۆ محەمەد |
| ٦٤. | پەرتەوازەکانی ئێرەو ئەوێکانی رەوان | رۆمان | عەبدولا سەڕاج |
| ٦٥. | تەمەنی مرۆڤ | چیرۆك | سەلاح ساڵح مەجید |
| ٦٦. | گوڵە مۆرەکان | چیرۆك یۆمناڵان | و/ عبدولا سلیمان |
| ٦٧. | پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت | لێکۆڵینەوە | و/ حمە کەریم عارف |
| ٦٨. | کولله | شانوگەری | محەمەد عەبدولرەحمان زەنگنە |
| ٦٩. | ئێوارەیکی شەرابی | کۆمەڵە چیرۆك | ن: ئەحمد عارف |
| ٧٠. | لە سۆراخی راستیەکاندا | سێ لێکۆڵینەوە لەبارەی راگەیاندنەوە | عەبدولا مەحمود |
| ٧١. | مێژووی نەوتی کەرکوك | لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی | فەرهاد هەمزە |
| ٧٢. | زەرە مار | نۆڤلیت | Lمحەمەد سەعید زەنگنە |
| ٧٣. | یانەی سەرکەوتنی کوردان | مێژوو | مستەفا نەریمان |



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧٤. | کەرکوك – ناوی–مێژووی کۆنی – دانیشتوانی – دەسەلاتەکانی | مێژوو | جەمیل رۆژبەیانی |
| ٧٥. | جێ پێ | کۆ چیرۆك | حمە کریم عارف |
| ٧٦. | شاعیرانی کوردستانی باشوور | وەرگێران | و . ئەحمەد تاقانە |
| ٧٧. | شوێنەواری خوینەکەت لەسەر بەفرەکەدایە | چیرۆکی وەرکێڕدراو | عەلی بەرزنجی خالید مەجید فەتحوڵلا |
| ٧٨. | نوێکردنەوەلەشیعری کوردی | لێکۆڵینەوەی رەخنەیی | د. ئازاد عەبدواحید کەریم |
| ٧٩. | لە یادنامەی کەرکوك و گەرمیانەوە | مێژوو | عومەر عەلی شەریف |
| ٨٠. | الخطاب السياسي في القنوات الفضائية الكوردية | دراسة تحليلية | حبيب كركوكي |
| ٨١. | هواجس ملونة | قصص كوردية قصيرة | جليل محمد شريف |
| ٨٢. | پلەو پایەی گیانداران لە ناو قسەی پێشینان | پەندو قسەی پێشینان | دکتۆر عەبدولکەریم حاجی محەمەد عەلی |
| ٨٣. | زامەکانی کەرکوك | لێکۆڵینەوە | سەمەد چاوشین |
| ٨٤. | زاڵگەی پردەکە | چیرۆك | سالار ئیسماعیل سمین |
| ٨٥. | لەمپەرێك لە ئاسماندا | کۆمەڵە چیرۆك | و: ئەدیب نادر |
| ٨٦. | ئەو شەوەی بە تەنها جێیانهێشت | کۆمەڵە چیرۆك | و: سابیر شاکر مەلوول |
| ٨٧. | ديوان عباس عسكر | شعر | عباس عسكر |
| ٨٨. | مستەفا بارزانی | لێکۆڵینەوە | سەردار جاف |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨٩. | خاسەی خۆڕاگر | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی |
| ٩٠. | بونیادگەری لە ڕۆشنبیری و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا | ڕەخنەی ئەدەبی | د. فوئاد ڕەشید |
| ٩١. | درەختی کەنتاوە | ڕۆمان | کەریم کاکە |
| ٩٢. | بیبلیۆگرافیای (٣٠)ی ژمارەی گۆڤاری گزنگ | بیبلیۆگرافیا | د. عەبدولکەریم حاجی محەمەد عەلی |
| ٩٣. | شاعیرەکان | ژیاننامە | محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگنە |
| ٩٤. | نامۆ | ڕۆمان | و: حەمە کەریم عارف |
| ٩٥. | ژوانگەی هونەر | لێکۆڵینەوەی هونەریی | عەبدولستار جەباری |
| ٩٦. | بونیاتی زمانی شیعری | لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی | و:د. ئازاد عەبدولواحید عەلی بەرزنجی |
| ٩٧. | ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ | چیرۆکی وەرگێڕدراو | حەمە کەریم عارف |
| ٩٨. | غمزات على مشارف التلال للقاص محمد سعيد زەنگنە | مجموعة قصصية مترجمة | إعداد ومراجعة: علي برزنجي د. آزاد عبدالواحد كريم |
| ٩٩. | ئەنتۆلۆژیای شانۆی ئەزموونگەری | | |



یەکێتیی نووسەرانی کورد
لقی کەرکوک